دێمۆکراسی بۆ ئێران    خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران

٣١ی خەرمانانی ١٣٨١    ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٠٢    ژمارە ٣٤٩    ١٥٠ تمەن


## دەست پیکردنی سالی تازەی خویندن

به کۆتایی هاتنی وەرزی هاوینو دەست پیکردنی وەرزی پاییز، قوتابخانەکانو زانستگەکان لە کوردستانو سەرانسەری ئیران دەکرینەوە. مامۆستایان، فیرکاران، خویندکارانو قوتابیان دەگەرینەوە زانستگەو قوتابخانەو ناوەندەکانی فیرکردنو فیربوون، تا سالی تازەی خویندن دەست پیٚبکەنو هاوکات لەگەڵ بەرز راگرتنی مەشخەلی زانستو رووناکی، ئەو ئەرکە میژوویییەی لە خەباتی ئازادیخوازیی گەلو نیشتمانەکەیاندا کەوتۆتە سەر شانیان، بەرەوپیش بەرن.

به بۆنەی سالی تازەی خویندنەوە، پیرۆزبایی لە هەموو مامۆستایان، خویندکارانو قوتابیانی کوردستانو ئیران دەکەینو سەرکەوتنیان لە فیرکردنو فیربوونو لە خەبات بە دژی جەهلو تاریکیو زۆرداریدا بە ئاوات دەخوازین.

"کوردستان"

# "نیگەرانمان مەبە، ئیمەش، یا سەر دەکەوین یا تۆ لەباوەش دەگرین"



شەهیدانی نەمرمان و لە سەرەوەی هەموان ئەو دوو شەهیدانە: شەهید پیشەوا (پیشەوای مەزنمان)و شەهید دوکتور قاسملوو، تازەترین و گەورەترین شەهیدمان، ئەو دووانە چاویان لە ئیمەیە. دایکی ئەو هەموو شەهیدانە، ئەو هەموو دایکە دلسووتاو و جەرگ سووتاوانە، خوشکان و برایانی ئازیز لەدەست داوانە، هەموو چاویان لە ئیمەیە. میللەتیک چاوی لە ئیمەیە. من ئیجازەم وەرگرتوە لە بەریوەبەرایەتیی حیزب و ئەو مەئمووریيەتەم پیدراوە کە ئیجازە لە ئیوە بخوازم تیکرا لەو فرسەتە میژوویییەدا کە یادی ئەو ئازیزە گەورانە دەکەینەوە، بریار بدەین، پەیمان تازە بکەینەوە لەگەل گیانی شەهیدانمان و لە پیش هەمووانیدا لەگەل رووحی پاکی دوکتور قاسملووی خۆشەویستمان، دوکتور قاسملووی گەورەمان، مامۆستامان، ریبەرمان، بەلینی دەدەین کە نیگەرانمان مەبە، ئیمەش وەک تۆ، یا سەر دەکەوین یا ئەو ئیفتیخارەمان بە نسیب دەبی کە تۆ لە باوەش بگرین.

لە وتەکانی دوکتور شەرەفکەندی (لە ریورەسمیکی تایبەتیدا بە بۆنەی شەهید بوونی دوکتور قاسملۆوە) ٢٤ی پووشپەری ١٣٦٨

### بەیاننامەی دەفتەری سیاسی
## بەبۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب

هاونیشتمانە بەرێزەکان!

خەڵکی خەباتگێری کوردستان!

لایەنگران، ئەندامانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران!

٢٦ی خەرمانانی ئەمسال بەرامبەر بە ١٧ی سیپتامبری ٢٠٠٢ی زایینی، ١٠ سال بە سەر تیرۆری دوکتۆر سادق شەرفکەندی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، فەتتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوینەری حیزب لە دەرەوەی ولات، هومایوون ئەردەلان، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئالمانو نووری دیهکوردی، لە دوستانی حیزب، بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تی دەپەری.

دوکتۆر سادق شەرەفکەندیو هاورییانی ئیوارەی رۆژی ٢٦ی خەرمانانی سالی ١٣٧١ی هەتاوی لە کاتیکدا چەند سەعاتیك بوو لە دانیشتنو کۆبوونەوەکانی ئەنتیرناسیۆنالی سۆسیالیست لە بیرلین تەواو ببوون، لە ریستۆرانیکی ئەو شارەدا لە گەل ژمارەیەك لە ئەندامانی چەند ریکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی خەریکی باس لە سەر وەزعی ولاتو پیویستیی یەکگرتوویی زیاتری هیزەکانی ئیرانی بوون لەلایەن چەند تیرۆریستیکی دەست پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئیرانەوە بە پلانو فەرمانی ریبەرانی پایەبەرزی ئەم ریژیمە درانە بەر دەسریژی گوللەو شەهید کران.

دوکتۆر سادق شەرەفکەندی دوای تیرۆری دوکتۆر قاسملوو سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران،بەرپرسایەتیی یەکەمی حیزبی وەئەستۆ گرتو لەو بەرپرسایەتیيەدا بە کارامەییو لیهاتوویی خۆی، زۆر زوو نیشانی دا کە بە راستی شیاوی جینشینیی ریبەریکی گەورەو کارامەی وەك دوکتۆر قاسملوویە. دوکتۆر سادق لەو بەرپرسایەتیيە گرنگەیدا وا شارەزایانە، شیلگیرانەو زانایانە جوولایەوە کە بە ماوەیەکی کەم، نیگەرانیی هەموو ئەو کەسو لایەنانەی رەواندەوە کە لە ئاکامی لە دەستدانی دوکتور قاسملووی ریبەردا تووشی جوری ناهومیدی ببوون. لە هەمان کاتیشدا، کۆماری ئیسلامیی ئیرانی لە گەل نائومیدی بەرەورووی کرد کە لەو بروایەدا بوو بە لە نیو بردنی دوکتۆر قاسملوو، حیزبی دیموکرات بەرەو نەمان یان هەر نەبی کزیو لاوازی دەباو لە گەل قەیرانی ریبەرایەتی بەرەورووی دەکا. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئیران بی ئەوەی لە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو لەو پیوندیيەدا دەرسی وەرگرتبی،لە ئاستی هەرە بەرزی بەرپرسایەتیدا، بریاری تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی داو ئەو کردەوە تیرۆریستیيەی لە بیرلینو بە دەست تیرۆریستە دەستپەروەردەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاند.

تیرۆری دوکتور سادق شەرفکەندی خەساریکی گەلیك گەورەی بۆ حیزبی دیموکرات، بزووتنەوەی کوردو خەمیکی گرانی بۆ رۆلەکانی نەتەوەی کوردو سەرجەم ئازادیخوازانی ئیرانو دوستانی حیزبی لە جیهاندا بە دواوە بووو هەر بۆیەش لە رادەی جیهانیدا دەنگدانەوەیەکی بەرینو بەربلاوی هەبوو.

پولیسو دەزگای قەزایی ئالمان زۆر بە جیددی شوین پیی تیرۆریستەکانیان هەل گرتو بە گرتنو موحاکەمە کردنیان پەروەندەی جینایەتی میکونووسیان کردەوەو سەرنجی بیروڕای گشتییان بۆ لای ئەم پەروەندەیەو رەوتی موحاکەمەیەك راکیشا

٢

### ئەڵمان ـ بیرلین
## ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێوە چوو

ڕاست لە دەیەمین ساڵڕۆژی کوشتاری میکونووسو هەر لە شاری بیرلین بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو کوردو ئیرانیو ئەلمانی، یادی رووداوی تیرۆریستیی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ کرایەوەو ریز لە شەهیدانی ئەو کارەساتە نرا. هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەنزادە لەم مەراسمەدا وتاریکی گرنگی پیشکیشی بەشداران کرد. چەندین پەیامی پشتیوانییش لەلایەن حیزبو کەسایەتیيە ئەلمانیو کوردو ئیرانیيەکانەوە بۆ ئەو مەراسمە هاتبوون. راپۆرتی ئەو مەراسمەو دەقی وتارەکەی سکرتیری گشتیی حیزب لە لاپەرەی ٣دا بلاو بۆتەوە.

## داننانی ڕێژیم بە تێکهەڵچوونی خوێناوی لە زیندانی مەهابادا

دوای حەرەکەتە ئیعترازیيە بەربەرینەکەی رۆژی ١٣٨١/٦/١٩ی خەلکی مەهاباد دژی کاربەدەستانو دامو دەزگا سەرکوتکەرو جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لەو شارە (کە راپۆرتەکەی لە لاپەرەی ٤ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە)، رۆژی یەکشەممە ٢٤ی خەرمانان، زیندانی ئەو شارە، شاهیدی تیکهەلچوونی خویناوی لە نیوان بەندیيەکانو زیندانەوانەکان بوو.

ئەو تیکهەلچوونە کە چەند سەعاتی خایاندو کوژراویكو چەندین بریندار لیکەوتەوە، بۆ کاربەدەستانی ریژیم نەشاردرایەوە. لەو پیوەندیيەدا ئیبراهیم سەفەری، "بەریوەبەری گشتیی زیندانەکانی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا" چۆنیەتیی رووداوەکەی بەم جۆرە بۆ راگەیەنە گشتییەکان باس کرد:

"سەعات ٢ی رۆژی یەکشەممە، ژمارەیەك لە زیندانییەکانی مەهاباد بە پیی نەخشەی لە پیش دا داریژراو ویستیان لە زیندان را بکەن، ئەوان بە کەلك وەرگرتن لەکاتی مولاقات هیرشیان کردە سەر مەئمووری مولاقاتو دەرگای چوونەژووری مولاقاتیان کردەوە". بە قسەی ناوبراو:"زیندانییەکان دەستیان کرد بە شکاندنی تەلەفوون، شیشەکانی دەرگاو پەنجەرە، لوولەکانی ئاو و گازو، کەسیك لە پیرسۆنیلی هیزی ئینتزامییان بە بارمتە گرت. هیزەکانی پاریزگاری لە زیندان دەست بە جیٚ هاتنە نیو رووداوەکەو بۆ کۆنترۆل کردنی وەزعەکە دەست بەکار بوون". بە ئیددیعای ئیبراهیمی سەفەری، زیندانییەکان هەلیان کوتایە سەر مەئمووران، ئەوانیش ناچار بوون تەقەیان لیٚبکەن کە لە ئاکام دا دوو زیندانی بریندار بوونو سەربازیکیش کە بە بارمتە گیرابوو، کوژرا. بە قسەی ئەو کاربەدەستە، ئالۆزیو بشیوییەکە سەرجەم ٤٥ دەقیقەی خایاندوەو تەنیا دوو کەس لە هیزە ئینتیزامییەکانی تیدا بریندار بوون، ئەو زیندانییانەش کە بە گژ مەئموورەکان دا چووبوونەوە، دراون بە دەزگاو ناوەندە پیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی لیکۆلینەوەیان لیٚبکریٚ.

لەبارەی ئەم تیکهەلچوونەوە لە لاپەرەی ٤دا راپۆرتیکی دیکەمان هەیە.

## لەم ژمارەیەدا

ئامانجی ئەساسیی ڕێژیم لە تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی ⑤

ژیاننامەی شەهیدانی بێرلین ⑩

قسەکانی دوکتور نووریزادە لەبارەی حیزبی دێمۆکراتو تیرۆری بێرلینەوە ١١

دوکتور سەعید، مرۆڤێکی تێکۆشەرو سیاسەتمەدارێکی دڵسۆز ١٢

سێپتامبری خوێناوی ١٣

کەسایەتیو ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی لە میزگردێکدا ١٥

## ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی لە بنکەی دەفتەری سیاسی





دوانیوەڕۆی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٨١ بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیسیۆنو کۆمیتەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیو ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزبیو بنەماڵە حیزبییەکان، مەراسمێکی تایبەتی بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ١٠ سال بەسەر تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبو هاوڕێیانیدا، لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب بەڕێوە چوو.

مەراسم دوای دەقیقەیەك بێدەنگی، بە کۆپلەیەك لە وتارە مێژوویییەکەی دوکتور شەرەفکەندی لە کاتی بلاو بوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا بە دەنگی خۆی، دەستی پیٚکرد.

پاشان هاوڕێی تێکۆشەر مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب وتاریکی بە بۆنەی ١٠ سالەی ئەو کارەساتەوە پیشکیش کرد. دەقی وتارەکەی بەریز کاك مستەفا هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

لە بەشەکانی دیکەی ئەو مەراسمەدا چەندین پارچە شیعر لەلایەن بەریزان خەجیج مەعزوور، فەرەیدوون ئەرشەدیو ئەحمەد قادری خویندرایەوە. دوو سروودی تازەش لەلایەن هونەرمەندان ئەسعەد عەیدینژادو فەرەیدوون عەزیمی بە هاوکاریی کۆری هونەریی حیزب پیشکیش کران.

پیویستە بگوتریٚ هەر بە بۆنەی دەیەمین سالرۆژی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندیو هاورییانی لە هیندیك بنکەی دیکەی حیزب، هەروەها لە دەرەوەی کوردستان ریورەسمی تایبەتی بەریوە چوون کە راپۆرتی بەشیك لەوان هەر لەم ژمارەیەدا خراوەتە بەرچاوتان.

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی دەیەمین ساڵوەگەری تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب

درێژەی لاپەڕی١

کە زیاتر لە سێ ساڵو نیوی خایاندو سەرئەنجام لە ڕۆژی ١٠ ئاوریلی ساڵی ١٩٩٧ی زایینیدا حوکمی کۆتایی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ مەحکومییەتی ئەنجامدەرانی تیرۆرەکەو ڕێبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك دەستووردەری ئەم تیرۆرو جینایەتەداو، سیمای تیرۆریستیو تیرۆریست پەروەری ئەم ڕێژیمەی بە بیرورای گشتیی خەلکی جیهان نیشان داو بەم جۆرە گشت هەولو تەقەلاکانی دەسەلاتدارانی ڕێژیم بۆ بێ ئاکام کردنی کاری دادگا، یان بە لارێ دا بردنی بیرورای گشتیو خۆدزینەوە لە سزای ئەم تاوانە بێئاکام هێشتەوەو رووی دزیوی ڕێژیی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئەمجارە بە بەلگەو رەئیی دادگایەکی خاوەن ئیعتیباری ولاتێکی ئوورووپایی دەرخست.هەلویستیی ولاتانی یەکیەتیی ئوورووپاو بانگ کردنەوەی بالوێزەکانیان لە تاران لە راستیدا تەئیدی حوکمی دادگاو دان پێدانان بە تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی بوو. تووره بوونو هەلچوونی کۆماری ئیسلامی وەك دژکردەوەیەك بەرامبەر بە حوکمی دادگای میکونووس هەر چەند لە سەر هەلویستی ئەو دەولەتانە شوێنی دانا، بەلام هەرگیز نەیتوانی لە گرنگیی بریارەکە کەم بکاتەوەو ئابروویەك بۆ ڕێژیم بگێرێتەوە.

دوکتور سادق شەرەفکەندی ئینسانێکی نیشتمانپەروەرو ئازادیخواز بوو، باوەرێکی قوولی بە دیموکراسی هەبووو خەبات بۆ دابین کردنی دیموکراسی لە ئێران دا بە ئەرکی هەر نیشتمانپەروەرو شورشگێرێکی ئێرانی دەزانی. هاوکاریو هاودەنگیی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە مەرجێکی هەرە سەرەکیی سەرکەوتنی گەلانی ئێرانو بە چۆکدا هێنانی کۆماری ئیسلامی دەزانیو لەو پێوەندییەشدا هەولێکی زۆری داو بەداخەوە هەر لە رەوتی ئەو تێکۆشانەشدا گیانی خۆی لە دەست دا.

دوکتور سادق شەرەفکەندی بە هەموو وجوودیەوە هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی لە سەر گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران دەکردو تێکۆشان لە پێناو لە نێو بردنی ئەم ستەمەی بە خەباتێکی روا دەزانی، باوەری بە مافی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا پتەوو بەهێز بوو. بەو حالەش ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی بە ڕۆڵەی یەك نەتەوە دەزانیو هەرگیز قازانجو بەرژەوەندەکانی گەلی کورد بەگشتیی لە بەرچاو ون نەدەبوونو ئامادە بوو لە پێناو قازانجو مەسلەحەتی گشتیی کورددا قازانجە کاتیو کورتخایەنەکانی حیزبیش فیدا بکا.

دوکتور سادق شەرەفکەندی شۆرشگێرێکی شیلگیرو ڕێبەرێکی کارامە بوو کە لایەنگری عەدالەتی کۆمەلایەتیو دژی هەر جۆرە فەرقو جیاوازی دانانێك بوو. لە رەوتی هەولدان بۆ دەستەبەر کردنی عەدالەتی کۆمەلایەتییشدا باوەری بە سۆسیالیزم هەبوو، بەو حالەش نە سوسیالیزمی مەوجوودی بە بێکەموکۆڕی دەدیو نە دیکتاتوریی پرولتاریای قبوول بوو. راسترەویی بەشێك لە هێزە چەپەکانو چەپرەوی بەشێکی دیکە لە هێزە چەپە ئێرانییەکانی بەلاوە پەسند نەبوو. ئەو بیرو بۆچوونانەشی هەرگیز نەدەشاردەوەو بە ڕاشکاوی دەری دەبرین، هەر بۆیەش لە پەنای ماموستای گەورەو ڕێبەری گەلی کورد دوکتور قاسملووی نەمردا بۆ چەسپاندنی سوسیالیزمی دیموکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان نەخشی بەرچاوی گێرا.

ئەو تایبەتمەندییانە بە هەق سیمای شۆڕشگێرێکی راستەقینەو دیموکراتیان بە مانای واقیعیی وشە بەو ڕێبەرە بەخشیبوو.

ڕێبەری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی کەسایەتییەکی سیاسی ـ زانستی بوو کە ژیانی خۆی لە پێناو خزمەت بە ڕۆڵەکانی کورد لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا تەرخان کرد. پاکی، راستوێژیو لایەنگری لە حەقو عەدالەت لەو تایبەتمەندییانە بوون کە ئەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕەیان پێ دەناسرایەوە.

ئاشکرایە کە لە دەست چوونی ئازادیخوازێکی وەك دوکتور سادق شەرەفکەندی بۆ حیزبی دیموکراتو بۆ هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر خەسارێکی گەورە بوو.

بە شەهید بوونی دوکتور سادق شەرفکەندی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە ئەو راستییە سەلماندەوە کە برینی قورس هەلێ دەگرێ، بەلام بە چۆکدا نایە. حیزبیکە بە ڕەچاو کردنی ڕێبەرایەتیی بە کۆمەل دەتوانێ برینی لە دەست دانی ڕێبەرانی گەورەی وەك دوکتور قاسملووو دوکتور سادق شەرەفکەندییش سارێژ بکاتەوەو ڕێگا نەدا مەبەستەکانی ڕێژیم بێنە دی.

جێگای شانازییە کە دە سال دوای شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی دوستو دوژمن دەبینن کە ئەو حیزبە چۆن ڕێگای سەختو پڕهەورازو نشێوی خەباتی بریوەو لە نێوخۆو دەرەوەدا خاوەنی چ ئیعتیبارو پرستیژێکی گەورەیەو تا چ رادەیەك لە نێو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا خوشەویستو جێگای متمانەیە. لە بەرامبەردا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش تا چ رادەیەك لە بەرچاوی خەلکی ئێران بێزراوو لە گەلێ روحی سەردەم ناتەبایە. جێگای داخە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای بوونی کارنامەیەکی رەشی پڕ لە تیرۆرو تیرۆریستی تەنانەت لە سەردەمی خەباتی جیهانی دژی تیرۆریزمیشدا بەم جۆرە کە پیویستە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ولاتانی خاوەن نفووزەوە، هەلسوکەوتی لە گەل نەکراوەو سزای شیاوی خۆی وەرنەگرتوە، هەر بۆیەش تیرۆرو ئاژاوەگێری لە لایەن ڕێژیمەوە وەلا نەنراوە، تەنیا شکلو شێوەکانی گۆڕاوە.

بەپێچەوانەی سیاسەتی سازشکارانەو قازانج پەرەستانەی بەشێك لە ولاتان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، گەلانی ئێران بەتایبەت لەم سالانەی دواییدا زۆر جیددیترو راشکاوانەترو بە گوڕتر دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتوونە خەباتو بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ لە نێو بردنی ڕێژیمو هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیموکراتیك تێ دەکۆشن. ئەو خەباتو دەنگ هەلبرینو نارەزایەتی دەربرینە ئەوەندە بەرچاوو بەهێزە کە تەنانەت ڕێبەرانی پایەبەرزی ڕێژیمیش نیگەرانیی خۆیان لە لەرزۆکیی پایەکانی ڕێژیمو مەترسیی لە نێو چوونی بۆ ناشاردرێتەوە. بێگومان بەردەوامیو بەربلاوتر بوونی ئەم خەباتە بە یەکجاری تەنگ بە ڕێژیم هەلێ دەچنێو ئاواتی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری وەدی دێنێ.

لە دەیەمین سالڕۆژی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندیو هەڤالانیدا جارێکی دیکە لە گەل گیانی پاکی ئەو هاورێیانەو هەموو شەهیدانی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهاتنی ئاواتو ئامانجە پیرۆزەکانیان درێژەدەری ڕێگایان بین. ئالای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەمانەتێکی ئەوان هەروا شەکاوە رابگرین.


بەرێز بێ یادی دوکتور سادق شەرەفکەندیو تێکرای شەهیدانی حیزبو گەل.

سەرکەوتن بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی ڕێبەرانی شەهیدمان قازی، قاسملووو شەرەفکەندی

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**خەرمانانی١٣٨١**

XXX

# وتاری هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی لە ڕێوڕەسمی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتۆر شەرەفکەندیدا



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**کادرو پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

ئەورۆ دەیەمین سالڕۆژی ڕووداوی جەرگبڕی بێرلینە. دە سال لەمەو پێش لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا دوکتور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە "دوکتور سەعید" سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان لە گەل هاوڕێیان فەتتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی ولات، هومایوون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان و "حسین دهکردی" یەکێك لە ئێرانییەکانی دۆستی حیزب لە ڕێستورانێك بە ناوی میکوونوسدا لەگەل کۆمەلێك لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی کۆ ببوونەوە کە کەوتنە بەر دەستڕێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و هەر چواریان شەهید بوون. ئەو ڕووداوە کە دوایی بە ڕووداوی میکونووس ناوبانگی دەرکرد یەکێك لە تالترین بەسەرهاتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

بە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمردا جێنشینێکی لێوەشاوەی وەك دوکتور سەعید، ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمانی بە دەستەوە گرتبوو، بە شێوەیەکی هۆشمەندانە بەرەو پێشی دەبرد. دوکتور سەعیدێك کە کۆلێك ئەزموونی ژیانی هەژاری و بەش مەینەتیی مالە ڕەش و قورماوییەکانی گوندەکانی کوردەواری و، مەدرەسەکانی تەورێزو دوایە سالانێکی زۆر دەبیریی دەبیرستانەکانی مەهابادو ورمێ و دوور لە کوردستان لە "تبعیدگاه"و، دانیشسەرای عالیی تاران و پاشان زانستگەی ژمارە ٦ی پاریس، کەسایەتییەکی مودیرو بە بڕشتی سیاسی ـ شۆڕشگێری لێ بەرهەم هێنابوو کە شیاوی ئەو ئەرکە گران و گرنگە بوو کە دوای دوکتور قاسملووی زانا کەوتبووە سەر شانی.

سەردەمی سکرتێریی دوکتور سەعید سەردەمێکی ئالۆزو دژواری خەباتی حیزبی دێموکرات بوو، بەربەرەکانی لە گەل کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شێوەی خەباتێکی سەخت و خوێناوی و، جۆرەها پیلانی ڕەنگاو ڕەنگ بە دژی جوولانەوە، هەلومەرجی تاقەت پرووکێن بۆ کادروپێشمەرگەکان، سەرکوت و بێدادی ڕێژیمی دژی مرۆڤایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرهەق بە خەلکەکەمان و زۆر کەندو کۆسپی دیکە لە سەر ڕێگامان بوون، بەلام دوکتور سەعید بە تیژ بینی و سەرنجدان بە داهاتوو، توانی هەنگاوی باش بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی خەباتی حیزب لەو وەزعیەتەداو، پووچەلکردنەوەی پیلانەکان هەلبێنێتەوە.

دوکتور سەعید وەك ڕێبەرێکی دوور ئەندیش هەر ئەوەندە نەبوو کە چاوەدێریی بە سەر بەشە جۆراوجۆرەکانی کاری حیزب دا دەکرد و زەحمەت و ماندوو بوونی زۆری دەکێشا، بەلکوو زۆریش بیری لە دوارۆژی حیزب و جوولانەوە دەکردەوە وبۆ ئەو مەبەستە زۆر تێدەکۆشا پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبە شۆڕشگێرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان پتەوتر بکا. ئەو لەو باوەڕەدا بوو ئێمە کە داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دا دەکەین پێویستە لە گەل حیزبە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێرانی دۆستایەتییەکی پتەو دامەزرێنین و باوەڕو متمانەی ئەوان ڕابکێشین بۆ ئەوەی لە کاتی ئێستادا لە دژایەتی لە گەل ڕێژیم یارمەتیمان بدەن و لە داهاتووی ئێران دا وەکوو دۆستێکی بە وەفای گەلی کورد بمێننەوەو، لە سڕینەوەی ئەو تەبلیغاتە ژەهراوییەی کە ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دژی گەلی کورد کردویانە و مێشکی هاونیشتمانانی دیکەمانیان پێ ئاخنیوە، یارمەتیمان بدەن. هەر بۆیە گرنگیی زۆری دەدا بە نیزیکبوونەوەو باس کردن لە گەل ئەو حیزبانە و وەك دیتمان هەر کاتی دانیشتن لە گەل ئەوان بوو کە شەهید کرا.

دوکتور سەعید لە باری سیاسییەوە درێژەدەری ڕێگای شەهید دوکتور قاسملوو بوو. بۆیە هەولی خۆی دەدا بۆ ئەوەی حیزب لەو ڕێبازەدا هیدایەت بکا کە لە کاتی سکرتێریی دوکتور قاسملوو دا دیاری کرابوو. هەروەك لە پەیامی ئەمەگناسی بۆ خەلکی کوردستان کە بە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، ڕایگەیاند: *"بە زانیارییەکی تەواوەوە، پەیمانمان داوە کە تەواوی هێزو ئیرادەی خۆمان تەرخان بکەین بۆ درێژە دانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانی بەربەرەکانییەکی ماندوویی نەناسانە لە ڕێگای ئازادی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ. لەو ڕێگایەدا کە ڕێگای سووری شەهیدانە ـ یان سەردەکەوین و یان بە شانازییەوە هەروەك شەهیدە عەزیزەکانمان سەر دادەنێین."*

بەلێ لە دەست چوونی ڕێبەرێکی وا بۆ جوولانەوەی کورد و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات زۆر تال و بەسۆ بوو. شەهید بوونی دوکتور سەعید ئەو برینانەی کە لە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دا لە جەستەی حیزب ببوون نوێ کردەوە.دوژمن هەدەفەکەی باش دیاری کردبوو، بە داخەوە بە هۆی کەم تەرخەمیی ئێمە پێشی گەیشت. بەلام ڕەنگە وای لێك نەدابێتەوە حیزبێکی کە نەیهێشت جێگای دوکتور قاسملوو بەتال بمێنێتەوە، دەتوانێ بە کاری دێموکراتیکی بە کۆمەل جێگای دوکتور سەعیدیش پڕکاتەوە.

لە هەمان کات دا ئەو ڕووداوە لەو بارەوە کە زیاتر لە هەر ڕووداوێکی دیکە ڕووی دزێوو ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامیی بۆ خەلکی دنیا ئاشکرا کرد، لە گرینگترین ڕووداوەکانی ماوەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەژمێردرێ. تا کاتی تیرۆری دوکتور سەعید و بە دوای ویش دا، کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەی ڕێکخراوەکان وکەسایەتییە هەلسووڕوناسراوەکانی ئازادیخوازی ئێرانی بە پیلانی جۆراوجۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی ولات دا تیرۆر کرد. هەرچەند هەموو ئێرانییەکان و زۆر لە دەولەتان و حیزبەکانی ولاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی سەبارەت بە عامیلانی ئەو تیرۆرانە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە گومانیان نەبوو، بەلام ئەو ڕێژیمەهەمیشە ئەو ڕاستییە ئاشکرایەی حاشا لێ دەکردو، بە ئەزموونی زۆری کە لەو کارانە دا بە دەستی هێنابوو

بۆ لاپەڕی٥

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## ڕێوڕەسمێکی تایبەتیی لە بێرلین بە بۆنەی دەیەمین ساڵی کارەساتی میکونووس

ڕۆژی ١٧ سێپتامبری ٢٠٠٢ لە دە ساڵەی تیرۆر کردنی دوکتور سادقی شەرەفکەندی (دوکتور سەعید) سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێیان فەتتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە دەرەوی وڵات‌و هومایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی، تێکۆشەری ئێرانیی دۆستی حیزب لە ڕێستۆرانی میکۆنووسی شاری بێرلیندا، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی لەو شارە پێکهات.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادەو بەڕێز کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو چوو، ژمارەیەکی بەرچاو کوردو ئێرانی‌و و ئاڵمانی بەشدار بوون.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا هاوڕێ شوکری تەریق، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان بە خێر هاتنی بەشدارانی کرد. دواتر هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە وتارێکی گرینگی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد کە دەقی وتارەکە هەر لەم ژمارەیەی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە.

پاشان بەڕێز "ولفگانگ وێکە" لە سکرتاریای نێو نەتەوەیی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان (S.P.D)ەوە پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبەکەی بەڕێز "میونتێر فێرینك"ی پێشکەش کرد. دوای ئەو بەڕێز "هانس یواخیم ئێریك" یەکێك لە وەکیلەکانی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی سێپتامبر لە سەر هەوڵی بێ‌وچانی دادگای بێرلین بە تایبەتی دادستانی بەڕێز "برۆنۆ یۆست"و گوێ نەدانیان بە دەخالەت‌و هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران قسەی کرد.

لە بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز "کامبیز ڕوستا" تێکۆشەری ئێرانی لە سەر کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی‌و جێگاو گرنگیی حیزبی دیموکرات‌و بزووتنەوەی کوردستانی ئێران لە خەباتی گەلانی ئێران بۆ دابین کردنی دیموکراسی‌و سیستمێکی فیدراڵی لە ئێراندا وتارێکی پێشکەش کرد.

دواتر بەڕێز "نەوروز" پەیامی پلاتفۆرمی ١٨ حیزبی کوردستانیی پێشکەش کرد. لەو پەیامەدا ڕێز لە خەبات‌و تێکۆشانی ڕێبەرانی شەهیدی حیزب گیرا بوو.

پاشان هاوڕێ سەعادەت حەسەنخاڵی پەیامی خانمی کەژاڵ‌و زاگرۆسی عەبدولی (هاوسەر و کوڕی شەهید فەتتاح) بۆ ئەو مەراسمەی خوێندەوە.

لە دوا بەشی ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز ماموستا حەسەن زادە وەڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە کە لە گەڵ پێشوازیی گەرمی ئەوان بەرەوڕوو بوو.

ئەو حیزب‌و کەسایەتییانەی پەیامی پشتیوانییان بۆ ئەو مەراسمە نارد بوو بریتی بوون لە:

**ئاڵمانی‌یەکان:**

١ ـ ئاغای فرانتس میونتێر فێرینگ، سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان (S.P.D)

٢ ـ خانمی کلۆدیا ڕۆت، سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئەڵمان.

٣ ـ خانمی ئوتا تساپۆف، ئەندامی فراکسیۆنی S.P.Dو سەرۆکی گرووپی وتووێژ لە گەڵ کوردان لەو فراکسیۆنەدا.

٤ ـ خانمی هایدی مێرك، ئەندامی پارلمانی ناوچەی هانوڤێر و وەزیری پێشووی ئەو ناوچە فیدراڵە و دۆستی بەوەفای کورد.

٥ ـ خانمی ئوولا یەلپکە، وتەبێژی کاروباری نێو خۆیی حیزبی سوسیالیزمی دیموکراتیك.

**ئێرانی‌یەکان:**

١ـ ڕێکخراوی فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران، ٢ـ ڕێکخراوی یەکیەتی فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران (اکثریت) ٣ـ ڕێکخراوی کرێکارانی شۆرشگێری ئێران (ڕێگای کرێکار) ٤ـ دوکتور "ضیا صدر" "سەرۆکی آذربایجان مدنیت "جاقی"

**کوردستانی‌یەکان:**

١ـ پارتی سوسیالیستی کوردستان (تورکیە) ٢ـ پارتی یەکیەتیی دیمۆکراتی کورد (سوریە) ٣ـ کوردیشە گەمایندە(KG.CV) ٤ـ کومیتەی هاوکاریی ١٨ حیزب‌و ڕێکخراوی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ٥ـ پارتی ڕزگاریی کوردستان ٦ـ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ٧ـ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ٨ـ حیزبی سوسیالیستی کوردستان ٩ـ پارتی‌شۆڕشی کوردستان (کاوە) ١٠ـ یەکیەتیی کۆمەڵی کورد (کۆمکار) ١١ـ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "هاوار" ١٢ـ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی ـ بۆن ١٣ـ ڕێکخراوی کوردی، تورکی،، ئاڵمانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد (محەممەد شاهین) ١٤ـ هونەرمەندی کورد شیرین پەروەر ١٥ـ دوکتور گوڵمراد مرادی ١٦ـ ژووری ئینتێرنێتی "ئێرە دەنگی کوردستانە".

## قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب ماموٚستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

### لە ڕێوڕەسمی دەیەمین ساڵڕۆژی کارەساتی میکونووس کە لە شاری بێرلین بەڕێوە چوو

**خوشك و برا بەڕێزەکان!**

شەخسییەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان و نوێنەرانی حیزبە و ڕێکخراوە کوردو ئێرانی‌و ئورووپایی‌یەکان

لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بە دڵ سپاستان دەکەم کە لە ڕێوڕەسمی دەساڵەی شەهید بوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی: کاك فەتتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە ئورووپا، کاك هومایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاك نووری دێهکوردی، تێکۆشەری چالاکی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی‌دا بەشدار بوون و لەو ڕێگایەوە ڕێزتان بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرانە لە پێناوی ئامانجە ئینسانی‌و ڕەواکانیان دا داناوە.

تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی کە دووەمین کۆستی گەورەی حیزبی دێموکڕات تەنیا لە ماوەی سێ ساڵ‌و دوومانگدا بوو (دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو) برینێکی گەورەی خستە جەستەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا دەرسەکانی دوو ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی بوون کە بۆ هاوسەنگەرانیان بوونە دەسمایەی تێکۆشەرانی دیموکڕات تا بە چۆك دانەیەن و ورە بەر نەدەن و ڕێبازە پڕ لە شانازی‌یەکەی ڕێبەرانی شەهیدیان درێژە پێ‌بدەن.

شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی هەم لەو بارەیەوە کە دووپات بوونەوەی کارەساتێکی وا دڵتەزێن لە ماوەیەکی کورت دابوو و هەم لە بارەی نەخشێکی کاریگەرەوە کە پاش تیرۆری دوکتور قاسملوو لە حیزب دا گرتبوویە ئەستۆ، بۆ ئەم حیزبە زەبرێکی بە ژان و گورچوبڕ بوو. بەڵام هاوپێوەندی‌یەك کە نەك هەر لە لایەن کوردەکان و ئێرانی‌یە نیشتمانپەروەرەکانەوە، بەڵکە لە لایەن ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری لە جیهانیش دا کە لە گەڵ حیزبەکەمان کرا، شوێنەواری ئەو زەبرە بەئێش‌و ئۆفەی زوو ساڕێژ کردەوە. پشتیوانی و هاودەردیی بێ‌دریغ و ڕاستوێژانەی ئازادیخوازانی ئێران و لایەنگرانی حەق و عەدالەت لە جیهان دا دڵگەرمی‌یەکیاندا بە قوتابی‌یەکانی قاسملوو و شەرەفکەندی کە زۆر زوو کەلێنی ئەو گەورە پیاوانەیان لە ریزەکانی خۆیان دا پڕکردەوە و ڕێگایان نەدا ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی بنەڕەتیی خۆی لە تیرۆری ئەو ڕێبەرانە، واتە بە چۆك داهێنان و لەکار خستنی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران بگا.

هاوپێوەندی لە گەڵ خەباتگێڕانی دیموکڕات تەنیا بە دەربڕینی هاودەردی‌یەوە نەوەستا. بەڵکو هەموو دڵسۆزان‌و ئۆگرانی ئازادی هەر کەس لە سەنگەری خۆیەوە هەوڵیان دا تا ئەو جینایەتە هەر وا و بە سەر کۆماری ئیسلامی‌یەوە نەچێ، ئەو ڕژیمە ئینسانکوژە سزای تاوانی ئەو تیرۆرە لە دادگای ویژدانی مرۆڤایەتی‌دا وەربگرێتەوە.

لە بیرمە لە ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا خانمی بەڕێز "کلۆدیا ڕۆت" گوتی، "لەوە کە ئەو تیرۆرە لە وڵاتی من دا ڕووی داوە، هەست بە شەرمەزاری دەکەم". ئێستا ئەمن بەو خانمە بەڕێزە دەڵێم: جێی خۆیەتی هەست بە شانازی بکەی کە دەزگای قەزایی وڵاتەکەت نەیهێشت خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ڕێبەرانی کورد ببێتە قوربانیی سات و سەودای بازرگانی و بەرنامەڕێژان و دەستووردەرانی بەڕێوەبردنی ئەو پیلانەیان لە جیهاندا ڕیسوا کرد.

لەم دەرفەتە کورتەدا ئیجازە دەخوازم، سپاسی خۆم و هاوسەنگەرانم لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێراندا پێشکەشی دەزگای قەزایی ئاڵمان و بە تایبەتی دادستان و سەرۆکی دادگای میکۆنووس و وەکیلە بەڕێزەکانی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ سێپتامبر بکەم. هەر لەو پێوەندی‌یەدا بە پێویست دەزانم سوپاس و ئەمەگناسی پێشکەشی هەموو ئەو شەخسییەت و ڕێکخراوە ئێرانی‌و کوردستانی‌یانە بکەم کە هەر کام بە نۆرەی خۆی گۆشەیەك لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی تیرۆری میکۆنووسیان بۆ دادگا ڕوون کردەوەو بە هەمووان بوونە هۆی دەرچوونی حوکمی ڕەوا و مێژوویی دادگای میکۆنووس.

گرینگی‌و بایەخی ئەم حوکمە ئەوکاتە باشتر دەردەکەوێ کە پەروەندەی تیرۆری ١٧ سێپتامبری ١٩٩٢ی بێرلین لە گەڵ تیرۆری ١٣ ژوئیەی ١٩٨٩ی ڤییەن بەراورد بکەین، لە ڤییەن هەموو شتێك بە تەواوی ڕوون بوو، تیرۆریستەکان بە جلو بەرگی خوێناوی‌یەوە لە بەر دەستی پۆلیس‌دا بوون، بەڵام تەواوی ڕاستی‌یەکان پەردەپۆش کران و تاوانبارەکان بە حورمەتەوە ڕەوانەی ئێران کرانەوە تا خۆیان بۆ دەورێکی دیکە لە ئینسان کوشتن ئامادە بکەن. بە پێچەوانە لە بێرلین، تیرۆریستەکان شوێن پێ‌یەکیان لە خۆیان بە جێ نەهێشتبوو، بەڵام هەوڵی بێ‌دریغی پۆلیسی ئاڵمان‌و ئیرادەی پتەوی ئەندامانی دادگا بۆ ئەوەی حەق بە حەقدار بگا، تیشکیان خستە سەر هەموو کەلێن‌و قوژبنەکانی کارەساتی میکۆنووس‌و ئەو شانازی‌یەیان بۆ خۆیان تۆمار کرد.

**دۆستانی بەڕێز!**

بۆ ئێمە زۆر جێگای داخە کە سەرەڕای ئەو حوکمە ڕوون و ڕاشکاوانەیە کە لەبارەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، لە لایەن دادگایەکی خاوەن سەلاحییەتی ئاڵمانی‌یەوە دەرچووە و بە پێچەوانەی هەڵوێستی سەرەتایی‌و دژکردەوەی بە جێی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا لە بانگ کردنەوەی سەفیرەکانیان لە ئێران، هێشتا زۆر لە وڵاتانی جیهان‌و بە تایبەتی ئورووپاو لە پێش هەموویاندا ئاڵمان بۆ پاراستنی هێندێك پێوەندیی ئابووری‌و بازرگانی لە گەڵ ئێران، خۆیان لە بەرەنگار بوونەوەی ڕاشکاوانە لە گەڵ ئەو ڕاستی‌یە حاشا هەڵنەگرە دەپارێزن. تاڵتر ئەوەیە کە پاش ڕووداوی کارەساتی دڵتەزێنی ١١ی سێپتامبری ئەمریکا کە بە هەزاران ئینسانی بێ‌تاوانی تێ‌دا بوونە قوربانی، هێشتا دەوڵەتەکان خۆیان لەو ڕاستی‌یە زەق‌و ڕوون و بەرچاوە دەدزنەوە کە سەرچاوەی تیرۆریزمی ئیسلامی (ئەگەر دروست بێ، ئەو ناوەی لە سەر دابنرێ ) کۆماری ئیسلامی‌یەو ئەوە ڕێژیمی ئێرانە کە لە باری ڕاهێنان و پاراستن‌و تەداروکاتەوە، پشتی گرووپە تیرۆریستی‌یەکان دەگرێ‌و هەوڵ دەدا لەو ڕێگایەوە باج لە هەموو دەوڵەتان‌و تەنانەت لە گەورەترینەکانیش بستێنێ.

مەبەستی ئێمە ئەوەنیە کە داوا بکەین دەوڵەتانی ئورووپایی و هێزە بە دەسەڵاتەکانی دنیا لشکرکێشی بکەنە سەر ئێران‌و لە جیاتی خەڵکی ئێران ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە کوڵ کەنەوە. ئارەزووی ئێمە هەر ئەوەیە کە دنیای دەرەوە ڕێژیمی فەرمانڕەوا لە ئێراندا وەك هەیە بناسێ‌و لەوەش زیاتر بە بیروڕای گشتیی جیهانی بناسێنێ. لە ئاکامیشدا نەك هەر ئیمکانی مانەوەو لە سەر پێ‌ڕاوەستانی بۆ پێك نەهێنێ، بەڵکوو پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی دیموکڕاتی وڵاتەکەشمان بکا، بۆ ئەوەی بە خەباتی سیاسیی خۆی ئەم ڕێژیمە بڕووخێنێ‌و حکوومەتێکی گەلی‌و دیموکڕاتی لە جێگا دابمەزرێنێ.

بە پێچەوانەی ئەو دیمەنە رووتووش کراوە کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەیخاتە بەر چاوی دونیای دەرەوە، یان بەشێك لە دەوڵەتان هەوڵ دەدەن بۆی ساز بکەن، کۆماری ئیسلامی هەر ئەوەیە کە بووە. ئێستاش لە ژوورەوە و دەرەوە بە توندی خەریکی پەروەردە کردنی تیرۆریستان‌و جێ بە جێ کردنی نەخشەی تیرۆریستی‌یە. ئەگەر ماوەیەك بوو بە پێی ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیەندراو لە وڵاتانی ئورووپایی‌دا دەستی نەدەدایە کردەوەی تیرۆریستی‌و بە ڕواڵەت لە نێو خۆی وڵات و لە وڵاتانی دراوسێش‌دا کەمتر کردەوەی تیرۆریستیی ئەنجام دەدا، ئێستا ماوەیەکە دەزگای تیرۆری خستۆتەوە کارو لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا هەر لە کوردەکان لە کوردستان، لەشاری بانە لە ئوستانی کوردستان دوو کەس‌و لە هەولێری کوردستانی عێراق کەسێکی تیرۆر کردووەو لە نۆرویژیش کوردێکی ئەندامی حیزبی دیموکڕات تیرۆر کراوە کە هەر چەند پۆلیس بە ڕەسمی شتێکی ڕانەگەیاندوە، زۆر وێ دەچێ بەدەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە نێو چووبێ.

پرسیار ئەوەیە کە داخوا بە بوونی هەموو ئەو ڕاستی‌یە حاشا هەڵنەگرانە، باشتر نیە وڵاتانی جیهان‌و بە وێنە دەوڵەتانی یەکیەتیی ئورووپا لە جیاتی پێوەندیی توند و تۆڵیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، پێوەندی لە گەڵ ڕێبەرانی خەڵکی ئێران پتەوتر بکەن‌و یارمەتی بدەن لە ولاتی ئێمەدا رژێمێك بێتە سەرکار کە هەم وڵامی موسبەت بە داخوازی‌یەکانی خەڵکی ئێران بداتەوەو هەم مەترسیی بۆ سەر ئەمنییەت و ئاشتیی جیهانی و قازانجی وڵاتانی دەرەوە کەمتر بێ؟

> **بە پێچەوانەی ئەو دیمەنە رووتووش کراوە کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەیخاتە بەر چاوی دونیای دەرەوە، یان بەشێك لە دەوڵەتان هەوڵ دەدەن بۆی ساز بکەن، کۆماری ئیسلامی هەر ئەوەیە کە بووە. ئێستاش لە ژوورەوە و دەرەوە بە توندی خەریکی پەروەردە کردنی تیرۆریستان‌و جێ بە جێ کردنی نەخشەی تیرۆریستی‌یە.**

**خوشك و برا بەڕێزەکان !**

پاساوی دەوڵەتانی دەرەوە بۆ پێوەندیی پتەو لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەر ئەوەیە کە گۆیا تاقمێکی ریفۆرمخواز لە ناو کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی‌دا سەریان هەڵداوە کە پێویستە پشتیان بگیرێ. کارمان بەوە نیە کە ئێستا سەرۆکی قوڵی بە ناو ریفۆرمخواز واتە سەید محەممەدی خاتەمی بۆتە وتەبێژو مۆرەی هەرە دڵخوازی قوڵی پاوانخواز. بەڵام زیاتر لە پینج ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئاغای خاتەمی بۆ هەمووانی دەرخستوە کە ئەو ئاغایە نە ئەوەندە باوەڕی بە ریفۆرم هەیە کە بتوانێ دەرەتانێك بۆ دابین بوونی لانی کەمێك لە ئازادی‌و دیموکڕاسی پێك بێنێ، نە تەنانەت ئەو ڕادەیە لە ریفۆرمیش کە بۆخۆی باوەڕی پێی هەیە دەتوانێ دابین بکا.

لێرەدا خراپ نیە قسەیەك هەر لە ئاغای خاتەمی خۆی بگێڕینەوە کە دەیگوت "لە نێو دەسەڵاتداراندا بۆ قارەمان مەگەڕێن، قارەمانی ڕاستەقینە ئێوە کۆمەڵانی خەڵکن". بەڵێ ڕیفۆرمخوازی ڕاستەقینەش هەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن. ئەوانن کە لە گۆڕانی ئەم وەزعە پڕزەبر و زەنگە قازانج دەکەن، نەك ئاغای خاتەمی‌و هاوبیرەکانی کە پاش ئەوەی بە دەنگی لایەنگرانی ڕیفۆرم بە دەسەڵات گەیشتن، پشتیان کردە ویست‌و داخوازو ئامانجەکانی دەنگدەرانی ئێران.

لە کۆتایی‌دا ڕێگام بدەن ئەو ڕاستی‌یە وەبیر بێنمەوە کە حیزبی من، حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران ٥٧ ساڵە لە پێناوی جێگیر بوونی ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکڕاسی لە ئێراندا خەبات دەکاو لەو پێناوەدا بە هەزاران تێکۆشەری بە دەستی دوو ڕێژیمی دژ بە ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکراسی واتە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لێ شەهید کراون.

ئەمڕۆش حیزبی ئێمە یەکێك لە شێلگیرترین لایەنگران و خەباتگێڕانی ڕێگای ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکراسی‌یەو ئەگەر ئێمە دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامیمان هەڵگرتوە، ڕاست لە بەر ئەوەیە کە بە ئەزموونی چەندین ساڵە بۆمان دەرکەوتوە، لە چوار چێوەی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا دەرەتانی هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بە قازانجی دابین بوونی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ نیە و تەنیا ڕێگا جێگیر کردنی نیزامێکی گەلی و دیموکڕاتیك لە جێگایەتی. ئەمەش ڕاستی‌یەکە کە بۆ هەمووان‌و تەنانەت بۆ بەشێکی زۆر لە قوڵی ریفۆرمخوازیش ئاشکرایە.

**دۆستانی بەڕێز!**

جارێکی دیکەش سپاسی بەشدار بوونتان لەم ڕێوڕەسمەدا دەکەم‌و هیوادارم پشتیوانیتان لە حەق و عەدالەت و مافی ڕەوای مافخوراوان بەردەوام بێ.

**هەر بژین.**

# هەواڵەکانی کوردستان

## مەهاباد

### حەرەکەتی ئیعترازیی خەڵك

ڕۆژی ١٣٨١/٦/١٨، هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم ژمارەیەك لە کاسبکارانیان لە گوندی کاولانی مەهاباد دایە بەر دەسڕێژو بەداخەوە لەو ڕووداوەدا سێ کاسبکار بە دەستی بەکرێگیراوێك بەناوی سەروان قاوەچی کوژران و تەرمەکانیان گواستنەوە بۆ نەخۆشخانەی "خومەینی" لە شاری مەهاباد.

ڕۆژی ١٣٨١/٦/١٩، بنەماڵەی ئەو سێ کوژراوە بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی ئەوان ڕوویان کردە نەخۆشخانەی ناوبراو و داوای تەرمەکانیان کرد. بەڵام هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم داواکەی ئەو بنەماڵانەیان ڕەت کردەوەو ئامادە نەبوون تەرمەکانیان تەحویل بدەنەوە.

ئەم هەڵوێستەی هێزەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر کەسوکاری کوژراوەکان دا بوو بە هۆی تووڕەیی‌و تێکهەڵچوون لە نێوان هەردوو لادا. خەڵکی قارەمانو بە شەرەفی شاری مەهابادیش هەرکە هەواڵی ئەو جینایەتەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەبیسن، لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕا لە تەواوی گەڕەکەکانی شارەوە بە هانای کەسوکاری ئەو کوژراوە زەحمەتکێشانەوە دەچنو سەرەتا هێرش دەکەنە سەر پاسگاکانی ژمارە یەك و ژمارە دووی نێو شارو شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دا دەست پێ دەکەن.

هێزەکانی ڕێژیم بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵکی داخ لە دڵی مەهاباد پەنا دەبەنە بەر چەك‌و تەقە لە خەڵکەکە دەکەن، بەڵام هێرشی چەکدارانەو بەکارهێنانی گازی فرمێسك ڕێژو گەڕانی هێلیکۆپتێر لە ئاسمانی شار دا تەئسیرێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر خەڵکی بەورەو چاونەترسی مەهابادو پاشەکشەیان پێ ناکاو بەڵکو ڕق ئەستوورتریان دەکا.

هێرشی خەڵك بۆ سەر بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەرەبەرە سەرجەم شەقام، مەیدان، چوارڕێیانو هەروەها شوێنە سەرەکی‌یەکانی شار دەگرێتەوە کە هێندێك لەو شوێنانە بریتین لە: مەیدانی مەلا جامی، مەیدانی چوارچرا، مەیدانی ئیستیقلال، مەیدانی ئاردی، چوارڕێیانی ئازادی، چوارڕێیانی مەولەوی، دەوروبەری گڵکۆی شەهید پێشەوا. لەم شوێنانە دا خەڵکی تووڕەو بێزارو بەتایبەت لاوانی ئازاو بە هەست بە توندی بەرەنگاری هێزە دژی‌گەلی‌یەکان دەبنەوە. تێکهەڵچوونەکە هەتا کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ بە شێوەیەکی بەرین درێژەی دەبێ‌و زەرەرو زیانێکی زۆر لە دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکان دەدرێ‌و شووشەو پەنجەرەی ژمارەیەك لە ئیدارەکانی ڕێژیم وەك شارەوانی‌و دادگوستەری‌و بانك دەشکێندرێن.

خۆپێشاندەران هەر بە هێرش و پەلامار بۆ سەر ئەفرادو دامو دەزگاکانی ڕێژیم وازیان نەهێناو هاوکات هێندێك دروشمیان بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی ئێرانو هەروەها ڕێبەرانی شەهیدی بەرز کردەوە کە هێندێکیان بریتی بوون لە:

ـ قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە

ـ بژی حیزبی دێموکرات، نیشاندەری ڕێی خەبات

ـ بژی هێزی پێشمەرگە، دوژمن نەسیبت مەرگە

خۆپێشاندانی خەڵکی شاری مەهاباد به رادەیەك بەربڵاو بوو کە ترسێکی زۆری خستە دڵی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە کە سەرەڕای بەکارهێنانی چەك، گازی فرمێسك ڕێژ و گەشتی هێلیکۆپتێر لە ئاسمانی شار دا ناچار بوون هێزی یارمەتیدەر لە میانداو ڕا بێنن، بەڵام بەو حاڵەش خۆپێشاندانەکە هەتا کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە شێوەی جۆراوجۆر لە شوێن‌و گەڕەکە جیاجیاکانی شاردا بەردەوام بوو، بۆیە لە ژمارەی بریندارو دەسگیرکراوەکان هەواڵێکی ڕاست بەدەستەوە نیە.

☆☆☆

### تێکهەڵچوون لە زیندانی مەهاباد

بە پێی ئەو هەواڵانەی بە "کوردستان" گەیشتون، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانان ژمارەیەك لە زیندانی‌یەکانی بەندیخانەی گشتیی شاری مەهاباد لە کاتێکدا بۆ دەفتەری زیندان بانگ کرابوون، خۆیان لە دەستی مەئموورەکانی زیندان ڕزگار کردو بە دەست گرتن بەسەر چەکی مەئموورەکانو بە بارمتەگرتنی یەکێك لەوان، هەوڵیان دا لە زیندان دەرباز بن. لە ئاکامی ئەو هەوڵەدا تێکهەڵچوونێك لە نێوان هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی زیندانو زیندانی‌یەکاندا ڕووی دا کە بوو بە هۆی کوژرانی سەربازێك‌و بریندار بوونی ژمارەیەك لە زیندانی‌یەکانو هێزە ئینتیزامی‌یەکان.

پێویستە بڵێین ئێستاش بە تەواوی هۆی ئەم ڕووداوەو ئاکامەکانی ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام گوایە بەرپرسانی زیندان ویستوویانە ئەو چەند زیندانی‌یە بۆ زیندانی شاری ورمێ ڕاگوێزنو ئەوانیش کە هەست بە مەترسیی ئێعدام دەکەن، هێرش دەبەنە سەر سەربازەکانو چەکیان دەکەن. بە گوێرەی هەواڵی گەیشتوو، ڕێژیم بۆ کونترۆڵ کردنی وەزعەکە لە گازی فرمێسك هێنەر کەڵکی وەرگرتوەو دەنگی تیر هاوێژی لە نێوخۆی زیندان تا سەعاتی ٣ی پاش‌نیوەڕۆ بیستراوە. لەو ماوەیەدا وەزعی نێوشاری مەهاباد نائاسایی بووو ڕێژیم دەوروبەری زیندانو شاری بە توندی گەمارۆ دابوو.

### کاری تەبلیغی بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان

بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ، دەیەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بێرلین، لە زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین‌و بەربڵاو کاری تەبلیغی کراوە.

بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، تراکت، وێنەی ڕێبەرانی شەهید، نووسینی دروشم دژی ڕێژیم‌و بە لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر دیوارو لە شەقام‌و شوێنە گشتی‌یەکان بەشێك لەو کارە تەبلیغییانە بوون. وێڕای سپاس لە ئەنجامدەرانی ئەو کارە تەبلیغی‌یانە، سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

### دوو هەواڵ لە بانەوە

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٨١/٦/١٧ چەند ماشێنی "تویوتا"ی کاروانچیانی ناوچەی بانە کە کەرەسەی ماشێنیان پێ‌بوو، لە دەوروبەری گوندی "کۆخان" لەگەڵ بەناو هێزە گەشتی‌یەکانی بەربەرەکانێ دژی قاچاق‌و پاسگای گوندی "زەرواو" بەرەوڕوو دەبنەوەو ڕێگاکەیان بەرەو گوندی "نجنێی سەرێ" دەگۆڕن. هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانیش وەدوایان دەکەونو لە گوندی نجنێ دەست بەسەر ماشێنەکان دا دەگرنو کاروانچی‌یەکان دەستبەسەر دەکەن. بەڵام خەڵکی گوندی نجنێ بە هانای خاوەن بارەکانەوە دەچن.

لە جەرەیانی ڕزگار کردنی کاسبکارەکانو بارەکانیان دا لە نێوان هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانو خەڵکی نجنێ دا تێکهەڵچوونێك ساز دەبێ‌و هێزە دژی گەلی‌یەکان تەقە لە خەڵك دەکەن. لە ئاکام دا کەسێك بە ناوی کەریم کەمالی‌و ژنێك بریندار دەبن. پاش چەند سەعات هێزێکی زۆری نیزامی دەڕژێنە نێو ئاوایی‌و ژمارەیەکی زۆر لە لاوانو پیاوانی گوندەکە دەبەنە پاسگاو پەروەندەیەکی ئەستوور لە ژێر ناوی دژی شۆڕش بۆ کەریم کەمالی ساز دەکەن.

✧✧✧

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨١/٦/٩ دەستەیەکی گەشتی سوپای پاسداران بە مەبەستی ئەزیەت‌و ئازاری خەڵك‌و کاسبکارانی ناوچە دەچنە بازاڕی "کانی خان" لە ناوچەی سنووری بانە. خەڵکی کاسبکاری ئەو بازاڕە بەرەنگاری دژی گەلی‌یەکان دەبن‌و بە دوای تێکهەڵچوونێکدا هێزەکانی ڕێژیم چەك دەکرێن..

### ناوەندی ١ی کوردستان

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان بەبۆنەی دەیەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، ڕێورەسمێك بە بەشداریی کادرو پێشمەرگەکان‌و بنەماڵەی هاوڕێیانی حیزبی لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد.

هاوڕێ کاك محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان لە وتارێکدا وێڕای ئاماژەکردن بە سیاسەتی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٢٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆی‌داو هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی ڕێژیم‌و پێشێل‌کردنی بایەخە ئینسانی‌و ئەخلاقی‌یەکان لە پێناو بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یەکان لە لایەن ئەو وڵاتانەوە بە تێروتەسەلی لەسەر هەلومەرجی ئێستای ئێران‌و کوردستان‌و حیزبی دێموکرات‌و هەروەها خەباتی جیهانیی دژی تیرۆریسم دوا.

لە بەشێکی‌تری ڕێورەسمەکەدا پەیامەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات‌و یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لقی ناوەندی ١ی کوردستان بەو بۆنەیەوە خوێندرانەوە. پاشان چەند کۆپلە شێعر لە لایەن هاوڕێیانی پێشمەرگەوە پێشکەشی بەشداربووان کرا.

لە بەشی کۆتایی ڕێورەسمەکەدا دوو نەواری "سی‌دی" (١ـ جینایەتی موقەددەس ٢ـ کارەساتی ٢٦ی خەرمانان) پیشانی بەشداران دران.

### ناوەندی ٣ی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، بە بەشداریی تێکۆشەرانی حیزب لە ناوەندی ٣ی کوردستان‌و بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردە ئێرانی‌یەکانی دانیشتووی شاری هەولێر مەراسمی دەیەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی بەڕێوە چوو. هاوڕێیانی بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کاك کەماڵ کەریمی نوێنەری حیزب لە هەولێر لەو مەراسمەدا بەشدار بوون.

لە درێژەی بەرنامەکەدا بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی وتارێکی لەسەر ڕووداوی میکونووس‌و کەسایەتیی ڕێبەری شەهید دوکتور شەرەفکەندی پێشکێش کرد. کاك حەسەن لە درێژەی قسەکانی‌دا هەلومەرجی ئەمڕۆی وڵاتەکەشانی هێنایە بەر باس‌و ئاماژەی بە خەباتی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە ئەستێنی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی کرد.

لەو مەراسمەدا جگە لە پەیامی شوورای کوردە پەنابەرە ئێرانی‌یەکان لە هەولێر، کۆمەڵێك سروود و پەخشانی شۆڕشگێڕانە لە لایەن لاوانی دێموکرات‌و پێشمەرگە بەهەستەکانەوە پێشکەش کرا.

ꕤꕤꕤ

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## سویس

### پێکهاتنی سمینارێکی تەشکیلاتی لە سویس

پاش نیوەڕۆی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٨/٢٤، کومیتەی حیزب لە وڵاتی سویس یەکەمین سمیناری تەشکیلاتیی خۆی پاش کۆنفرانسی نوێی وڵات بۆ ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە پێك هێنا. لەو سمینارەدا باس لە سەر ئەرك‌و وەزیفەی ئەندامان کراو هەروەها چەند گەڵاڵەیەك بە مەبەستی چۆنیەتیی بەرەو پێش بردنی کاروباری کومیتەی حیزب لە وڵاتی سویس دا پێشنیار کران کە پاش وتووێژو تاوتوێکردنێکی زۆر پەسند کران. شایانی باسە کە لە هەمان ڕۆژدا بە ئیبتکاری کومیتەی حیزب، بەشی هونەریی کومیتەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە پێشانگایەکی نێونەتەوەیی کە لە وڵاتی سویس دا (EXPO-2002) [کە هەر ٣٠ ساڵ جارێك لە چەند شارێکی سویس پێك دێ‌و لەوێدا کلتووری وڵاتانو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان پیشان دەدرێ‌و بۆ ماوەی ٦ مانگ درێژەی دەبێ] ، بەشدارییان کردو بە پێشکەش کردنی چەند شێوە هەڵپەرکێی کوردی سەرنجی سەدان کەس لە بەشدارانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

✧✧✧

### کۆبوونەوەیەك لەگەڵ کومیتەی کۆمەڵە لە زوریخ

ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/٣١ی زایینی کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کومیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە شاری زوریخ دا پێك هێنا. لەو کۆبوونەویەدا باس لەسەر پێوەندی‌یەکانی هەر دوولاو شێوەی هاوکاریی دوولایەنە لە چەند پرۆژەی هاوبەش لە وڵاتی سویس کراو کۆمەڵێك باسیان لەسەر هەلومەرجی ئێستای ئێرانو کوردستانی ئێران هێنایە گۆڕێ. لە کۆتایی‌دا هەر دوولا تەئکیدیان لە سەر گرینگی پێکهاتنی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لە داهاتوودا کردەوە.

## فەرانسە

### بەشداری لە جێژنی ئۆمانیتەدا

حیزبی کومۆنیستی فەرانسە، ئەو ساڵیش جێژنی ڕۆژنامەی "ئۆمانیتە"ی ئۆرگانی حیزبی کومۆنیستی فەرانسەی لە ڕۆژەکانی،١٣، ١٤، ١٥ی سێپتامبر لە سەیرانگەی "کورنۆو" (Courneuve) هەڵکەوتوو لە دەوروبەری پاریس‌دا بەڕێوە برد. بە پێی ئاماری ڕەسمیی حیزبی کومۆنیستی فەرانسە، لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس بەشدارییان لەو جێژنەدا کرد. لەو ماوەیەدا هەزاران کەس لە بەشداران سەردانی ژووری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد کە لە شوێنێکی جێژنەکە بە ناوی "گوندی جیهانی"دا هەڵکەوتبوو. ژووری حیزبی دێموکرات بە وێنەی ڕێبەرانی هەرگیز نەمرمان، شەهیدان دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی‌و هەروەها ستاندی چاپەمەنیی حیزب‌و کۆمەڵێك پیشەدەستی‌یەکانی کوردەواری ڕازابۆوە. دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات واتە "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" وێڕای دروشمی "خوازیاری پێکهاتنی دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ موحاکمە کردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تاوانی جینایەت دژی مرۆڤایەتین" بە دیواری ژووری حیزبەوە سەرنجی بەشدارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. هونەرمەندی بەناوبانگی کورد شوانپەروەر ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی سێپتامبر بە بەشداریی خۆی‌و پێشکەش کردنی چەند گۆرانی‌یەکی ڕەسەنی کوردی، هەزاران کەس لە بەشدارانی جێژنەکەی لەگەڵ بەشێك لە موسیقاو فەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردی ئاشنا کرد.

پێویستە بوترێ کە بەشێك لەستاندی چاپەمەنیی حیزبدا بۆ بڵاوکراوەکانی "کۆمیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی لە ئێراندا" تەرخان کرابوو کە لەو بەشە لە ڕاگەیەندراوو بەیاننامەکانی کومیتەی یەکیەتیی کردەوە، بڵاوکراوەکانی دوو ڕێکخراوی دیکەی ئەندامی ئەو کۆمیتەیە، واتە ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێرانو ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راه کارگر) خرابوونە بەردیدی میوانانو بەشدارانی جێژنەکە. تەوەرەی باسەکانی جێژنی ئۆمانیتە بۆ مەسەلەی شەڕ دژی عێراق، بەجیهانیبوون، لێکۆڵینەوەو لێدوانی هۆکارەکانی شکستی چەپ لە هەڵبژاردنەکەی ئەو دواییانەی سەرۆك کۆماری‌و پارلمانیی فەرانسە تەرخان کرابوون.

بۆ لاپەڕی ١٤

# ئامانجی ئەساسیی ڕێژیم لە تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی!

تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تایبەتی زەبرێکی قورس بوو کە وە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کەوت. بە تایبەت کە ئەو برینە کاتێك کەوتە جەستەی ئەو حیزبە تێکۆشەرە کە تەنیا سێ ساڵ لە تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڤییەن و ئەویش بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێدەپەڕیو تازە دەهات کە بۆشایی نەبوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە ریزەکانی حیزبو بزووتنەوەی کوردستان دا پڕبێتەوەو برینی ئەو کۆستە سارێژ بێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێش دا بە تیرۆری دوکتۆر قاسملووو پاشان بە تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی جیا لە لەنێوبردنی ئەو دوو کەسایەتییە ناودارو تێکۆشەرە مەبەستێکی گەورەتریشی هەبوو کە بە خەیاڵی خۆی بریتی بوو لە لەنێوبردنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێبەرو ڕێکخەری جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانو کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازیو ماف ویستیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا.

هەرچەند بە داخەوە ڕێژیمی دیکتاتۆرو دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە داڕشتنو بەڕێوەبردنی گەلاڵەی تیرۆری ئەم دوو ڕێبەرە بەوەجو کارامەیەدا سەرکەوتو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرانەی لە باوەشی کورد دەرهێناو شەهیدی کردن، بەڵام هەرگیز بە ئاواتو ئامانجە ئەسڵییەکەی کە بە چۆك دا هێنانی بزووتنەوەی کوردو لێك هەڵتەکاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو نەگەیشت. چونکە ئەو حیزبە لە بەرامبەر هەر دووی ئەم کارەساتو ئەو زەبرانەو گەلێك زەبری بەژانی دیکەدا پشتی ڕاست کردەوەو ڕەوتی خەبات بۆ ئازادیو دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردی بەرەوپێش بردو وەك حیزبێکی شوێن دانەر، بە پرستیژو بە ئیعتبارو خۆشەویستی گەلی کوردو ئازادیخوازانی ئێران لە مەیدانی خەباتی دژی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی دا هەر مایەوەو نەخشی کارسازی خۆی بەجێ گەیاندو لە بەجێ هێنانی ڕەسالەتە مێژوویییەکەیدا تاوێك نەوەستا.

ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیرۆری دوکتور قاسملووو پاشانیش بە تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی نەیتوانی بە مەبەستو ئامانجە گشتیو ئەسڵییەکانی بگاو حیزبی دیمۆکرات وەك هەمیشە لەو تاقیکارییانەدا سەربەرزو سەربڵیند هاتە دەرو مەیدانی بەربەرەکانێی چۆڵ نەکرد کە ئەوەش بۆ چەند هۆکارو چەند تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو حیزبەو گەلی کورد وەك پشتیوانی سەرەکیی حیزبی دیمۆکرات دەگەڕێتەوە:

**ڕێبەرایەتیی بە کۆمەڵ:**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو هۆیەوە کە تێگەیشتنێکی چەوتی لە سەر جووڵانەوەی کوردو خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران هەبوو، لەو باوەڕەدا بوو کە بە لێدانی سەری بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانو حیزبی دیمۆکرات، دەتوانێ دڵی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دیمۆکراتیش لە لێدان بخاو بە لە نێوبردنی ڕێبەرانی گەورەی ئەو حیزبە شوێنەوارێك لە بزووتنەوەو ناوێك لە حیزبی دیمۆکرات نەهێڵێ، بەڵام لەوە غافڵ بوو کە لە مێژە ڕێبەرایەتیی جەمعیو بە کۆمەڵ لە حیزبی دیمۆکرات وەك ڕێبەری بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دا جێگیر بووەو بە لە نێوبردنی یەك، دوو یان چەند تێکۆشەری ئەم حیزبە - هەرچەند ئەو کەسانە وەك دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی ڕێبەری کارامەو لێوەشاوەو کەسایەتیی سیاسی گەورەو بە ئەزموونیش بن - نە بزووتنەوەی کورد لەنێو دەچێو نە حیزبی دیمۆکرات لێك هەڵدەتەکێ. ئەو ڕاستییەش هەر ڕاست پاش شەهید کرانی دوکتور قاسملووو دواتریش پاش شەهید کرانی دوکتۆر شەرەفکەندی دەرکەوتو بزووتنەوەی کوردو حیزبی دیمۆکرات نیشانیان دا کە زەبری بەهێزو بەژانیش تەحەممول دەکەنو برینی قورسیش هەڵ دەگرن، بەڵام نە بە چۆك دا دێنو نە لە خەباتو خۆڕاگری واز دێنن.

**سیاسەتی دروستو ئوسوولی:**

هۆیەکی دیکەی هەرمانو درێژە بە خەبات دانی حیزبی دیمۆکرات ئەو سیاسەتە ڕاستو دروستو واقعبینانەیە بوون کە حیزبی دیمۆکرات ڕەچاوی کردونو لە ژێر تەئسیری کەشو هەوای جۆراوجۆرو هەلومەرجی جیاوازدا لەبەرچاوی ون نەبوون. واقیع بینی لەو تایبەتمەندییانەی حیزبی دیمۆکرات بووە کە لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخو داڕشتنی بەرنامەی کاری سیاسیی ئەو حیزبە دا دەوری بەرچاویان هەبووە. زۆر واقعییەت هەبوون کە بۆ ئەو حیزبە تاڵ بوونو زۆر واقعییەتی دیکەش هەبوون کە دڵخۆشکەرو جێگای هومێد بوون کە هەموو ئەو واقعییەتانەی نەك بەوجۆرە کە پێی خۆشە بەڵکوو بە جۆرێك کە هەبووە بینیونیو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون.

سیاسەتی دروستو واقیع بینیی حیزبی دیمۆکرات مەوقعییەتێکی وایان لە دەرەوەو لە ئێرانو کوردستان دا بە حیزبی دیمۆکرات بەخشیوەو پێگەیەکی وا قورسو قایمو پێوەندییەکی وا ساغو شیاویان بۆ دروست کردوە کە تەنانەت بە شەهید کرانی چەند کەسایەتی، هەرچەند ئەو کەسایەتییانە لە باری حیزبییەوە پایەبەرزو لە باری ڕێبەرییەوە کارامەو لێهاتووو لێوەشاوەش بن، جێگای پێلەق نەبووە.

**پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان:**

هۆیەکی هەرە بنەڕەتیی خۆراگریی حیزبی دیمۆکراتو بەردەوامیی ئەو حیزبە لە خەباتو تێکۆشان دا پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو هەلومەرجو خۆشیو ناخۆشییەك دا لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێك ئۆگرو لایەنگری سیاسەتو دروشمەکانی حیزبی دیمۆکراتنو بەڕادەیەك لە چالاکییەکانی ئەو حیزبەدا بەشدارن کە لێك جیاکردنەوەی تێکۆشەرانو ئەندامانی ئەو حیزبەو خەڵك کارێکی ئەگەر نامومکین نەبێ زۆر دژوارە. کەوا بوو حیزبێك کە ڕیشەی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بێو لە لایەن ئەو خەڵکەوە بە شێوەیەکی بەرینو بەربلاوو بە جیددیو بە کردەوە پشتیوانی لێ بکرێو هاوکاری لەگەڵ بکرێو لە پەنا ئەوەش دا هەروەك ئاماژەی پێ کرا لە سیاسەتێکی ڕاستو دروستو واقیع بینانەش پەیرەوی بکا، هەرگیز لەنێوچوونو هەڵتەکانی بۆ نیە، نەك ئەوە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەوتی خەبات پتر دەبڕێو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ئازادیو ئامانجەکانی نزیك دەکاتەوە.

**فیداکاریو لەخۆبردوویی تێکۆشەرانی دیمۆکرات:**

بێگومان هەر حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسی کە بی هەوێ لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، سەرەڕۆ، ماف پێشێلکەرو بێبڕوا بە یاساو نەریتەکانی سەردەم، خەبات بکاو ئەوەی لەبەرچاوبێ کە لەگەڵ دوژمنێك لە بەربەرەکانی دایە کە هیچ سنوورێك بۆ ئینسان کوشتنو ماف فەوتێنیو سەرکوت ناناسێ، دەبێ خاوەنی ڕۆڵەی بەجەرگو فیداکارو لەخۆبردووی ئەوتۆ بێ کە بتوانێ هەموو ئەو ڕەنجو مەینەتو بێبەشییانەی ڕۆژانی خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئازادیو ئامانجەکانو لەنێوبردنی زوڵمو زۆر دا تەحەممول بکا. لەو پێوەندییەدا خاراو لەکڵ دەرهاتوو بێ. بە خۆشییەوە لەو بارەوە دۆستو تەنانەت دوژمنیش شاهیدن کە ڕۆڵەکانی دیمۆکرات لە ماوەی ئەو ٥٧ ساڵەی خەباتی حیزبی دیمۆکرات دا لە سەرەوە تا خوارەوەی چ گیانبازی، فیداکاریو لەخۆبردووییەکیان لەخۆیان نیشان داوە، چۆن ژیانو خۆشییەکانی ژیانی خۆیانیان فیدای درێژەی خەباتو خۆڕاگری کردووەو لە ڕەوتی ئەو خەباتەش دا چۆن سەریان داناوە یان ئامادەی سەردانانن. ڕادەی شەهیدانی حیزبی دیمۆکرات، ژمارەی کەم ئەندامان، خۆی دەربڕی ڕادەی فیداکاریی ڕۆڵەکانی ئەو حیزبەو باوەڕی پتەویان بە ئامانجەکانی گەلی کوردن. خۆ داستانی خۆڕاگری لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتیش دا ئەوەندە زۆرو سەرنج ڕاکێشنو هەر بۆیەش ئەوەندە ئاسایی دێنە بەرچاوی تێکۆشەرانی حیزب کە زۆر جار هەر گێڕانەوەشیان بە پێویست نازانن. ئەو فیداکاریو ماندوویی نەناسینو هەست بە بەرپرسایەتیی کردنە بە تایبەت لە کاتی تەنگانەو ڕۆژانی دژواردا بەڕاستی جێگای شانازیی حیزبو هەموو ئەو تێکۆشەرانەیە کە بە خوێنو سەرو ماڵو ژیانی خۆیان ڕێگای پڕسەروەریی خەبات دەبڕنو بێگومان ئەوەش خاڵی بەهێزە بۆ حیزبێکی وەك حیزبی دیمۆکرات کە کۆی ئەو هەموو تێکۆشەرو مرۆڤە فیداکارانەیە.

سەرجەمی ئەو تایبەتمەندییانەو گەلێك تایبەتمەندیی بەرچاوی دیکە حیزبی دیمۆکراتیان بە جۆرێك بە ئەزموون، خۆڕاگرو لەشکان نەهاتوو کردوە کە بە باشی بتوانێ پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی گەلی کوردو حیزبی دیمۆکرات پووچەڵ بکاتەوەو بتوانێ زەبری قورس تەحەممول بکاو برینی گەورەش سارێژ بکاتەوە. هەر بۆیەش لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندیش دا لەگەڵ هەموو داخو کەسەرێك بۆ لەدەست دانی ئەو ڕێبەرە کارزانو کارامەیە، دەبێ بڵێین کە ڕێژیم هەر چەند توانی دوکتۆر سادق تیرۆرو شەهید بکا بەڵام نەیتوانی بە مەبەستە ئەسڵیو ئامانجە گشتییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردو حیزبی دیمۆکرات دا بگا.

## درێژەی وتاری بەڕێز کاک مستەفا هیجری

جێ پەنجەی بە ڕەسمی دەرنەدەکەوت. یان ئەگەر دەرکەوتبا بە ساتوسەودا و ئیمتیاز دان بەو دەوڵەتانەی کە تیرۆرەکانیان تێدا بەڕێوە چوو بوو مەسەلەکەیان پووش بە سەر دەکردو، درێژەیان بە پیلانەکانی خۆیان دەدا، وەك ئەوەی لە تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن و دوکتور شاپووری بەختیار لە پاریس دیتمان. بەڵام کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دژی دوکتور سەعید و هاوڕێیانی یەکەم تیرۆر بوو کە لە لایەن دادگای بێرلین وەك دادگایەکی ڕەسمی و عادلانەی بێ لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە قاوداو، ئەو ڕێژیمەی لە بەرزترین پلەی دەسەڵات دا بە داڕێژەری تیرۆرەکە بە دنیا ناساند. دەوری ئەو دادگایە لە تەعقیب و موحاکەمەی بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بۆ ماوەی نیزیك بە ٣ ساڵ و، لە کۆتایی دا ڕاگەیاندنی بوێرانەی ئاکامی دادگا، زیاتر لە هەموو کاتێك سیاسەتی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی بە دنیا ناساند. بەم چەشنە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەو خەیاڵەی کە خوێنی دوکتور سەعید و هاوڕێیانیشی وەکو خوێنی دەیان سەرکردەو شەخسییەتی سیاسیی دیکەی ئێرانی دەتوانێ بکاتە وەسیلەی ساتوسەودا لە گەڵ دەوڵەتە قازانج پەرستەکاندا، ئەوجارە بە شێوەیەك کە چاوەڕوانی نەدەکرد کەوتە داوو زیندووترین بەڵگەی تیرۆریست بوونی خۆی دا بە دەستەوە.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

ئێمە لە کاتێك دا یادی دە ساڵەی شەهیدی سەرکردەمان دوکتور سەعید دەکەینەوە کە:

لە لایەك سیاسەت و ئامانجەکانی ئەو شەهیدە و باقیی شەهیدە سەربەرزەکانی حیزبەکەمان هەروا ڕووناك کەرەوەی ڕێگای خەباتمانە، سیاسەتێك کە نەفرەت لە تیرۆر و تیرۆریزم دەکاو، لە گەڵ ئەوەی بناغەدانەرانی ئەو سیاسەتە بوونەتە قوربانیی تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام حیزبەکەیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دوای ئەو سیاسەتەدا نەکشاوەو بەربەرەکانێی خۆی لە گەڵ ئەو ڕێژیمە وەك بەهێزترین پایەگای تیروریستی و تیرۆر پەرەوەری لە جیهان دا بە شێوەیەکی هەڵسەنگێندراوو عادلانە زیاتر لە دوو دەیەیە درێژە داوەو درێژە دەدا.

لە لایەکی دیکەوە جیهانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات لێ بڕاوە بۆ ڕیشە کێش کردنی تیرۆریزم وەك یەکێك لە دزێوترین دیاردەکانی ئەم سەردەمە، دیارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو ئەو حکوومەتانەدا بە نێو زڕاوترین حکوومەتی تیرۆریستی دەژمێردرێ، کە سەردەمی بە سەر چووەو کاتی ئەوە هاتووە کە وەك پەڵەیەکی شەرم لە داوێنی مرۆڤایەتیدا بسڕێتەوە، لە ڕاستی دا تا ئەو کاتەی ئەم ڕێژیمە کە بەهێزترین بنکەو پشتیوانی تیرۆریزمە لە دەسەڵات دابێ، شەڕ دژی تیرۆریزم بە ئاکام ناگا.

بیست و سێ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی سەرەڕۆیانە، سەرکوتی داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئێران، تیرۆر و زیندانی کردنی هەزاران ڕۆڵەی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە بە تاوانی بیر کردنەوەی جیاوازو، بە کورتی بەڕێوە بردنی شێوەی دەسەڵاتدارەتیی سەدەکانی نێوەڕاست کە بێجگە لە دەمارگیری و خۆ بەزلزانی تا پلەی نوێنەرایەتیی خودا، هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکە لە ڕوو بەڕوو بوونەوە لە گەڵ خەڵکی ناڕازیدا نابینی، ئاکامەکەی بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە ئەو وەزعییەتەی کە ئێستا لە ئێران دا لە گۆڕێ دایە:

قانوون بۆتە گاڵتەجاڕی دەستی تاقمێك دیکتاتۆری لە خودا بێ خەبەر کە بە ناوی خوداوە حکوومەت بە سەر خەڵك دا دەکەن. مەجلیسی شوورای ئیسلامی وەك کەرەسەیەکی بێ کەڵك کە کاتی بە سەرچوبێ وەلانراوە. نوێنەرانی مەجلیس کە وەك باوەڕ پێ کراوانی خەڵك دەبێ گیروگرفتی ئەوان باس بکەن و بۆ چارەسەرکردنیان قانوون پەسند بکەن، بە تاوانی شێواندنی زەینی خەڵك و درۆو. . . بانگ دەکرێنە دادگاکان و بێحورمەتییان پێ دەکرێ و مەحکووم بە زیندان دەبن. مەلا دەسەڵاتدارەکان کە حکوومەتەکەیان بە حکوومەتی خوداو، خۆیان بە نوێنەری خودا دەزانن، ڕەخنە گرتن لە خۆیان بە ڕەخنە گرتن لە حکوومەتی خودا دادەنێن و بەو تاوانە ئازادیخوازان موحاکەمە دەکەن و دەیانخەنە زیندان. زیندووترین بەڵگەی ئەو شێوە ڕفتارە موحاکەمە کردنی هاشم ئاغاجەرییە. ناوبراو بەو تاوانە ئێستا لە ژێر موحاکەمەدایە کە لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی خوێندکارانی دانیشگای هەمەدان گوتبووی کە لە بەینی خوداو موسوڵمانان دا پێویست بە دەوری مەلاکان وەك ناوبجی کەر ناکا.

ڕەوتی ئیسلاح تەڵەبی کە لە سەرەتادا وەك دەرمانی هەموو دەردەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرخواردی خەڵك دەدرا، ئێستا دوای نیزیك بە شەش ساڵ خەڵك بۆیان ڕوون بۆتەوە کە ئەو ئیمام زادەیەش موعجیزەیەکی پێ ناکرێ و، خاتەمی و باقیی داڕێژەرانی ئەو پلانە زیاتر لە هەموو کەس هەست بە شکستی ئیسلاحات دەکەن. لە ڕاستی دا ئێستا زیاتر لە هەموو وەختێك ئەو ڕاستییە خۆی دەنوێنێ کە ئەو ڕێژیمە ئیسلاح نابێ و تەنیا ڕێگا ڕووخانیەتی.

بەربەرەکانی کردن لە گەڵ ئەو بیرە تەسك و چەق بەستوەدا، ئەرك و شانازییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بوێرانە لەو ڕێگایەدا هەنگاو دەنێن و لە بەخت کردنی گیانی خۆشیان باکیان نیە، چوونکە ئەو بەربەرەکانییە بەرەبەرەکانی پێشکەوتوویی لە گەڵ دواکەوتویی، بەربەرەکانی دێموکراسی لە گەڵ ملهوڕی و، بەربەرەکانی نوێخوازی لە گەڵ کۆنەپەرستییە.

دوکتور سەعید و باقیی شەهیدانی حیزبی دێموکرات کە لەو بەربەرەکانییەدا وەك هەموو شەهیدان بە ئاگاهییەوە ژیانی خۆیان بەخت کردوە، مۆمێکن داگیرساو کە لەو شەوە زەنگەی نەزانی و جەهالەت دا ڕێگای خەبات ڕوون دەکەنەوە تا نەسلەکانی داهاتووی وڵاتەکەمان دووچاری ئەو دێوەزمانە نەبنەوە، چوونکە ئەوان شیاوی ژیانێکی سەربەرزانەی هاوچەرخن. مێژووی مرۆڤایەتیش سەلماندویەتی کە ئەو بەربەرەکانییە هەر چەند بەهای قورسی دەوێ، بەڵام لە کۆتاییدا هەر تاریکی ڕوو لە نەمانە و ڕووناکی لە سەرکەوتن. ئێمە هەر ئێستا تیشکی ئەو ڕووناکییە لە ئاسۆی وڵاتەکەمان ئێران دا دەبینین و گەرماکەی لە لەشمان دا هەست پێ دەکەین. بۆیە دەساڵ دوای شەهید بوونی دوکتور سەعیدی هاوڕێ و ڕێبەرمان خەمی لە دەست چوونی تێکەڵ بە مژدەی سەرکەوتنی حیزب و گەلەکەی لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا دەکەین، هەنگاوی ئێمەی هاوسەنگەرو هاوپەیمانی لە ڕێگای گەیشتن بە لووتکەی ئاوات، کە ڕزگاریی گەل و نەمانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستییە، خۆشتر دەکا.

ئێمەش ڕێڕەوانی ڕێگای دوکتور سەعید هەر لە سەر ئەو پەیمانەین کە ڕۆژی شەهید بوونی داومانە، ڕێگامان هەر ئەو ڕێگایەیەو، دوای دە ساڵ لەو ڕۆژە خەفەت بارەوە هەنگاومان شل نەبۆتەوەو ئێستاش لە بەر ڕووناکایی مۆمی وجودی دوکتور سەعیدی زانا ڕێگا دەبڕین، ڕێگای سەربەرزی شەهیدان، کە ڕێگای بەختەوەریی گەلە هەژارو بێ بەشەکەمانە.

لە دەیەمین ساڵڕۆژی شەهیدانی بێرلین ماندا، بە پێویستی دەزانین سڵاوی ئەمەگناسی بنێرین بۆ وەکیلەکان و قازییەکانی پەروەندەی میکونووس و پۆلیسی ئاڵمان کە بە بێ ئەوەی هەڕەشەو تەماع وەبەرنانەکانی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت هێندێك لە بەشەکانی دام و دەزگای ئەو کاتەی دەوڵەتی ئاڵمان کەمترین شوێنیان لە سەر دابنێ، زۆر شەرافەتمەندانە و بێ ماندوو بوون وە دوای پێ و شوێنی قاتڵەکان کەوتن، دەسگیریان کردن و حوکمی عادلانەی خۆیان ڕاگەیاند.


سڵاو لە گیانی پاکی هاوڕێیانی شەهیدمان دوکتور سەعید ، فەتتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵان و حوسێن دیهکوردیو هەموو شەهیدانی ڕێگای دێموکراسیی گەلەکەمان.

**مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران.**

# هەڵبژاردەیەك لە روانگەو بۆچوونەكانی

# دوكتور سادق شەرەفكەندی

ئا: خەدیجە مەعزوور



### فیدرالیزم باشترین شێوەی چارەسەركردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران دایە

حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران ٤٧ ساڵە دامەزراوە. دروشمە ستراتیژیيەكەی دێموكراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ كوردستانە. هۆی سەرەكیی هەڵگرتنی ئەم دروشمە ئەوە بووە كە گەلی كورد نەیویستوە ببێ بە وەكیلی گەلانی دیكەی ئێران. یانی بە جێگای ئازەری، توركمەنو بەلووچەكان قسە بكا. دەنا هەر وەك گوتمان رێگا چارەی مەسەلەی نەتەوایەتی، لەڕاستیدا بەشێكە لە مافە دێموكراتیكەكان لە ئێراندا، بە بڕوای ئێمە باشترین سیستم سیستمێكی (فێدراتیوە) كە لەودا هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێكی یەكگرتوو، ئێرانێكی دێموكراتیك بە مافی تایبەتی خۆیان، سەرەڕای كەڵك وەرگرتن لە مافە گشتییەكان، بە مافە نەتەوایەتییەكانی خۆشیان دەگەن. كەوابوو لە ئێرانی داهاتوودا ئەگەر بڕیار بێ مافی نەتەوایەتی بە باشی دابین بكرێ، لە وانەیە سیستمێكی فێدراتیو بە سەرنجدان بە فرە نەتەوەیی بوونی ئێران چارەسەرێكی گونجاوتر بێ. نموونەشی زۆرن: ئاڵمان، سویس، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. لەڕاستیدا سیستمەكان چ كۆماری، چ سەڵتەنەتی، بۆ نموونە لە ئیسپانیا، ئێوە ئاگادارن چەند ناوچەی خودموختاری لێیە. سەرەڕای ئەمەش ئەوان تازە خەریكن سنووری دەسەڵاتی ناوچە خودموختارەكان پەرە پێ بدەنو بە شێوەیەكی باشتر خودموختاری لە ناوچەكانی دیكە دابین بكەن.

ئەمن نیزامێكی [فدراتیو بۆ ئێران زۆر بە گونجاوتر دەزانم. چونكە لەڕاستیدا لە دنیای ئەمڕۆو بەتایبەت لە داهاتوودا، پاراستنی یەكیەتییو یەكپارچەیی وڵات، ئیدی بە فشارو تۆقاندنو زۆرو سەركوت مومكین نابێ. تەنیا هۆكارێك كە دەتوانێ یەكپارچەیی خاك یان یەكیەتیی خەڵكەكەی بپارێزێ ویستو ئیرادەی ئەوانە. كەوایە بۆ پاراستنی ئێرانێكی یەكپارچە، مەبەست ئێرانێكە كە فەرهەنگی هاوبەشو مێژووی هاوبەشی هەیە، دەبێ مافی دێموكراتیكی گەلانی ئێران یا كەمایەتییە نەتەوەییەكانی وەك، كوردەكان، ئازەرییەكان، توركمەنەكانو بەلووچەكان دابین بكرێ، دەتوانین ئەو كات متمانەمان هەبێ كە یەكیەتیی گەلانی ئێران بە سەرنجدان بە لایەنە هاوبەشە مێژوویی ـ فەرهەنگییەكان زۆر بەهێزو قایمتر دەبێ، دەنا بۆ هەتا هەتایە كێشەو ئاژاوە لە ئێراندا كۆتایی نایە.

***

### سەبارەت بە نیزامی پاشایەتی لە ئێرا ن دا

ئێمە لەگەڵ سەڵتەنەت تەڵەبان ئامانجی هاوبەشمان نیە. چونكە سەڵتەنەت تەڵەبان سەڵتەنتیان بە قەولی خۆیان بۆ پاراستنی یەكپارچەیی خاكو یەكیەتیی نەتەوەیی وڵات دەوێ، كە پاراستنی تەواوەتی ئەرزی تا ئێستا بیانوویەك بووە بۆ سەركوتی هەر جۆرە داخوازێكی دێموكراتیك. ئەگەر دێموكراسی لە ئێراندا هەبێ، گەلانی ئێران چ پێویستێكیان بە پادشا هەیە؟ لە ڕاستیدا ئەو دێموكراسییەی كە ئێمە لە ئێراندا داوای دەكەین لەگەڵ مەسەلەی خودموختاری یا مەسەلەی فێدراتیو لە ئێراندا هەر ئەو ناوەندییەیە كە ئێمە ئەوە بە هۆی سەرەكیی چەسپاندنو پاراستنی دێموكراسی لە ئێراندا دەزانین. ئەگەر حكوومەتێكی سەڵتەنەتی لە ئێراندا بێتە سەر كار ـ دیارە ئەو حكوومەتە سەڵتەنەتییەی كە لە ئێراندا دێتە سەر كار بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژووییو سوننەتو دابونەریتێك كە هەیەتی ـ وەك حكوومەتە سەڵتەنەتییەكانی ئورووپا نابێ. وەك سوئێدو ئەوانی دیكەش نابێ. مەیلی بۆ لای سەرەڕۆیی دەچێ كە بۆ لای سەرەڕۆیی چوو، شتێك لە دێموكراسی نامێنێتەوەو دێموكراسی بێ نێوەرۆك دەبێ. بە بڕوای ئێمە حكوومەتێكی ناوەندی لە ژێر سیبەری شا لە تاران یا لە نا ناوەندی ئێراندا كە بیهەوێ بە قەولی خۆی یەكپارچەیی خاكو یەكیەتیی وڵات بپارێزێ، سەرەڕۆییيە. لەڕاستیدا خودموختاری یا فدراتیو وەك وەسیلەیەك بۆ نەهێشتنی ناوەندی دەزانم كە بە بڕوای من ئەم ناوەندییە دەبێتە هۆی سەرەكی بۆ پاراستنو چەسپاندنی ئەو دێموكراسییەی كە لە ئێراندا دەبێ دامەزرێ یا دادەمەزرێ.(١)

### رێژیمی كۆماری ئیسلامی رێژیمی سەدەكانی نێوەراستەو لەگەڵ سەردەمو فەرهەنگی ئەمرۆ بێگانەیە

بەراشكاوی بێ ئەوەی رێكەوتێك دیاری بكەم دەتوانم بڵێم ئەم سەركەوتنە سەركەوتنێكە كە هیچ گومانی تێدا نیە. وەزعی ئێستای دنیاو ئەو رەوتەی كە دەیپێوێ، رەوتێك نیە كە ئەم حكوومەتەی ئێستای ئێران تێیدا بتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا. ئەم رێژیمە، رێژیمی سەدەكانی نێوەڕاستەو بە گشتی لەگەڵ سەردەمو فەرهەنگی ئەمرۆ بێگانەیە، كە وایە سەرئەنجام دەبێ ئێرانیش وەك هەموو وڵاتو نەتەوەكانی دیكە دێموكراتیك بكرێ. خۆی لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی نوێو مودێرن رێك بخا كە ئەوەش گومانی تێدا نیە كە سەرئەنجام خەباتی گشت خەباتگێڕێكی دێموكراتو ئازادیخوازی ئێران بە ئاكام دەگاو دێموكراسییەكی خەڵكی، دێموكراسییەكی راستەقینە كە بەرژەوەندیو ویستو داخوازەكانی خەڵك وەبەرچاو بگرێ لە ئێراندا سەقامگیر دەبێ. هیچ گومانێك لەوەدا نیە كە ئەم رێژیمە درەنگ یا زوو دەرۆخێ. بەڵام خێراییيەكەی چەندە؟ ئەمە بێگومان بەستراوتەوە بە خەباتی ئێمەو ئێرانییەكان، بەتایبەت هاوئاهەنگیی خەباتەكەمانو یەكیەتییو یەكبوونی هێزەكانمان بۆ ئامانجێكی هاوبەش. تا كاتێك ئاوا پرشوبڵاو بین، بێگومان ئەم ئاواتەمان درەنگتر دێتە دی. دووپاتی دەكەمەوە بە بڕوای ئێمە رێژیمی ئێستای ئێران بە هیچ شێوەیەك رێژیمێكی بەهێزو سەقامگیر نیە. ئەو رێژیمە رێژیمێك نیە كە هەموو خەڵكی ئێران هەڵیان بژاردبێ. ئەم رێژیمە لەگەڵ دە ساڵ لەوە پێش یانی رۆژانی سەرەتای شۆڕش زۆر زۆر جیاوازی هەیە. دیارە ئەو رێژیمە ئەگەر هێزێكی هەبێ، من ئەم هێزە بە لاوازیی ئۆپوزیسیۆندا دەزانم نە لە بە هێزیو نفووزی نێوخۆی حكوومەتدا.

### خودموختاری بەرهەمو ئاكامی دیمۆكراسییە

بە گشتی سیاسەتی حیزب لە لایەكەوە داوای دێموكراسی بۆ ئێرانو لە لایەكی دیكەشەوە داوای خودموختاری بۆ كوردستان دەكا. وەپێش خستنو وەدواخستنی ئەوەش سروشتییە. ئامانجی حیزبی دێموكرات سەقامگیر كردنی دێموكراسی لە ئێران دایەو بە بڕوای ئێمە خودموختاری لە كوردستانی ئێراندا، بەرهەمو ئاكامی دابین بوونی دێموكراسییە. بەو مانایە كە دێموكراسی ئەگەر بە مانای حكوومەتی خەڵك بێ، ئەوە خەڵك دەبێ لە بارەی هەر مەسەلەو بوارێكەوە كە پێوەندی بە وڵاتەكەیانەوە هەبێ، بڕیار بدەن. دیارە كاتێك دێموكراسی لە سەرانسەری ئێراندا سەقامگیر بوو، ئاكامی ئەم دێموكراسییە لە كوردستانی ئێراندا بە شێوەی "فیدراڵ"ی دەردەكەوێ. كە وایە دروشمەكانی ئێمە دیارن سەقامگیر كردنی دێموكراسی لە ئێراندا بە جۆرێك كە هەموو خەڵك بڕیاری چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بێو بێگومان ئەم دێموكراسییە لە كوردستاندا بە سەرنجدان بە هەلومەرجی كوردستان بە شێوەی مافی نەتەوایەتی دێتە گۆڕ. تا ئێستا ئێمە ئەوەمان بە خودموختاری راگەیاندوە. بەڵام ئەو كات خەڵك بۆ خۆی هەڵی دەبژێرێ.

***

### ئەركی رووناكبیران لە پێوەندی لەگەڵ داخوازەكانی خەڵكی كوردستان دا

لە پلەی یەكەمدا رووناكبیرانی واقیعیو دێموكراتی ئێران یانی ئەو كەسانەی كە بە قسەو بە كردەوە لە مەیدان دان، دەبێ ئەوە قبوول بكەن كە بە جێگای دروشمەكانی زەمانی سەڵتەنەتو غەیرە دەبێ دان بە مافی دێموكراتیكی خەڵكی كوردستاندا بنێنو بێ پێچو پەنا مافی گەلی كورد لە چوارچێوەی ئێراندا قبوول بكەن. ئەو كات هیچ گیروگرفتێك لە ئێراندا نایەتە پێش. (٢)

***

ئەو باسو گۆڕانكارییانە كە لە نێو بزووتنەوەی چەپی ئەمڕۆدا، بەتایبەت لە نێو رێكخراوە چەپە ئێرانییەكاندا هاتونەتە گۆڕێ، بێگومان بۆ حیزبی دێموكراتیش جێگای سەرنجو زۆر بە وردی چاوەدێری دەكرێنو هەوڵ دەدرێ تێیاندا بەشدار بێ. ئەم روانگەیە لەگەڵ هێڵە گشتییەكانی حیزب كە لە ساڵی ١٩٨٤ لە شەشەمین كونگرەی حیزبدا بە رەسمی پەسند كراو ئەویش ئەوەیە كە ئامانجی دوارۆژی حیزب لە ئێراندا، گەیشتن بە كۆمەڵێكی دێموكراتیكی سوسیالیستییە، بێگومان حیزبی ئێمە داكۆكی لە شتێك دەكا كە وەك رەوتێكی تازەی فكری لە نێو چەپی ئێراندا ناسراوە.

***

### دیمۆكراسی مەسەلەی سەرەكیی ئێمەیە

بە بڕوای من لە باری تیئورییەوە گرنگترین تایبەتمەندیی گەڕانەوە بۆ ئەسڵی ماركسیسم وەك زانستێك، بە مانای كەرەسەیەكی زانستی بۆ تاوتوێ كردنو هەڵسەنگاندنی مەسەلە سیاسیو كۆمەڵایەتی . . یەكانی دیكەیە. لە ڕاستیدا لە ماوەی سالانی رابردوودا، ماركسیسم ببوو بە رێچكە (مەزهەب)و گەورەترین پالپشتی هەموو رێكخراوەكانو ئەو كەسانە بوو كە خۆیان بە ماركسیست لینینیست دەزانیو هەمیشە قسەی بنیاتنەرانو رێبەرانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستییان وەك بەڵگە دەهێنایەوە.

ئەوە بە بڕوای ئێمە لەگەڵ شێوازو نێوەرۆكی ماركسیسمدا ناتەبایە. بێجگە لەو نموونانەی كە دەیهێننەوە، باسی ئەوە ناكەن كە ئەو قسانە لە چ هەلومەرجێكو كاتێكی مێژوویيدا گوتراونو دەبێ ئەوە قبوول كەین كە لەوانەیە خودی ماركسو ئێنگلسو لنینو ئەوانەی دیكەش لە كاتێكی مێژوویيدا بە سەرنجدان بە هەلومەرجی تایبەتو كاتو زەمانی خۆیان شتێكیان گوتبێ كە لەگەڵ ئەمڕۆدا نەگونجێ. بێگومان كۆمەڵی ئەمڕۆ لەگەڵ كۆمەڵی زەمانی ماركس جیاوازێكی زۆری هەیە. ئەمن ئەوە بە گشتی لە بارەی كۆمەڵی سەنعەتیی رۆژئاواوە دەڵێم. بێگومان تیزەكانی لنین لە بارەی كۆمەڵگای رووسیەی ئەوكات كە شۆڕشی ئوكتوبری تێدا كرا لەگەڵ كۆمەڵگای ئەمڕۆی شورەویو لەوەش گرینگتر لەگەڵ كۆمەڵی ئێرانو هەموو دنیا جیاوازی هەیە. كەوایە ئەركی هەر ماركسیستێكی راستەقینە ئەوەیە كە هەر وەك گوتم بە سەرنجدان بە هەلومەرجی دنیای ئەمڕۆو تایبەتمەندیی هەر كۆمەڵگایەك، بیری ماركس راڤە بكاو بگونجێنێو بیهێنێتە گۆڕ. نە ئەوە كە بە تەواوی لاسایی كەرەوە بێ. دووهەمین مەسەلەی سەرەكی بۆ ئێمە هەمیشە مەسەلەی دێموكراسی بووە. ئەمڕۆكە بە كردەوە ئەو راستییە سەلمێندراوە كە بایەخدانی تاكەكانی كۆمەڵ لە كارو ژیانی رۆژانەداو لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆیاندا ئەسڵێكە كە زۆر لەگەڵ سروشتی ئینسانی دێتەوە، هەر شتێكی دیكە پێچەوانەی كەسایەتی ئینسانییەو لەمپەرێكە لە سەر رێگای داهێنانو گەشەكردنی مرۆڤو كۆمەڵگادا. كەوایە دێموكراسی وەك ئەسڵی سەرەكیو ناوەندی هەموو ئەو ئالوگۆڕانە چاوی لێ دەكرێ.(٣)

***

### دیمۆكراسی بێ سەرنجدان بە مافی كەمایەتییەكانو گەلان شتێكی بێنێوەرۆكە

بە بڕوای من ئەو هێزانەی كە دەیانەوێ پێكەوە هاوكاری بكەن دەبێ لانیكەم لە سەر مەسەلە سەرەكییەكان رێك كەونو ئەگەر لە سەر مەسەلە سەرەكییەكانی دیكە رێك نەكەون، چۆن دەتوانن لەگەڵ یەك هاوكاری بكەن؟ ئێستا هەموو هێزە سیاسییەكانی ئێران باسی مەسەلەی دێموكراسی دەكەن. بەڵام بۆ ئێمە نیوەرۆكی ئەم دێموكراسییە گرینگە. ئێمە ناچینە بەرەیەكەوە كە ئەندامانی دژی مەسەلەی خودموختاری بن. چونكە بە هەر حاڵ كێشەو ناكۆكی لە سەر ئەم مەسەلە گرینگە لە داهاتوودا بە دوور نازانرێ.

دیارە ئێمە وتووێژو ئالوگۆڕی بیرو بۆچوون، لەگەڵ ئەو هێزانە رەد ناكەینەوەو سەرەڕای موخالیفەتی ئوسولی، ئامادەین لەگەڵ ئەوان لە سەر مەسەلەی جۆراوجۆر دانیشتنمان هەبێ، چونكە لە پەنا ئەو باسانە دایە كە دەتوانین وردە وردە یەكتر باشتر بناسینو لەوانەیە ئەوە هەڵوێستمان لە یەك نزیك كاتەوە. ئێمە گرینگی دەدەینە ئەم پێوەندییانە، چونكە دەبێ مەسەلەی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بكرێو پێوەندی ئێمە لەگەڵ هێزەكانی دیكە لەم بوارەوە گرنگە. بەڵام ئێمە تەنیا لەگەڵ ئەو رێكخراوانەدا بەرە پێك دێنین كە لە گەڵیاندا لە سەر مەسەلە سەرەكییەكان رێك كەوین. لێرەدا پێویستە جارێكی دیكە تەئكید بكەمەوە كە بە بڕوای من دێموكراسی بێ سەرنجدان بە مافی كەمایەتییەكانو گەلانی دیكەی ئێران بە شتێكی بێ نێوەرۆكی دەزانم. دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بكەین كە خەڵكی ئێران هەر لە فارسەكان پێك نەهاتووە، تا لە كردەوەداو لە ژێر ناوی ئێرانی بووندا، حاشا لە بوونی گەلانی دیكەی ئێران بكرێ. منی كورد وەك ئێرانییەك ناچار كراوم بە جێگای زمانی زگماكی خۆم، سەرەتا بە زمانی فارسی بنووسم. بە كردەوە من ناچار كراوم هەموو هۆییەتی كورد بوونی خۆم وەلا نێم. كەوایە بۆچی فارس لە منی كورد ئێرانیترە؟ تایبەتمەندیی هاوبەشی ئێمە ئێرانی بوونی ئێمەیە. بەڵام ئێرانی بوون لەگەڵ فارس بووندا جیاوازی هەیە. دیارە سروشتییە زمانی فارسی بەهۆی نەریتێكی كۆنو بارودۆخی تایبەتەوە، بۆتە زمانی هاوبەشی هەمووومان. بەڵام ئەوە نابێ ببێتە هۆی رەدكردنەوەی ناسنامەی گەلانی دیكە. هەربۆیە ئێمە بە سەرنجدان بە ویستی گەلان، مەسەلەی خودموختاری بە جەوهەری دێموكراسی دەزانین. بۆ وێنە ئەو گەلالانەی باس لە ئەنجوومەنە ئەیالەتیو ویلایەتییەكان دەكا بە بڕوای ئێمە هەوڵێكە بۆ رەدكردنەوەی گەلانی دیكەی ئێران. بە بڕوای ئێمە هیچ حكوومەتێك لە داهاتوودا ناتوانێ خۆی بە دێموكراتیك دابنێ كە بوونو مەوجوودیەتی گەلانی دیكەو مافی دێموكراتیكی گەلانی ئێران رەدبكاتەوە.(٤)

سەرچاوەكان:
(١) بڵاوكراوەی چشم‌انداز
(٢) گۆڤاری "فدایی"
(٣) بڵاوكراوەی "مهرگان"
(٤) مانگنامەی "راه آزادی"

# ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیری

## وێستگەیەك بۆ ڕامان و خوێندنەوەی

## دیدگاکانی دوکتور سەعید لە سەر ڕۆشنبیرو ئەرکەکانی

**خالید محەممەدزادە**

یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرچاوو هاوبەشەکانی سێ ڕێبەری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی)، بە دەست هێنانی پلەیەکی بەرزی ئاکادیمیك و هەڵکەوتەییان لە نێو بازنەی ڕۆشنبیریی ئێران و کوردستاندا بوو. قازی محەممەد سەرەڕای ئەوەی کەسایەتییەکی بەناوبانگی نەتەوەیی و مەزهەبی و باوەڕپێکراوی خەڵك بوو، شارەزایی تەواوی بەسەر چەند زمانی خاریجیشدا هەبووو پشت ئەستوور بوو بە ژێرخانێکی مەعریفی دەوڵەمەند. دوکتور قاسملوو ئەو ڕۆشنبیرە بوو کە بە تەواوکردنی بەرزترین پلەکانی خوێندن لە ڕۆژئاواو شارەزایی لەسەر ساختاری کۆمەڵگای کوردی، رینسانسی دووهەمی پاش قازی محەممەد لە بزووتنەوەی کوردستاندا پێك هێنا. دوکتور شەرەفکەندی بە پەروەردەبوونی لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی و بەدەست هێنانی پلەی بەرزی دوکتورای شیمی لە فەرانسەو تێکۆشانی بەرچاوی سیاسی و زانستی بوو بە یەکێك لە سیما دیارەکانی کوردستان و لە پاڵ ئەوەشدا بۆ ماوەی چەند ساڵ لە ئاڵۆزترین قۆناغەکانی ئەم ناوچەیەدا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستانی پاش دوکتور قاسملوو بە ئەستۆ گرت.

(١)

دوکتور سەعید کە بە یەکێك لە ڕۆشنبیرانی کوردستان دەژمێردراو لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی- ڕۆشنبیریشدا پەروەردە کرابووو قۆناغەکانی بەرزی ئاکادیمیی بڕیبوو، دیدێکی تایبەتی لە سەر ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا هەبوو، کە خراپ نیە لێرەدا ئاماژە بە هێندێك لە ڕوانینەکانی ناوبراو بکەین:

دوکتور سەعید "ڕۆشنبیر"ی وەك تاکێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ سەیر دەکردو لەو بڕوایەدا بوو کە ڕۆشنبیران ناتوانن بەدوور بن لە کێشەو ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵ و بێموباڵات بن بە نیسبەت ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین. بە دیوێکی دیکەدا ڕۆشنبیر لە ڕوانگەی ناوبراوەوە ئەو کەسەیە کە خۆی بە بەرپرس دەزانێ لە بەرانبەر کۆمەڵگاو بەشدارە لە سەرجەم کایە مەعریفی و فیکرییەکاندا و لە هەمان کاتدا دەبێ وەك ڕێبەرێکی هەڵسووڕ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکاندا بەشدار بێ. بەو حاڵەش نابێ لە بیرمان بچێ کە "هیچ شۆڕشێکی گەورەیش لە مێژووی هاوچەرخدا بە بێ ئامادەگیی ڕۆشنبیران ڕووی نەداوە، وەك چۆن هیچ بزووتنەوەیەکی دژە شۆڕشیش بە بێ ئامادەگیی ڕۆشنبیران نەکەوتۆتە سەر پێ"[(١)] بەڵام ئەم ئامادەگییەی ڕۆشنبیر لە کایە مەعریفی و فیکرییەکان و ڕۆڵ بینینی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا لە ڕوانگەی دوکتور سەعیدەوە، بەندە بەوەی کە ڕۆشنبیر سەرەتا دەبێ خۆی لە دوگماتیسمی فیکری و ئەو چوارچێوەو قەیدو بەندانەی کە تێیدا قەتیس ماوە ڕزگار بکاو وەك مرۆڤێکی ڕەهاو ئازاد ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. ئا لێرەدایە کە دوکتور سەعید ڕاشکاوانە وەبیری ڕۆشنبیری ئێرانیی دێنێتەوەو دەڵێ: "لەو بڕوایەدام کە ڕۆشنبیری ئێرانی دەبێ لەو چوارچێوەو قاوخەی کە تێیدایە خۆ ڕزگار بکاو لە هەوڵی تێکشکانی دوگمەکان و هەڵوەشاندنەوەی تابۆکاندا بێ"[(٢)] ڕۆشنبیری ئێرانی زیاتر دەستەمۆو دیلی ئەو پێگەو ئایدئۆلۆژیایەی بووە کە خۆی تێیدا بینیوەتەوە، لە ڕاستیدا ئەمانە بانتر لە ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیك نین کە بە ئۆرگانەوە بوونیان هەیە. ئەم دەستەیە لە ڕۆشنبیران دیدو ڕوانگەیەکی هەڵقوڵاو لە ئەمری واقیع یان نیە بەڵکوو ئەوە ئۆرگان و پێگەی ئایدئۆلۆژیایە کە چوارچێوەو جۆری ڕوانینی ئەوان دیاری دەکا، وەك ڕۆشنبیرانی بەناو چەپ و ئیسلامی و ڕوانگەیان بە نیسبەت مەسەلە نەتەوەیییەکانەوە. بەڵام ڕۆشنبیر لە ڕوانگەی دوکتور سەعیدەوە کەسێکی یاغییە دژ بە شتە بەتابۆ کراوەکان و سنوورە دەستکردەکان. لە دیدی ناوبراوەوە بەو دەرەنجامە دەگەین کە تا ڕۆشنبیر خۆی لە فەزایەکی ئازادو ڕەها نەبینێتەوە ناتوانێ تێکشکێنەری تابۆکان بێ و لێرەدا ڕۆشنبیر سەرەتا بە مەبەستی شوێن دانەربوونی لە کۆمەڵگادا پێویستی بە خوێندنەوەی ناخی خۆی و ڕوانینەکانی بە نیسبەت کۆمەڵگایەوە هەیەو سەرەتا پرسیارەکان ڕووبەڕووی خۆی دەکرێنەوە. ئەم تێگەیشتنە بە ئێمە دەڵێ تا ڕۆشنبیر هەست بە بەرپرسیارەتی نەکا ناتوانێ لەو تەنگەبەرەیە دەرباز بێ کە خۆی تێدا مەڵاس داوە. ڕۆشنبیران لە ڕوانگەی دوکتور سەعیدەوە ئەو کەسانەن کە بە دوورن لە هەڵاتن لە بەرپرسیارەتی و لە بورجی عاج مانەوەو گۆشەگیریدا.

(٢)

دیدی شوڤینیستی و دەسەڵاتپەرستانەی بەشێك لە ڕۆشنبیرانی فارس بە نیسبەت مەسەلە نەتەوەیییەکانەوە سەرپۆشێکی بەرچاوبوون لە شاردنەوەو حاشا لێکردنی ساختاری نەتەوەیی و فەرهەنگی لە وڵاتداو چەواشەکردنی بیروڕای گشتی لە ئاست ئەم کێشەیەدا. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم شێوە دیدو تێڕوانینە هەڵبژاردنی شوێنی ژیانی لە هاووڵاتیان بەربەست کردوە. دوکتور سەعید بە هەست کردن بەم ڕاستییانە ڕوو لە ڕۆشنبیرانی وڵات دەکاو دەڵێ: "ڕۆشنبیرانی ئێران دەبێ تێ بگەن کە پێکهاتنی وڵاتێك و هەڵبژاردنی ژیان لە چوارچێوەی جوغرافیای هەر وڵاتێکدا تەنیا بەپێی حەزو هەستی ڕیشەدارو خۆازراوە نەك بەپێی گوشارو چوارچێوەیەکی تەنگەبەری لە پێشدا دیاری کراو."[(٣)] گومانی تێدا نیە کە هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و پێکهێنانی وڵاتێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی، پێویستی بە لەبەرچاو گرتنی حەزو خولیاکانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە. واتە خودی ئینسانەکان ئازادن و دەبێ ئازاد بکرێن لە هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و کاریان، بەڵام ئەم مافە لە ئێرانی بەڵالێدراوی ئێمەدا روخسارێکی دیکە بە خۆوە دەگرێ و زۆر جار هاووڵاتیان لە دیاری کردنی شوێنی ژیانیان بێبەش دەکرێن. ئەم بەشە لە ڕۆشنبیرانی ناوەندنشین بێ سەرنجدان بەم واقێعە هەمیشە هاوکات لەگەڵ حاکمییەتدا لە هەوڵی سەرخستنی گوتاری یەکسانکردنی نەتەوەیی لە ئێراندا بوون و بێدەنگ بوون لە بەرانبەر کۆچ و کۆچاندنی هاووڵاتیانی ئێرانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. لە یەك ڕستەدا ئێران بۆ ئێرانییەکان بێ ڕاگرتنی حورمەتی ئێرانییەکان و ماف و داخوازەکانیان بێجگە لە ئیددعایەکی بێنێوەرۆك و کاتی چی دیکە نیە.

(٣)

"ڕۆشنبیری واقیعی و دێموکراتی ئێران، واتا ئەوانەی کە تەنیا دروشم نادەن، دەبێ قبووڵیان بێ کە لە باتی دووپاتکردنەوەی دروشمەکانی سەردەمی پاشایەتی، باوەڕ بێنن بە مافە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان و پشتیوانی لێ بکەن."[(٤)] بەداخەوە زۆر نین ئەو ڕۆشنبیرە ئێرانییانەی بە ڕاشکاوی پشتیوانییان لە ماف و داخوازە ئینسانییەکانی گەلی کورد کردبێ و داخوازەکانی گەلی کوردو ویست و ئامانجەکانی هەمیشە لە ژێر ناوی جیاییخوازی و . . . هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوەو ڕۆشنبیرانی فارس لە باتی ئەوەی کە ڕوونکەرەوەی زەینی چەواشەکراوی بیروڕای گشتی بن زۆر جار بێدەنگییان لە پێش گرتوەو ئیعترافیان بە ڕاستییەکان نەکردوە. هەر بۆیە دوکتور سەعید واقیعییەتێکی حاشاهەڵنەگر دەخاتە بەرچاوی ڕۆشنبیران و خۆبواردنی ڕۆشنبیران لەم واقیعەش شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

**سەرچاوەکان:**

**(١)- " چەند ویستگەیەکی فیکری و ئەدەبی" ڕۆلی ڕۆشنبیر ـ ئیدوار سەعید**

**(٢)- بازتاب وقایع کردستان در مطبوعات فارسی زبان ـ چاپ پاریس**

**(٣) و (٤) هەمان سەرچاوە**



---

## دەنگدانەوەی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی

تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی کەسایەتیی ناسراوی کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا بەلە بەرچاوگرتنی کەسایەتی و ئەو نەخشەی کاك دوکتۆر سادق لە بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا هەیبوو دەنگدانەوەیەکی بەرین و بەربڵاوی لە هەواڵدەرییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا هەبوو. هەروەها دژکردەوەی جۆراوجۆری دەربڕینی نەفرەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك ئەنجامدەری ئەم جینایەتە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەدواوە بوو.

لە کاتی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی دا هەلومەرجێکی تایبەتی لە کوردستانی عێراق لە گۆڕێدا بوو. هەر بۆیە زۆرترین شەپۆلی نارەزایەتیی ئاشکرا هەر لەو شارانەداو لە دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سەری هەڵدا، ئەنجومەنی وەزیران ٣ ڕۆژ تەعتیلی ڕەسمییان ڕاگەیاندو لە شارەکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی و ڕانیەدا کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە چووو، بە هەزاران کەس لەم بۆنەیەدا بەشدار بوون، خەڵکی لە ڕێپێوانی چەند هەزار کەسی و چەندین هەزار کەسیداو لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دیانا، قەڵادزێ، ڕانیە، خەلیفان، پێنجوێن، دەربەندیخان، هەڵەبجە، زەڕایەن و سەنگەسەرو . . . ئوردوگای ڕۆمادی دەنگی نارەزایەتییان بەرامبەر تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی و پەنجەی تاوانیان بۆ لای کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕاکێشا. لە شارەکانی کوردستانی ئێران داو لە ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانی حاکم بەسەر وڵاتەکەشمان دا لە سنەی خوێناوی ڕا بگرە تا خۆی و ماکۆ بەرگی ماتەم لەبەرکراو دووکان و بازاڕەکان بە ئاشکرا دەرگایان گاڵە دەدرا. هەرچەند ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانی بە پێداکردنی ڕەنگ و لێدانی نیشانە لە دەرکەی دووکانە داخراوەکان هەوڵیان دا تا خەڵك بترسێنن و ناچاریان بکەن لەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیە پاشگەز ببنەوە، بەڵام چیان پێنەکراو خەڵکی کوردستان یەکپارچە هاودەنگی و هاودەردیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نیشان دا. بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە لە بەرامبەر ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەیەی خەڵك دا بوون بە "ئەلفە" و "تالوێر" بەردەبوونە شکاندنی قفڵی دووکانەکان، بەڵام لەم کارەشیان دا سەرکەوتوو نەبوون و خەڵکیان بۆ نەگێردرایەوە سەر دووکانەکانیان. هەموومان باش لەبیرمانە کە لەو ڕۆژەداو لەو جووڵانەوە شۆڕشگێڕانەیەدا ڕێژیم دەستەوەستان مایەوەو لە بەرامبەر ئیرادەی گەل دا داما.

ڕێژیم و بەرپرسەکانی دوای دژکردەوەی خەڵك زیاتر هەستیان کرد کە بەڕاستی هەستی کوردایەتی لە نێو ڕۆڵەکانی گەلی کورد دا تا چ ڕادەیەکەو حیزبی دێمۆکراتیش چەندە خۆشەویستی خەڵکە. هاوپێوەندی و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حیزبەکەیان، لەو ڕۆژەدا ئەو ڕاستییە تاڵەی دووبارە بە دوژمنان چێژتەوە کە حیزبی دیمۆکرات واتە گەلی کوردو گەلی کورد واتە حیزبی دیمۆکرات. ئەگەرچی ڕێژیم لە کردەوەی تیرۆریستیی میکونووس دا توانیبووی گیانی ئازادیخوازێکی کارامەی وەك دوکتور سادق شەرەفکەندی بستێنێ، بەڵام شتێکی گەورەتری لە دەست دا. لەخۆڕا نیە کە گوتوویانە پیاوی گەورە مردنەکەشی گەورەیە. تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی بووە هۆی دەرخستنی ڕووی دزێوی ڕێژیم بۆ هەموو خەڵکی دنیا، هەر لەو پێوەندییەدا بوو کە تەواوی وڵاتانی ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپا لە دوای بڕیارە مێژوویییەکەی دادگای میکونووس لە ١٩٩٧/٤/١٠داو لە هەڵوێستێکی یەکدەست دا سەفیرەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوەو بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران گەیاندە کەمترین ئاستی خۆی. هەروەها لەو دادگایەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕەسمی وەك تاوانبار ناسراو ڕێبەرانی ئەسڵیی ڕێژیم و لە سەرەوەی هەموویان دا خامەنەیی وەك سەرۆکی "شورای عملیات ویژه"[(*)] و دەستووردەری سەرەکیی تیرۆرەکە ناسێندرا.

بەم جۆرە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕەسمی و لە لایەن دادگایەکی بێلایەنی وەك دادگای ئاڵمانەوە وەك ڕێژیمێکی تیرۆریست لە قەڵەم درا. زۆربەی کەسایەتییە ناودارە ئێرانیی و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەو بۆنەوە پەیامیان ناردو هاودەردیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی و پشتیوانییان لە خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ویست و داخوازەکانی کرد. ڕۆژی ١٠/٤/١٩٩٧ پاش ڕاگەیاندنی حوکمی کۆتایی دادگای میکونووس لە لایەن سەرۆکی دادگاوەو پاش ئەوەی ئەو خەڵکەی کە لە دەرەوەی دادگاکە کۆبوونەوەو چاوەڕوانی بیستنی دوایین حوکمی دادگا بوون، لە نیوەڕۆکی حوکمی دادگا ئاگادار بوون کارنەواڵێکی شادی وەڕێ کەوت."[(١)] ئەم کارنەواڵە وەك سەمبولی سەرکەوتنی بەرەی دیمۆکراسیخوازی بە سەر ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران وابوو، خەڵکی لەبەردەم دادگادا بە بەرزکردنەوەی وێنەی شەهیدانی ڕێبەر، قاسملووو شەرەفکەندی لە دژی ڕێژیم دەستیان بە دروشمدان کردو بە سەدان فیلم بەردارو هەواڵنێری ڕاگەیەنە گشتییەکانی وڵاتانی جیهان لەو ڕێوڕەسمەو ڕاگەیاندن و دەرچوونی حوکمەکە وێنەیان هەڵگرتەوەو ڕاپۆرتیان ئامادە کرد. هەروەك چۆن تیرۆری دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی دەنگدانەوەیەکی جیهانی بە دواوە بوو، دەرچوونی حوکمی دادگاش بە شێوەیەکی دیکە دەنگدانەوەیەکی گەورەو گرینگی بەدوادا هات.

**سەرچاوە:**

**سەفەری بێگەڕانەوە ـ سەلام عەزیزی ـ لاپەڕە١٩١**

**(*) شوورایەکە کە لە ڕێبەری نیزام و سەرۆك کۆمارو وەزیری دەرەوەو وەزیری ئیتلاعات و سەرۆکی سوپای پاسداران پێك هاتوەو عەمەلیاتی تیرۆرەکان بەبێ ئەو شوورایە بەڕێوە ناچن.**

# ژیاننامەی شەهیدانی بێرلین

ئامادە کردنی: شۆڕش



## دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ڕێبەری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی، ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو ئایینی لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایك بوو. لە منداڵیدا باوکی لە دەست دەداو سەرپەرستی‌یەکەی دەکەوێتە سەر شانی برا گەورەکەی، شاعیری میللیو نیشتمانپەروەری کوردستان مامۆستا هەژاری نەمر. سەردەمیی منداڵیی کاك سادق شەرەفکەندی هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانو دامەزرانی کۆماری کوردستاندا. ڕێنوێنیو ئامۆژکاری‌یەکانی برا زاناو خەباتگێڕەکەی دەبێتە هۆی نەخش بەستنی زورێك لە دیمەنەکانی قۆناخی مێژوویی ئەو کات لە بیرو زەینیدا. هاوڕێ کاك سادق بەشێك لە خوێندی سەرەتایی لە بۆکانو پاشان کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرسانەوە، بەشەکەی دیکەی خوێندی سەرەتاییو دەورەی ناوەندی لەو شارەو کۆتایی قۆناخی دەبیرستانی لە تەورێزدا تەواو کردو ساڵی ١٣٣٨ لە "دانشسرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمیی وەرگرتو هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای دەرسی شیمیو هەتا ساڵی ١٣٤٤ هەتاوی لە شارەکانی ورمێو مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتی‌یەوە خەریك بوو. سەرەنجام "ساواك" ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ ڕەوا نەدیو لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی دیکەی هاوبیری بۆ شارەکانی ئەراكو کەرەج دوور خرانەوە.

هاوڕێ کاك سادق لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بۆ زانستگەی تەربیەت موعەللیم گوێزرایەوەو وەك یاریدەدەری مامۆستای زانستگە دەرسی شیمیی دەوتەوە. لە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی بە کەڵك وەرگرتن لە بورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسەو دوای چەند ساڵ مانەوە لەو وڵاتەدا توانی دوکتورای شیمی ئانالیز (شیمی تجزیە) لە زانستگەی فەرانسە وەرگرێ. دوکتور شەرەفکەندی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی گەڕایەوە تاران‌و وەك "استادیار"ی شیمی لە زانستگەی تەربییەت موعەللیم درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا.

دوکتور شەرەفکەندی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی کاتێك لە پاریس خەریکی خوێندن بوو، لەگەڵ ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملووو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووو داوای ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە رابیتی نێوان دوکتور قاسملووو ئەندامانی کۆنی ڕێبەرایەتیی حیزب. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمۆکرات، لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، بوو بە موشاوێری کومیتەی ناوەندیی حیزبو لە کۆنگرەی چوارەمی هەمان ساڵدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێرداو بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا.

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ کاری تەواو وەخت بانگ کرایەوە کوردستانو لە پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندیی لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. دوکتور شەرەفکەندی لەو کاتەوە نازناوی "سەعید"ی بۆ دیاری کراو لە دەرەوەو نێوخۆی حیزب هەر بە دوکتور سەعید ناودەبردرا. کاك دوکتور سەعید لە کونگرەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەمو نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کومیتەی ناوەندییشدا هەموو جارێ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە. دوکتور سادق لە ماوەی بوونی لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا زۆرتر بەرپرسایەتیی بەشی تەبلیغات (رادیۆو چاپەمەنی)ی لە سەر شان بوو. لە ساڵی ١٣٦٥ـ یشەوە هەتا شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنمان ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو.

هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور سادق لە یەکەم پلۆنۆمی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرداو لە کونگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە تا کاتی شەهیدبوونی ئەركو بەرپرسایەتیی قورسی "سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران"ی بەرێوە دەبرد.

هاوڕێی تێکۆشەر کاك دوکتور سادق شەرەفکەندی سەرەنجام لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١، وێڕای هاوڕێیان کاك فەتتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا، کاك هومایون ئەردەڵان کادری بەوەجی حیزبەکەمانو دۆستی بە ئەمەگو لە مێژینەی حیزبەکەمان کاك نووری دێهکوردی بە دەستی چەپەڵی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری بێرلین شەهید بوو.



## شەهید فەتتاح عەبدولی

هاوڕێی هەڵسووڕو خەباتگێڕ کاك فەتتاح عەبدولی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی "وەزنێ"ی ناوچەی سندووسی نەغەدە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لە دایك بوو. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە پێشدا لە زێدەکەیو دواتر لە نەغەدە تەواو کرد. بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران دژی حکوومەتی پاشایەتی کاك "فەتتاحی عەبدولی"ش وەك زۆربەی لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان پێی نایە مەیدانی سیاسەتو هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە وەرگیرانی لە یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتدا پێی نایە مەیدانی خەباتو تێکۆشانی حیزبی‌یەوە.

کاك فەتتاح لە یەکەم دەورەی پێگەیاندنی کادردا بەشداری کردو لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٩ ڕا وەك کادرێکی هەڵسووڕو لێوەشاوە لە ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا جێی خۆی کردەوە. کاك فەتتاح لە یەکەمین کۆنفرانسی کومیتەی شارستانی نەغەدەدا کە بە دوای دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبدا پێك هات، بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانی نەغەدە هەڵبژێردرا. بەدوای بەشداری لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرداو لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە وەك بەرپرسی کومیتەی شارستانی سنە دیاری کرا. هاوڕێ فەتتاح عەبدولی لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێرداو بەرپرسایەتیی کومیتەی مەڵبەندی یەکی باشووری کوردستانی کەوتە سەرشان. لە دوای پلۆنۆمی دووهەمی پاش کۆنگرەی حەوتەمدا وەك بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت درێژەی بە ئەركو تێکۆشانی حیزبی دا. کاك فەتتاح لە کۆنگرەکانی هەشتەمو نۆهەمدا سەر لەنوێ وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێرایەوە.

ساڵی ١٣٦٨، بە دوای شەهید بوونی سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور قاسملووی نەمرو کاك عەبدوڵڵای قادری‌ئازەر ـ نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات ـ کاك فەتتاح لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە ئەرکی نوێنەرایەتی حیزبی لە دەرەوەی وڵات کەوتە سەرشانو بۆ جارێکی‌تریش لێهاتوویيو کارامەیی خۆی لەو بەرپرسایەتی‌یەدا سەلماندو تا کاتی شەهید بوونی بەرێوەبەری ئەم بەرپرسایەتی‌یە بوو.



## شەهید هومایون ئەردەڵان

شەهید هومایوون ئەردەڵان کوڕی سەیفوڵڵا خان "مظفرالسلطنه اردلان" لە بنەماڵەی ئەردەڵانی‌یەکانی سەقز بوو. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە سەقز تەواو کرد. ساڵی ١٣٥٦ لە زانستگەی سەنعەتیی تاران درێژەی بە خوێندن دا. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران زانستگای بەجێ هێشتو ساڵی ١٣٥٧ بۆ بەشداری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورددا، ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد.

کاك هومایون بە هۆی کارزانی، تێگەیشتوویيو لێهاتوویی خۆیەوە توانی پلە تەشکیلاتی‌یەکانی حیزب یەك بە دوای یەکدا ببڕێو بەرپرسایەتی زیاتر وەئەستۆ بگرێ. کاك هومایوون لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب (١٣٦٢)دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرداو وەك ئەندامی کومیتەی "ناوەندی ئاژوان" چووە باشووری کوردستان. پاشان لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە بەرپرسایەتیی حیزب لە سەقزی خرایە سەرشانو هەتا ساڵی ١٣٦٤ ئەم بەرپرسایەتی‌یەی بەرێوە برد. کاك هومایون لە کۆنگرەی حەوتەمدا بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی خۆی کاندید نەکرد، بەڵام بەرپرسایەتیی کاروباری ماڵیو ئەرکی جێگری بەرپرسی نەخۆشخانەی "٢٥ی گەلاوێژ"ی وەئەستۆ گرت.

پاش کۆنگرەی هەشتەم لە سەر ئیجازەی حیزب، کاك هومایوون چووە دەرەوەی وڵاتو لەوێش بۆ ساتێك وازی لە تێکۆشانی سیاسی نەهێنا. لەو ماوەیەدا کە لە "ئاڵمان" دەژیا، وەك ئەندامێکی هەڵسووڕ بەشی زۆری کاتی خۆی بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکە حیزبی‌یەکان تەرخان کردبووو هەتا دوا کاتەکانی ژیانی بە ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبەکەی وەفادار مایەوەو سەرەنجام وێڕای "کاك دوکتور شەرەفکەندی"، کاك فەتتاح"و هاوڕێ "نووری دێهکوردی" کەوتە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیو شەهید بوو.



## شەهید "نوری‌دهکردی"

شەهید حوسێن ئەحمەدی کە هاوڕێیانی بە "نوری دهکردی" بانگیان دەکرد، ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی لە "شهر کرد"ی ئۆستانی "چهارمحالو بختیاری" لە دایك بوو. لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٤٠دا سەفەری ئورووپای کردو لە زانستگەی "لیوبن"ی ئۆتریش خەریکی خوێندن بوو. چەند ساڵ دواتر چووە بێرلینو لەوێ درێژەی بە خوێندن دا. "نوری" هەر لە سەرەتای قۆناغی خوێندکاری‌یەوە دەگەڵ کۆنفدراسیۆنی جیهانیی خوێندکاران کەوت. لە کۆنگرەی ساڵی ١٣٥٤ی کۆنفدراسیۆنی جیهانی‌دا بە سەرۆکایەتی ئەم ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا.

"نوری دهکردی" یەکێك لە بەرهەڵستکارە بەناوبانگەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بووو لە کاتی دەستپێکردنی جموجۆڵە ئێعترازی‌یەکانی خەڵك دژی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا لەگەڵ هاوڕێیانی هاتەوە ئێران. پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لەگەڵ ژمارەیەك لە دۆستە هاوبیرەکانی ڕێکخراوێکی چەپ، سەربەخۆو ئازادیخوازیان بە ناوی یەکیەتیی چەپ (اتحاد چپ) دامەزراندو بەرپرسایەتیی دەرکردنی "پیام آزادی" ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیەی وەئەستۆ گرت.

شەهید نووری بە پەرەگرتنی سەرکوتو توندوتیژی ڕێژیمی ئیسلامی لە هاوینی ١٣٦٠دا شوێن پێی هەڵگیراو بە ناچار بنەماڵەکەی بەجێ هێشتو ژیانی نهێنی هەڵبژارد. ساڵی ١٣٦١ هاتە کوردستانو لەوێ خەبات بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی درێژە دا. لە ماوەی دوو ساڵ مانەوەی لە کوردستان لە نێوان ئەوو دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی‌دا دۆستایەتی‌یەکی قووڵو بەهێز پێك هات. هاوڕێ نووری هاوپێوەندیو تێکەڵاوی‌یەکی گەرمی لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبدا هەبووو حیزبی دێمۆکراتیش ئەویان بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرد. لە ساڵی ١٣٦٣ چووە بێرلینو لەگەڵ بنەماڵەکەی کە لەم شارە دەژیان، یەکیان گرتەوە. لەوێ بە ئەرکی یارمەتی گەیاندنو ڕاپەڕاندنی کاروباری پەنابەران لە ئۆردوگاکانی خاچی سوور خەریك بوو.

لە ساڵی ١٣٦٨ پەرەی بە هەوڵو تێکۆشانی خۆی بۆ نیزیك کردنەوەی پاشماوەی کەسایەتیو هێزە چەپو سەربەخۆو ئازادیخوازەکان داو لە نووسینو ڕێکخستنی دەقی "گەڵاڵەی پێشنیاری هەڵسەنگاندنی نیزیکایەتیی نەزەریو کردەیی هێزە چەپە دێمۆکراتەکان بە مەبەستی بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوو"دا چالاکانە بەشداری کرد. هاوڕێ "نوری دهکردی" وێڕای نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالیستی سوسیالیستدا بەشداری کرد. پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە، ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ کاتێك شانبەشانی کاك دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێکانی لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران خەریکی چاوپێکەوتنو وتووێژ بوون، بە دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا.

کۆمەڵێك نووسراوەو وتار لە شەهید نووری بەجێ ماون کە لە بڵاو کراوەکانی "اتحاد چپ"، "پیام آزادی"، نامە پارسی"، "پیمان"، "شانزدهم آذر"و . . . لە چاپ دراون.

## دوکتۆر عەلی ڕەزا نووری زادە:

# تیرۆری دوکتور سەعیدو هاوڕێیانی لە جیاتی ئەوەی پشتی حیزب بشکێنێ، پشتی ڕێژیمی شکاند

**هاوڕێ مەولوود سوارە بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئینگلستان، بەبۆنەی دەیەمین ساڵرۆژی تیرۆری ناجوامێرانەی دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ناودار دوکتور عەلیڕەزا نووریزادە کردوە. وەرگێڕاوی هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی ئەو بەڕێزە لەو دیدارەدا بڵاودەکەینەوە.**

ڕێزو سڵاوم بۆ هەموو براکوردەکانم هەیە لە هەر کوێ هەن، مامۆستا حەسەنزادە هەمیشە پێم دەڵێ: "خوزگە کوردەکان منیشیان هێندەی تۆ خۆش ویستبا"و ئەوەش شانازییە بۆ من. جیا لەوەی کە هاوسەرەکەم کوردەو ڕێز خوشەویستیی من بۆ کوردەکان لە خوشەویستیی هاوسەرەکەم، بنەماڵەکەی، سەرزەوییەک کە خۆشم دەوێ‌و هەروەها لە ڕێزو ئەمەگم بۆ گەورە پیاوانێك وەك ڕەحمەتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو، شەهیدی گەورەی کوردستان‌و ئێران، ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوە کە ببمە ئۆگری کێشەی کوردستان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك ڕێبەرو پێشڕەوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران‌و کوردستاندا. هەروەها پێویستە بڵێم کە بەشێکی دیکە لە ئاشنایی من لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان دا لە ڕێگای ئەو ڕۆژنامەو کتێبانەی باوکمەوە بوو کە بە نهێنی لە سەردەمی منداڵیم دا دەمخوێندەوە. سەرەتا لەوێوە بوو کە لەگەل گەورە پیاوانی وەك قازی محەممەد دا ئاشنا بووم.

بەڵام من کاتێك بەتەواوی لە کێشەی کورد تێگەیشتم کە دوکتۆر قاسملووی نەمرو خەباتی پر لە شانازی‌و پرشنگداری حیزبی دیموکراتی کوردستانم ناسی کە لە ساڵی ١٣٥١(١٩٧٢) دا بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتمە بەریتانیا. لێرەدا بە هۆی چالاکیی خوێندکارییەوە لەگەل خوێندکارە کوردەکاندا ئاشنا بووم‌و پاشان لە لەندەندا کتێب فروشی‌یەکی بچووك هەبوو کە بڵاوکراوە چەپی‌یەکان‌و هەروەها بڵاوکراوەکانی حیزبە نەیارەکان‌و هی کونفیدراسیۆنی‌یەکانی دەفرۆشت‌و هەموو ڕۆژێك بەوێدا ڕادەبردم‌و بڵاوکراوەکانی حیزبیم دەکڕین‌و بەرەبەرە لەم ڕێگایەوە زانیاریم لەسەر کێشەی کوردستان پەیدا کرد. لە بیرم ناچێتەوە لە دەورانی شۆڕشدا ڕەنگە لەو کەسانە بووم کە بۆ یەکەم جار لە پێوەندی لەگەل کێشەی کوردستاندا بابەتم نووسی. هەواڵێکی سەیرتان بۆ بگێڕمەوە کە ئەودەم لەبارەی مەلا مستەفا بارزانی‌یەوە بڵاویان کردەوە، هەواڵەکەش ئەوە بوو کە هێندێك کەس گۆڕی مەلا مستەفایان لە شاری شنۆدا داوەتەوەو تەرمەکەیان دەرهێناوە. من لەبەر ئەوەی کە مەلا مستەفا کورد بووو خەزوورم ڕێزی لێ دەگرت، زۆرم پێ ناخۆش بوو بۆیە لە گۆڤاری ئێران دا چوار لاپەڕەم لەسەر مەلا مستەفا نووسی‌و ڕەنگە ئەمەش لەو باردۆخەدا سەیر بووبێ. هەر بەم هۆیەوە خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی تەلەفۆنی بۆ کردم، ڕۆژێکمان دیاری کردو پێکەوە لە شوێنێك فراوینمان خوارد، ئەمەش بووە هۆی ئاشنایەتیم لەگەل چەند کوردێکی دیکەدا کە یەکێکیان سەربەستجافی هاوپۆلم بووو کاتێك براکەیان ئیعدام کرد من لەوێ بووم. مەبەستم ئەوەیە کە من لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کوردەکانم دەناسین. بەڵام کاتێك لەگەل هەیئەتی ئاشتی‌و وتووێژدا وێرای داریووشی فرووهەری نەمردا چوومەوە کوردستان (زۆر سەیرە بە هەموویان دەڵێین نەمر، گشتیان لێ ئەستاندین). قاسملووم لەوێدا دی‌و لە ڕاستی‌دا چووە دڵمەوە.ئەم پیاوە وەك قوتبێك وابوو، واتە وەك گڕکانێکی زۆر هێمن وابوو. زۆرمەندو لەسەرەخۆ بوو. ئاشنایەتیی لەگەڵی‌دا زۆر بۆ من مایەی شانازی بوو کە گەرامەوە، بابەتێکم لەو پێوەندی‌یەدا نووسی‌و پاشان پێوەندیی نێوان من‌و کاك عەبدولڕەحمان بەردەوام بوو. ئەم ئۆگری‌یەی من بە کوردستان‌و دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو وای کرد کە من تەنانەت دواتر کە ناچار بووم ئێران بەجێ بێڵم بەردەوام ئاگاداری کارو چالاکیی دوکتۆر بووم. لە بیرمە کاتێك دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو بۆ یەکەم جار (پاش شۆڕش) هاتبووە پاریس، لە ڕێگای کەسێکەوە پەیامێکی بۆ ناردبووم‌و وتبووی پێم خۆشە قسەت لەگەلدا بکەم. بەم شێوەیە من ئاگادار کرامەوەو خێرا تەلەفونم بۆ کرد. لوتف‌و خوشەویستی‌یەکی زۆری دەرهەق بە من نیشان دا. پێم گوت دوکتۆر قاسملوو، لە بەشداریی ئێوە لە شوورای بەرگریی نیشتمانی، ـ ئەم بەرەیە کە ئێستە پێك هاتوە ـ چونکە چوارچێوەیەکی وا بۆ ئێوە زۆر بەرتەسکەو تەنیا مەبەستیان سەرگەرم کردنی ئینسان‌و کەلك وەرگرتن لە ئێوەیە. هەڵوێستەیەکی کردو پێی وتم کە کاکە گیان نیگەران مەبە زۆریش ناخایەنێ. وەڵامەکەی سرنجراکێش بوو. لە بیرمە کاتێك وێڕای هاوڕێی ئازیزم مێهدی خانبابا تێهرانی لە خزمەتی دوکتۆردا بووین، دوکتۆر پێی وتم، لە بیرتە ئەو ڕۆژە چیم پێ گوتی، وتم: بەڵێ لەبیرمە، گوتی، ئەمن ئەودەم کە تۆ ئەو قسەیەت کرد، وتم تۆ چەندە باش بۆ مەسەلەکە دەچی، وادیارە تۆ دەزانی کە ئەمن چم لە دڵ دایە. لە ڕاستی‌دا هەر کاتێك دوکتۆر بهاتبایەتە پاریس لوتفی لەگەڵ دەکردم‌و ئیجازەی دەدا کە چاوم پێی بکەوێ‌و قسەی لەگەڵدا بکەم.

دەمەوێ بیرەوەری‌یەکی تاڵی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە ئەویش ئەوەیە کە بەر لە شەهید بوونی دوکتۆر من لەگەڵ کاك عەبدوڵڵای قادری‌دا قسەم دەکرد،وتی: دوکتۆر پاش نیوەڕۆ دێ بۆ ئێرە. دوکتۆر لای عەسر هات‌و قسەی لەگەڵ کردم‌و وتم: دوکتۆر، پێم خۆشە پێکەوە وتووێژێك بکەین. وتی: زۆر باشە بابیکەین. وتی: من سەفەرێکی کورتم لە بەرە، دوایە پێکەوە دادەنیشین. وتم: دوکتۆر با ئەم وتووێژە بکەین، پاشان سەفەرەکەت بکە. چونکە دەستم وێت ڕاناگا، وتی، زۆر چاکە. من وتووێژەکەم لەگەڵ دوکتۆر کردو ڕۆژی هەینی لە گۆڤاری "الدستور"دا بڵاو بۆوە. من چاوەڕێ بووم لە سەفەر بگەڕێتەوە تا بە تەلەفۆن کاتێك دیاریی بکەین کە هەم گۆڤارەکەیان بدەمێ‌و هەم چاومان پێك بکەوێ‌و دیسان پێکەوە دانیشین. من کە هەواڵەکەم بیست بەراستی زۆر بۆم دڵتەزێن بوو. لە ڕاستی‌دا ئەو ڕۆژە بۆ من یەکێك لە تاڵترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو.

لە ڕاستی‌دا ئەو ڕۆژە یەکێك لە ڕۆژە هەرە تاڵ‌و ناخۆشەکانی ژیانم بوو، دەگریام‌و حەجمینم لێ بڕابوو و لە وەزعێکی نائاسایی‌دا بووم. ئەمن بەردەوام وا هەست دەکەم، واتە شانازی بەوەوە دەکەم کە بۆخۆم‌و هاوسەرەکەم‌و منداڵەکانم، وێکڕا خۆمان لە ئێوە دەزانین‌و هیوادارم کە شایانی ئەوە بین کە ئێوە لە خۆتانمان بزانن. من لە ناخی دڵەوە خۆشم دەوێن، ئێوەی کوردو بەتایبەت ئەو کەسانەی کە سەرەڕای ئەو هەموو سەختی‌و ناهەمواریيانە لە ڕیزەکانی حیزبی قارەمانی دێموکراتی کوردستاندا بە خۆڕاگرییەوە خەریکی خەباتن‌و تەنیا ئەو شانازی‌یەیان بەسە کە تاقە حیزبی ئێرانین کە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان"یان وەك دروشمی ستراتیژیکی خۆیان هەڵبژاردەوو بە کردەوە نیشانیان داوە کە دیموکراتن‌و باوەڕیان بە دیموکراسی‌یە.

**دوکتور عەلیرەزا نووری زادە لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی‌و جیاوازیی ئەو تیرۆرە لەگەڵ تیرۆری دوکتۆر قاسملوودا بەم جۆرە بیروڕای خۆی دەردەبڕێ:**

ڕاستە کە تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو و دوکتور سادقی شەرەفکەندی، هەردووکیان هەر تیرۆر بوون‌و هەر بە کردەوەیەکی ناجوامێرانە دەژمێردرێن. بەڵام من پێم وایە کە لە تیروری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی‌دا دوو کۆمەڵە هۆکاری جیاواز نەخشیان هەبوو. هەموومان دەزانین کە دوکتور قاسملووی نەمر دوای شەڕ تیرۆر کرا، لە سەردەمی شەڕی کەنداوی فارس‌دا بوو. ڕێژیم پێی وابوو کە پاش شەڕی کەنداوی فارس، لەوانەیە کۆمەڵێك کێشەی بۆ ساز بن، بۆیە ترس‌و لەرزێکی زۆری لێ نیشتبوو و بۆ ئەوەی ترس‌و نیگەرانیی خۆی بڕەوێنێتەوە، گشت ئەو هۆکارانەی کە بە کردەوە ببوونە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەری، لە نێوی بردن. ئەگەر ئێوە سەرنج بدەن، زنجیرەی قەتڵەکان کە لە دوکتور قاسملووڕا وەك کاریگەرترین کەسایەتیی نێو نەیارانی ڕێژیم دەستی پێ کردو تا گەیشتە تیروری دوکتور بروومەندو دوکتور بەختیار، واتە لە ڕاستی‌دا ڕێژیم دەیەویست لە گشت لایەکەوە خەیاڵی خۆی ئاسوودە بکا. مەسەلەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی، مەسەلەیەکی جیاواز بوو. چونکە دوکتور شەرەفکەندی لە هەلومەرجێك‌دا تیرۆر کرا کە ڕێژیم دەیەویست کێشەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی‌دا یەکلایی بکاتەوە. ئەمەش لە کاتێك‌دا بوو کە ڕەفسەنجانی هەوڵی دەدا کە لە سایەی بە قسەی خۆی سیاسەتە "پراگماتیك"ەکانی‌دا، کێشەکانی بە وتووێژ چارەسەر بکا. [کاربەدەستانی ڕێژیم] پێیان وابوو کە هێندێك کەس‌و لایەن لەم پێوەندی‌یەدا بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگایان.

لە ئورووپا دەسەڵات لە دەست حیزبە سوسیالیستەکاندا بوو، ئەگەر سەرنجێکی وەزعی ئەو سەردەمە بدەن، دەزانن کە زۆربەی دەوڵەتانی ئورووپایی بە دەستی حیزبە سوسیالیستەکانەوە بوون، کاتێك کۆبوونەوەی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیستەکان پێك دەهات، بەردەوام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێی‌دا بەشدار بوو و بە باوەڕی من ئەو کات نەخشی حیزبی دێموکرات لە ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا نەخشێکی زۆر گرنگ‌و بەرچاو بوو. بۆ نموونە چاو لێ بکەن ڕێژیم لەو بارودۆخەدا گەلێك گەڵاڵەو پلانی جۆراوجۆری لە لوبناندا بەدەستەوە بوون‌و خەریکی جێبەجێ کردنیان بوو، لە پڕ هەواڵ بڵاو دەبۆوە کە بەڕێز "وەلید جونبەلات" لە ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیستدا لەگەڵ دوکتور سادقی شەرەفکەندی دانیشتوەو وتووێژ دەکا. ڕێژیم کەوتبووە گێژاوی قەیرانێکەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تێکۆشانی سیاسی‌و پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی خۆی دەیتوانی پیلانەکانی ڕێژیم پووچەڵ بکاتەوەو نەهێڵێ نەخشەو گەڵاڵەکانی لە ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جێبەجێ بکا.

ئەگەر لە کوشتنی ناجوامێرانەی دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو و کاك عەبدوڵڵای قادری‌دا تەنیا بەشێ لە حاکمییەت دەستی هەبوو، لە تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی‌دا سەرجەم دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بەشدار بوون. ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، واتە ئەگەر بەشێك لە حاکمییەت سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لەبەر پێشینە مێژوویی‌یەکەی‌و هەروەها لەبەر ئەو کەسایەتی، ناوبانگ‌و ڕێزو خۆشەویستی‌یەی کە هەیبوو لە نێوی بەرن‌و دەیان گوت ئێمە دەبێ دوکتور قاسملوو لەسەر ڕێگای خۆمان نەهێڵین تا بتوانین دەسەڵاتی خۆمان جێگیر بکەین، لە پێوەندی لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی‌دا سەرجەم سەرانی ڕێژیم، حیزبیان وەك کۆسپێك لەسەر ڕێی خۆیان دەزانی. ئەوان لە لای خۆیان وایان بیر دەکردەوەو دەیانگوت کە بە تیرۆری شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی، حیزبی دێموکرات ئاشبەتاڵ دەکا. ئەوان لەبیریان چووبۆوە کە بە دوای ڕێبەرە مێژوویی‌یەکەی واتە دوکتور قاسملوودا، حیزب توانی پشت ڕاست بکاتەوەو دەسبەجێ بۆشایی نەبوونی پڕ بکاتەوە. ڕاستە کە هەر گوڵێك بۆن‌و بەرامەیەکی تایبەتی هەیە، دوکتور قاسملوو دوکتور قاسملووەو شەرەفکەندی شەرەفکەندی‌یە، کاك هیجری، کاك هیجری‌یەو مامۆستا مامۆستایەو . . .و ئەمانە هەر کامەیان خاوەنی بۆن‌و بەرامەی خۆیانن. بەڵام ئەوە نیشانەی لێوەشاوەیی‌و ئەزموونی حیزبە کە توانی دەمودەست ئەو بۆشایی‌یە پڕ بکاتەوە.

ڕێژیمێك کە هیچ کات نەیتوانیوە ژیرانە بیر بکاتەوەو بەردەوام بە هەڵەدا چووە، پێی وابوو کە بە تیرۆری شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی، حیزبی دێموکرات تێك دەشکێنێ‌و چیدی ناوونیشانێ لە حیزب ناهێڵێتەوە. چوونکە لەو ڕووداوانەی کە لە باکووری عێراق‌دا ڕوویان دابوو یان ڕوویان دەدا تۆقی بوون‌و هەروەها دەیان گوت ئەم زەربەیە بە جۆرێك دەبێ کە ئیتر هیچ کەس ناوێرێ بەربەرەکانێمان لەگەل بکا. چوونکە کاتێك ئێمە ئەوەندە بەهێزین کە دەتوانین بچینە نێو ریستورانێکەوەو چەند کەسێك وێکڕا بکوژین، چیدی کەس ناوێرێ دژایەتیمان بکا، لەو کاتەدا ڕووداوێکی سەیر رووی دا "دیدی کە خون ناحق پروانە، شمع را چندان امان نداد کە شب را سحر کند." (دیتت کە خوێنی بەناهەق ڕژاوی پەروانە نەیهێشت کە شەم ڕۆژ بکاتەوە.) ئەمانە دەستیان چووە خوێنی دوکتور شەرەفکەندی‌یەوەو لە کن خۆیان دەیان گوت: ئەمە کە بۆ ئێمە کارێکی گران نیە. خۆ ئێمە پێوەندیی بازرگانیمان لەگەڵ ئاڵماندا هەیەو وەزیری ئیتلاعاتمان دەچێتە ئاڵمان- بۆخۆتان دەزانن کە من لە بەسەرهاتی "سەعیدی ئیمامی"م کۆڵیوەتەوەو تا ئێستا چوار کتێبم لەسەر قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان نووسیون. جارێك هەر لەم پێوەندی‌یەدا چوومە ئاڵمان، خەریکی لێکۆڵینەوە بووم لە خانمێك کە لەگەڵ ناوبراو (سەعیدی ئیمامی) پێوەندیی هەبوو. بۆم دەرکەوت کە ئاغای سەعیدی ئیمامی بۆ ڕابواردن کچە هاوڕێیەکەی لەگەڵ خۆی هەڵ دەگرت‌و دەچووە ئاڵمان. بیری لێ بکەنەوە کە پێوەندییان چۆن بووە کە جێگری وەزارەتی ئیتلاعات دەچێتە ئاڵمان‌و لەگەڵ کچە هاوڕێیەکەی‌دا ڕای دەبوێرێ. ئەمە نیشان دەدا کە ئەوان دەیان گوت کە ئەم کارە دەکەین‌و هیچ گیروگرفتێکمان بۆ پێك نایەو ئەو پەڕەکەی وای دابنێین کە دوو ڕێککەوتننامەی دیکە لەگەڵ ئاڵماندا مۆر دەکەین‌و ئاڵمانی‌یەکانیش لە بیر خۆیانی دەبەنەوە. هەر وەك مەسەلەکەی بەختیار لە فەرانسەی لێ دێ.

بەڵام بە هەوڵ‌و هیممەتی حیزب، بە هیممەتی ئێرانی‌یە ئازادیخوازەکان‌و بە هیممەتی ئەو کەسانەی کە بەڕاستی دەبێ سڵاویان بۆ بنێرین، بۆ ئەوانەی کە تا پای گیان ڕاوەستان‌و نەیان هێشت کە ئەم پەروەندەیەش ببێتە فیدای بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و ئابووری‌یەکان. بەڕاستی بەجێیە من لێرەدا ناویان بێنم. چوونکە ئەگەر بڕیار بێ مرۆڤ مەسەلەیەك لە مێژوودا تۆمار بکا [نابێ لە گرنگی‌و بایەخی هەڵوێستی ئەوانەی لەو پێوەندی‌یەدا نەخشیان هەبوو، چاوپۆشی بکا] من بۆخۆم لە بیرو بۆچووندا زۆر لە بەڕێز بەنی‌سەدرەوە دوورم‌و لە گەلێك بوارو مەسەلەدا بۆچوونی ناوبراوم بەدڵ نیە. بەڵام هەڵوێستی بەنی‌سەدر لە دادگای میکونووس‌دا زۆر گرنگ بوو. هەوڵ‌و تێکۆشانی دەسماڵچییش پڕبایەخ بوو. تێکۆشانی ئەو گرووپەی کە چوون‌و لێکۆڵینەوەیان کردو ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان دایەوە دادگا، کارێکی پڕبایەخ بوو، دیارە لە پەنای هەوڵی حیزبدا کە زۆر وردو بەجێ کاری کردو بە ئاکامەکەشی گەیشت.

تیرۆری دوکتور سەعیدو هاوڕێیانی لەباتی ئەوەی پشتی حیزب بشکێنێ، پشتی ڕێژیمی شکاند. ڕێژیم لەو دەمەی‌ڕا نەیتوانی پشت ڕاست بکاتەوە. جگە لەمە ئەگەر لەبیرتان بێ دوای ئەم تیرۆرەش‌و پاش ئەو حوکمەی دادگای بیرلین دای، ڕووی ئەم ڕێژیمە بە تەواوی ڕەش ببوو و هەرچەندە هەوڵ بدەن‌و بە هەر سابوونێك بیانەوێ ڕوومەتی بشۆن، ڕووی ڕەشی سپی نابێتەوە. کۆماری ئیسلامی لە بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهاندا ڕێژیمێکە کە تیرۆریستی بۆ تیرۆری هاووڵاتیانی خۆی ناردوەو گرتنی دارابی‌و ئەو تاقمە تیرۆریستەش یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ ئەوەی تۆڕەکانی تیرۆری ڕێژیم بناسرێن.

سەرجەم ئەم مەسەلەو ڕووداوانە گرنگن‌و نیشان دەدەن کە حیزب چەندە باش توانی ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێ‌و نەیهێشت بۆشایی‌یەك دروست ببێ‌و دەسبەجێ پاش شەرەفکەندی کاك (مستەفای) هیجری هات‌و دواتر مامۆستا هات‌و ئەوەی کە کەسێ دەبێتە ڕێبەری حیزب‌و پاشان ئەو ئەرکە بۆ ڕێبەرێکی دیکە بەجێ دێڵێ‌و گشت ئەمانە لە نێو خۆی حیزبێك‌دا بەدی دێت کە توکمەو ڕێکوپێك خەبات دەکا. بەڕاستی ئەمانە هەموو مایەی شانازی‌و جێگای ئافەرینن.

☆☆☆



# دوکتور سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەرو سیاسەتمەدارێکی دڵسۆز

ع. رەهنموون

ئەگەر بمانەوێ ژیانو خەباتی کاك دوکتور سەعید شەرەفکەندی بخەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە، باشتر وایە کە ئەم ژیانە پڕ لە خەباتو شانازییەی بکەین بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەم، ئەو ساڵانەی ژیانی دەگرێتەوە کە هێشتا نەبووە ئەندامی حیزبی دێموکراتو بەشی دووهەم، لە کاتێکەوە دەست پێ دەکا کە شەرەفی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێ بەخشرا.

بەشی یەکەمی ژیانی ئەو کەسایەتییە مەزنە لە ساڵی ١٣١٦وە (واتە لە ساڵی لەدایك بوونیەوە)، دەست پێ دەکاو تا ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی درێژە دەکێشێو ئەم بەشە لە ژیانی بەسەریەکەوە ٣٦ ساڵ دەخایەنێ. کاك دوکتور سەعید لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبوو. بەڵام چونکە لە خێزانێکی نیشتمانپەروەردا چاوی بە دنیا هەڵ هێنابوو و هەروەها تەمەنی منداڵیشی هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین چەخماخەی سەرکەوتنو ئازادی ـ واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان ـ بۆیە هەمیشە خۆشەویستیی خاك، گەلو نیشتمان ببووە بەشێکی گرینگو دانەبڕاو لە شوناسو بوونی ئەو. بەڵام بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی ئەو بە بیرەوەریی خۆشو زێڕین نەئاخنرابوون، چوونکە هەر لە ماوەیەکی کورتی دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان دا نەهامەتیو هەرەسهێنانی کۆماری کوردستانیش بووە بەشێکی جێگیر لە هزرو بیریو سەرکەوتنو شکست ببووە دوانەی دژبەیەکی بیرەوەرییەکانی.

شتێکی دیکە کە لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژەی پێبکەین، کاریگەریی شاعیرو نووسەری مەزنی کورد مامۆستا هەژارە لە سەر کەسایەتیی کاك دوکتور سەعید. هەروەك دەزانین مامۆستا هەژار برای کاك دوکتور سەعید بووو هەروەها مامۆستا هەژار لە لایەن پێشەوای زاناوە شانازی نازناوی شاعیر میللی پێبەخشرا بوو.

ئەم هۆکارانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر کەسایەتیو هزرو بیری کاك دوکتور سەعید هەبووو ببوونە هۆی ئەوە کە ژیانی بەنرخی خۆی بۆ ڕزگاریو ئازادیی نەتەوەکەی تەرخان بکا. پێویستە ئەوەش بڵێین کە سەردەمی دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، سەردەمی زەبروزەنگو سەرکوتی بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بووو ئەم سەرکوتو زەبرو زەنگانە، کارێکی وایان کردبوو کە بەشێکی بەرچاو لە شۆرشگێڕانو ئازادیخوازانی دێمۆکرات ئاوارەی هەندەرانو کوردستانی عێراق بن. لەم ساڵە دژوارانەدا هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی لەگەڵ سەرکوتو زەبروزەنگی ساواك دا ڕووبەڕوو دەبۆوە. بۆیە کاك دوکتور سەعید لەم سەردەمە تاریكو ئەنگوستەچاوەدا ڕێگای خوێندنو زانستی بۆ دڕدان بەو شەوە تاریكو قەترانییانە هەڵبژاردو قەڵەمەکەی هەڵکردو چرای زانستی کردە ڕێنوێنی ئامانجو هیواکانی. ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٣٨دا لە "دانیشسەرای عالیی تاران" لیسانسی شیمی وەرگرتو بۆ ئەوەی خوێندنو زانستەکەی بخاتە خزمەتی گەلەکەیەوە، گەڕایەوە کوردستانو تا ساڵی ١٣٤٤ لە شارەکانی ورمێو مەهاباددا ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتیی قوتابخانەی بە باشترین شێوە ڕاپەڕاند. لەو ماوەیەدا کاك دوکتور سەعیدو هاوڕێیانی بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابییانی کورد ماندوویی نەناسانە تێکۆشانو هەر ئەم هەوڵو تێکۆشانە بووە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو کە تا ئەو کات شتێکی بێوێنە بوو لە زانستگادا وەربگیرێن. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە ساواك ترسی لێ بنیشێو هەست بە مەترسی بکا، چونکە کاربەدەستانی ڕێژیم بە باشی دەیانزانی کە ئەگەر ڕۆڵەکانی گەل وشیارتر ببنەوەو چەکی زانست هەڵبگرن، هەرگیز ناچنە ژێرباری ستەمو زۆرداری. ساواك بۆ ئەوەی ئەو مەشخەڵە پڕشنگدارە لە قوتابییانی کورد بستێنێتەوە، کاك دوکتور سەعیدو ژمارەیەك لە مامۆستایانی دڵسۆزی بۆ شارەکانی دیکەی ئێران دوور خستەوە. بەڵام کاك دوکتور سەعید زۆر بە باشی پەی بە گرنگیی چەکی زانستو فێربوون بردبوو، بۆیە ساڵی ١٣٥١ بۆ درێژەدانی خوێندن بەرەو فەرانسە وەڕێ کەوت.

لە پاریس دا بوو کە ژیانو خەباتی کاك دوکتور سەعید وەرچەرخانێکی چارەنووسسازو قووڵی بە خۆیەوە دی. ئەو وەرچەرخانەش بریتیی بوو لە ئاشنایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ ڕێبەری زانای حیزبی دێمۆکرات، واتە کاك دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو. هەر لە چاوپێکەوتنێکی کورت دا کاك دوکتور قاسملوو کەسایەتیی بەرزی کاك دوکتور سەعیدی بۆ دەرکەوتو پێشنیاری پێکرد کە ببێتە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. کاك دوکتور سەعیدیش وەك ڕێبوارێکی ڕێگای ئازادی پێشنیارەکەی قاسملووی ڕێبەری لە سەرچاو داناو لێبڕاوانە دەستی کرد بە هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێبەری مەزنی حیزبی دێمۆکرات دا. لێرەوەیە کە ژیانی کاك دوکتور سەعید دەچێتە قۆناغێکی پڕ بایەخەوەو بەشی دووهەمی ژیانو خەباتی دەست پێدەکا.

کاك دوکتور سەعید لە ساڵی ١٣٥٥دا دوکتورای شیمیی ئانالیز وەردەگرێو وەك مامۆستای زانکۆ لە زانستگای تەربییەت موعەللیمی تاران دەست بە خزمەت دەکاتەوە. پێش گەڕانەوەی کاك دوکتور سەعید بۆ ئێران لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە یەکەمین مەئموورییەتی حیزبی پێ دەسپێردرێو دەبێتە ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان دوکتۆر قاسملووو ئەندامانی لەمێژینەی حیزب کە لە نێوخۆی وڵات دا درێژەیان بە تێکۆشان دەدا. دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێرانو لە ساڵی ١٣٥٨دا بوو بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو دواتر وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزب لە شاری تارانی کەوتە ئەستۆو لە ساڵی ١٣٥٩دا بۆ کاری تەواو وەخت لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بانگ کرایەوە کوردستانو لە پلینۆمی ساڵی ٥٩دا وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. کاك دوکتور سەعید لەبەر لێزانیو لێوەشاوەیی لە کۆنگرەکانی ٥و ٦و ٧و ٨و ٩دا وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی درێژەی بە خەباتو تێکۆشان داو لە ساڵی ٦٥وە تا کاتی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو، وەك جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە خزمەت حیزبو گەلەکەی دا بوو.

هیچ کەسێك ناتوانێ حاشا لە ڕۆڵی گرینگو چارەنووسسازی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتو خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دا بکا. بۆیە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، مەسئولییەتێکی مێژوویيو دژوار کەوتە ئەستۆی کاك دوکتور سەعید. کاك دوکتور قاسملوو لە هەلومەرجێکی دژواری مێژوویی دا گیانی بەخت کردو شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە خەریك بوو هێندێ کەسو لایەن نیگەرانی چارەنووسی حیزبو بزووتنەوە بکاو دوژمنان بە سەرکەوتنی پیلانەکانیان دڵخۆش بکا. بۆیە کاك دوکتور سەعید لە وتارێکی مێژوویی دا ئاماژەی بەم کۆستە گەورەیە کردو چۆنیەتیی درێژەدانی ئەو ڕێگا دژوارو پڕلە شانازییەی دەست نیشان کردو گوتی: "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیو عەبدوڵڵای قادری، ئەندامی بەوەجی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی زەبرێکی گەورە بوو کە لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەو دیموکراتیکی کوردستانی ئێران درا. بەڵام لە کاتی تووشبوونی هەر ڕووداوێك دا ـ خۆش یان ناخۆش ـ مەسەلەی هەرە گرینگ دژکردەوەیەکە بەرامبەر بەو ڕووداوە نیشان دەدرێ. ئەمەش ڕاست ئەو نوختە بنەڕەتییەیە کە ئەمڕۆ لە دژکردەوەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیو دیمۆکراسی لە ئێران دا بە گشتیو بە تایبەتی خەڵکی کوردستانو تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات دا بە شێوەیەکی جێگای ئافەرین خۆی دەنوێنێ. چونکە دژکردەوەی ئۆگرانی ئازادیو خەباتگێرانی ڕێگای مافە ئینسانییەکان جگە لە دەربڕینی هاودەردییەکی دڵسۆزانەو پڕ لە هەستو نیشاندانی پشتیوانییەکی بەربڵاو یەکپارچە لە تێکۆشەرانی حیزبیو هاندانیان بۆ درێژەپێدانی شێلگیرانەی ڕێگای قاسملوو، شتێك نەبووە. خەڵکی کوردستانیش بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە نیشانیان دا کە بۆ پساندنی زنجیری ژێردەستیو گەیشتن بە ئازادی پێش هەموو شتێك ئومێدیان بە حیزبی پێشڕەوو خەباتگێری خۆیان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. کەوابوو بۆ ئەندامانی حیزبو بە تایبەتی بۆ کادرو پێشمەرگەکانی واتە یارانی نزیکی قاسملووی شەهید کە بڕیاریان داوە ڕێگای ڕێبەرو فەرماندەری هەڵکەوتووو کارامەو هاوسەنگەری لێوەشاوەو خۆشەویستیان بە لێبڕاوییەوە بڕن (١)

هەر لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە ڕەگ داکوتانی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستان دا دەکاو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حیزبی دێمۆکرات لەوە ڕیشەدارترە کە ڕەشەبای داگیرکەران بەلای دا بێنن. بۆیە دەڵێ: "حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئیدی دارێکی قەد ئەستوورەو ڕیشەی لە قووڵایی خاك دا داکوتاوەو لکوپۆپی بۆ هەموو لایەك هاویشتوە. بۆیە بە هەڵکردنی ڕەشەبایەك ناشکێو بڕینی هەر لکێکی هەر چەندیش گەورەو پڕ بەربێ، لە هەڵدانو بەرگرتنی ناخا". (٢)

کاك دوکتور سەعید دوای شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو بەرپرسایەتیی بەرز کردنەوەی ورەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کەوتە ئەستۆو هەر دوای ئەو کۆستە گەورەیە، ڕووی لە ڕێژیمی دژی گەلی کردو لە چەند ڕستەی شۆرشگێڕانەدا کە تەعبیریان لە باوەڕی قووڵی ئەو بە شۆرش دەکرد، گوتی: "ڕێژیمی ئاخوندی، گەلانی ئێران بە ئاشکرا بۆ مەیدانی شەڕو بەربەرەکانێ لەگەڵ خۆی بانگ دەکاو ئێستا ماوەتەوە سەر ئێمە کە کەنگێو چۆن لەشکان نەهاتوویی هێزی یەکگرتووی خۆمانی پێنیشان بدەینو تامی تاڵی شکستو تێك ڕووخانی پێ بچێژین".(٣)

کاك دوکتور سەعید باوەڕێکی قووڵی بە هێزی لەبن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵك هەبووو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە حیزبی دیمۆکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. بۆیە هەر کە بەرپرسایەتی دژواری سکرتێریی حیزبی کەوتە ئەستۆ، پەیمانی بە کۆمەڵانی خەڵك دا کە درێژەدەری ڕێگای دوکتۆر قاسملووو ڕێگای سووری شەهیدان بێو تا سەرکەوتن یان شەهید بوون دەست لەو ڕێگا پیرۆزە هەڵنەگرێ. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەی گوت "بە پێویستی دەزانم لەم هەلومەرجە ناسكو مێژوویییەدا جارێکی دیکە ئێوە خەڵکی بەشەرەفو ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی، دڵنیا بکەم کە ئێمە تێکۆشەرانی دیمۆکرات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کە کەوتۆتە سەرشانمان زۆر باش هەست پێدەکەینو زۆر بە ئاگاهییەوە بڕیاری یەکجارەکیمان داوە کە هەموو هێزو توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتۆر قاسملوو، یانی ڕێگای خەباتی کۆڵنەدەرانە لە پێناوی ئازادیو دێمۆکراسیو مافە ئینسانییەکان دا بکەین تا لەم ڕێگایەدا ـ کە ڕێگای سووری شەهیدانە ـ یان سەربکەوین، یان بە شانازییەوە وەك شەهیدە ئازیزەکانمان سەردابنێین". (٤)


کاك دوکتور سەعید کاتێ بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب ئەرکی خۆی لە یەکەمین هەنگاودا زۆر بە باشی بەڕێوە بردو نەیهێشت کە ورەی پێشمەرگە قارەمانەکانو خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان بەرەو کزی بچێ. دووهەمین هەنگاوی مێژوویی ئەو فرموولە کردنی ڕێگای پڕ لە شانازی دوکتور قاسملوو بوو. ئەو یەکەمین کەس بوو لە نێو حیزبی دیمۆکرات دا کە ئاماژەی بە ڕێگای دوکتور قاسملوو کردو هێڵە گشتییەکانی داڕشتو لە سەر ئەوە پێی دادەگرت کە دەبێ وانەکانی دوکتۆر قاسملوو بکرێتە ڕێنوێنی ڕێگای پڕ لە کەندوکۆسپی خەبات. بۆیە لەم بارەیەوە دەی گوت: "ئەگەر بمانەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتۆر قاسملووی نەمر لە یەك دەرس دا کورت بکەینەوە ئەو دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆلای هێزی خۆمان ڕاکێشاو تێی گەیاندین کە ئەگەر دڵنیاییمان بە خۆمان بێو پشتی یەکتر بگرین خاوەنی چ توانایەکی گەورە کە پەیکەری زۆرداران وەلەرزە دەخاو تووشی پەلەقاژەی مەرگیان دەکا". (٥)

کاك دوکتور سەعید دروشمی "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"ی خستە سەر زاری لاوانی شۆرشگێڕو ئەم دروشمە بووە پلاتفۆرمی لاوانی بەهەستو شۆرشگێڕی کوردستان. کاك دوکتور سەعید دوای ئەوەی کە سەرکەوتوانە ئەم هەلومەرجە ناسکە مێژووییەی بڕی، هەوڵی دا کە زانیاری زیاتر بدا بە ئەندامانی حیزبو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. یەکێك لەو وانانە ناسینی زیاتری ڕێژیمی ئاخوندی بوو، ڕێژیمێك کە هەمیشە هەوڵی دەدا کۆمەڵانی خەڵك بەلارێدا بباو هەر ڕۆژەی بە چەشنێو هەر ساتەی بە دروشمێك فریویان بدا. بۆیە لە بارەی ڕێژیمی ئاخوندییەوە دەی گوت: "ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران بە یەك مانا دەتوانین بە ڕێژیمی "قسەو دروشم" ناوبەرین. ڕێژیمێك کە لەودا پێوانەی ئەساسی بۆ لێوەشاوەییو کارامەیی بریتییە لە شارەزا بوون لە قسە کردنو دروشم دان دا، نێوەڕۆکی قسەکەش گرینگییەکی ئەتۆی نیە. گرینگ شکڵو شێوەی قسەکەیە، بە جۆرێك کە بتوانێ بە هاسانی هەستی گوێگری ساویلکە ببزوێنێو سەرنجی ڕابکێشێ هەتا ئەو کاتە کە بەرە بەرە نێوەڕۆکی بەتاڵی ئەو قسەیە دەردەکەوێ. ئینجا قسەیەکی دیکەو دروشمێکی تازەو . . .هتد".(٦)

کاك دوکتور سەعید بۆ باشتر ناساندی حیزبی دیمۆکرات، حیزبی ڕاستینی لە حیزبی چەواشە جیا دەکردەوەو تیشکی دەخستە سەر گرینگی ویستو داخوازەکانی خەڵك بۆ حیزبێك کە خۆی بە ئامرازی وەدیهێنانی ویستو داخوازەکانی خەڵك بزانێو لەم بارەیەوە دەی گوت: "حیزبی ڕاستین، یان حیزبێکی خەڵکی وەك حیزبی دیمۆکرات، پێویستە لە لایەك بیروڕاو مەبەستەکانی خۆی بەرێتە نێو خەڵكو بڕیارەکانی بە خەڵك ڕابگەیەنێ، لەم لاشەوە نەزەری خەڵكو بیروڕای گشتی لە سەر ڕەوتی جووڵانەوەو لە سەر بڕیارو کردەوەکانی حیزب وەربگرێو بیانکاتە ڕێنوێن بۆ خۆی کە وەسیلەی ئەم کارە "ڕێکخراوە" ".(٧)

کاك دوکتور سەعید لەگەڵ ئەوەدا کە باوەڕێکی قووڵی بە دیمۆکراسی هەبوو، بەڵام هەمیشە لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە دیمۆکراسی بەبێ نەزمو دیسپلین ناتوانێ دێمۆکراسییەکی ڕاستەقینە بێ، بۆیە ئەو باوەڕی بە دیمۆکراسییەك هەبوو کە نەزمو دیسپلینی لێ بکەوێتەوە. بۆیە لەم بارەیەوە دەی گوت: "دیمۆکراسی بەهیچ جۆر بە مانای تێکەڵو پێکەڵیو کەس بە کەسی نیە. بە پێچەوانەوە دیمۆکراسی ڕاستەقینەو نەزمو ڕێکوپێکی دوو شتن کە بە تەواوی پێکەوە بەستراونەتەوە. چونکە ئەگەر دیمۆکراسی بەو مانایە بگرین کە هەموو کەس خۆی لە نەزمی مەوجووددا بە بەشدار بزانێ، دیارە ڕێزدانان بۆ ئەو نەزمەش دەبێتە ئەرکی هاوبەشی هەموو کەس".(٨)

کاك دوکتور سەعید مرۆڤێکی ڕەش بین نەبوو، بەڵکوو باوەڕێکی قووڵی بە ڕەوتی گەشەسەندنی مێژوو هەبوو. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو یەکسانیو برایەتی دەچێتە پێشو دەبێ باوەڕ بەوە بهێنن کە ئەو ڕەوتە جارێکی دیکە بەرە پاش ناکشێتەوەو خەباتی گەلانی ماخواز بۆ ئازادیو یەکسانی تا دێ زیاتر پەرە دەستێنێو پشتیوانیی گەلانی دیکەی جیهان بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. بۆیە زۆر بە دڵنیاییەوە دەی گوت: "چاوێك لە مێژووی ئینسان نیشان دەدا کە بە شەر ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو مەقامی بەرزی ئینسانیو یەکسانیو برایەتی دەچێتە پێش، لە ڕەوتی بێوچانی ئینسان بەرەو پلەی بەرزی ئینسانییەت دا دیارە کۆسپو تەگەرەی وەك هیتلەرییەکانو حیزبوڵڵاییەکانی ئەمڕۆی ئێران زۆر دێنە پێش. بەڵام خەباتی شێلگیری گەلانی مافخواز بۆ ئازادیو یەکسانی، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر برایەتی یانی هاودەردیو پشتیوانیی گەلانی دیکەی جیهان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بێگومان سەرەنجام سەردەکەوێو ئوسوولی ئەساسیی مافی مرۆڤ یانی ئازادیو یەکسانی هەر ڕۆژە زیاتر لە ڕۆژی پێش لە جیهان دا سەقامگیر دەبێ. گرینگ ئەوەیە کە دنیا تازە بەرەو پاشەوە ناکشێتەوە، ڕەوتەکە ـ هەرچەند تووشی پێچو پەناش ببێ ـ هەر بەرەو پێشەوەیە".(٩)



**سەرچاوەکان لە ئارشیوی ڕۆژنامە دایە**

کوردستان



# سێپتامبری خوێناوی

هەژیر

ئەم سەردەمە کە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان، تەقینەوەی حەشیمەتو تەقینەوەی ڕاگەیەنە گشتییەکانو . . .یە، لە ڕۆژی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی زایینیدا تەقینەوەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیش لە ناکاو ڕوویدا، لەو ڕۆژەدا چەند کەسێکی تیرۆریستو دڵڕەق بە ڕفاندنی چەند فڕۆکەیەکی موسافیرهەڵگرو لە کردەوەیەکی خۆکوژانەدا خۆیانو فڕۆکەکەیان بە دوو تاوەری ناوەندی بازرگانی جیهانیو بینای پێنج گۆشەی پێنتاگۆن لە شاری واشنگتۆن دا کوتا کە سەرەڕای کوژرانی زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لەو ڕووداوە ترسناکەدا، بووە هۆی تێك ڕمانی ئەو تاوەرانەو هەروەها زەرەرو زیانێکی ماددیی زۆریان لە ئابووری جیهان داو تا چەند حەوتووش کەشو هەوایەکی پڕ لە ترسو تووڕەیی باڵی بەسەر گەورەترین هێزی جیهانییدا کێشابوو.

هەرچەند هۆکاری ڕووداوی ١١ی سێپتامبر هێشتا بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوەو تەنانەت ئەنجام دەرانی بە تەواوی نەناسراون، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوونی ئەمریکایییەکان، دەستەو تاقمە توندڕەوە ئیسلامییەکانی سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بە هۆکاری سەرەکی ئەنجام دانی ئەو تاوانانە ناسێنران، بۆیە دەوڵەتی ئەمریکاو هێندێ لە هاوپەیمانەکانی هێرشیان بردە سەر ئەفغانستانو ئەلقاعیدەو گرووپی تالیبانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتەیان تەفرو توونا کرد. بەردەوامیی پرۆسەی خەبات دژی تیرۆریزم لەوانەیە لە داهاتووش دا هەر درێژەی هەبێو هێندێ لایەنی دیکەش بگرێتەوە.

ڕووداوی ١١ی سێپتامبر گۆڕانکارییەکی قووڵی لە بوارەکانی سیاسیو ئابووری لە دنیادا پێك هێناو لەڕاستیدا ١١ی سێپتامبر ئەو ڕووداوە بوو کە لە جیهانو سەرجەم مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاری پێك هێنا هەر چۆنێ بێ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جیهانی ئەمڕۆ جیهانی بەر لە ١١ی سێپتامبر نیە، چونکە:

ئەلف ـ بەو پێیە کە ئەمریکایییەکان بە دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا چی دیکە پێویستیان بە هاوپەیمانی لەگەڵ دەستەو تاقمە ئیدئۆلۆژیکییەکان (ئیسلامییەکان) نەما، هەتا وەك پێشووو بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیسم بۆ دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی پشتیوانیان لێبکا، ئەم جارە بە پشتیوانی کردن لە حکوومەتە لائیکەکان هەوڵی سەرکوتی بناژۆیی بە تایبەت بناژۆیی ئیسلامیداو لەنێوخۆی ئەمریکاش بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ موسوڵمانانی دا چۆوە، بۆیە ڕەنگە هێندێك لە موسوڵمانەکان بە دیتنی ڕەفتاری ناپەسەندی ئەمریکایییەکان بەرامبەر بە هاوتاییەکانیان لە دەرفەتێك بگەڕێن تا دەسەڵاتو هەیبەتی ئەو زلهێزە بخەنە ژێر پرسیارو بڕواو ورەی موسڵمانەکانی پێ بەرز بکەنەوەو وا نیشان بدەن کە دەکرێ بەگژ هێزێکی وا گەورەش دا بچنەوەو هەروەها ئەم ڕووداوە ئەو بۆچوونەی سەلماند کە ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ئەمریکا بە هۆکاری زۆربەی کەموکووڕییەکان دەزانن، لە ئەمریکاش دا زۆربەی کردەوە دژی ئەمریکایییەکان بە ئەستۆی موسوڵمانان دا دێننو هەر دووك لا بۆ هۆکاری ڕووداوەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان دا دەگەڕێن. ڕووداوی ١١ی سێپتامبریش بەڵگەیەکە بۆ ئەو بۆچوونەو لەو بارەوە جۆرێك ڕوانینی (مەنفی) لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕۆژئاوادا بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکاوە بەرامبەر ئیسلام دەبینرێ.

ب ـ تا پێش ١١ی سێپتامبر ئەمریکا وڵاتێك بوو کە هەمیشە لە دەرەوەی بازنەی شەڕو کێشەو ململانێکان دا بووەو تا ئێستاش جگە لە شەڕی ڤیتنام لە زۆربەی شەڕەکانی دا سەرکەوتووانە لە مەیدان هاتۆتەدەرو هیچ کات تەنانەت لە شەڕەکانی یەکەمو دووهەمی جیهانیش دا کەمتر پڕیشکی ئاوری ئەو شەڕانەی وێ کەوتوەو لەو بارەوە کەمترین زیانی ماددی وێ کەوتوە. بەڵام لە ١١ی سێپتامبردا بە کەڵك وەرگرتن لەو فڕۆکە مەدەنییانەی کە بۆ موسافیر ساز کراون ـ شەڕ گەیشتە بەهێزترین ناوەندە سیاسیو ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەش، هەرچەند کردەوەکە تا ڕادەیەك زەبری لە ئیعتباری ئەمریکا داو سامو هەیبەتی خستە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەمریکا دەست بەجێ بۆ گەڕاندنەوەی ئیعتباری خۆی کەوتەخۆ.

ج ـ پێش ١١ی سێپتامبر دیاردەی تیرۆریزم لە نێوان بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بزر دەبووو قوربانیانی هەر



WORLD TRADE CENTER, NEW YORK (ETATS-UNIS)

چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی دەبوونە فیدای ساتو سەودای نێوان ئەو وڵاتانە، بەڵام لە دوای ئەم ڕووداوە خەبات دژی تیرۆریزم بۆتە دیاردەیەکی جیهانیو دەکرێ بڵێین زۆربەی وڵاتانی جیهان خۆیان بۆ بەشداری لەو خەباتەدا ئامادە کردوە. لە باری حوقووقیشەوە بڕیارنامەکانی ١٣٦٨و ١٣٧٣ی شووڕای ئەمنییەت بۆ ڕەوایی دان بە شەڕ لە بەرامبەر تیرۆریزم دا زەمینەی لەباری بۆ کردەوەی نیزامی لە دژی کەسو تاقم یان ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان لە کردەوە تیرۆریستییەکان دا هەیەو یان پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکەن، خۆش کردوەو هێرش بۆ سەر ئەفغانستان هەر لەو پێوەندییەدا بە ئەنجام گەیشتو وەزعی سیاسی ئەم وڵاتەی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی سیاسی بەرەوڕوو کرد.

دـ لە ئاستی ناوچەییدا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە ناوەندی قەیران، هەڵچوونو کەفوکوڵی ئەو ناوچەیە لە دوای ١١ی سێپتامبر کە زەمانێك "ریچارد نیکسۆن" سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا وەك "مەنجەڵی هەمیشە لەکوڵ" باسی دەکرد، لە شوێنەکانی دیکەی دنیا زۆرترە. لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی ناوچەکەدا، ئەفغانستان زۆرترین قازانجی کردوە، چونکە بە لە نێوچوونی حکوومەتی تالیبانو تاقمی تیرۆریستی "ئەلقاعیدە"و هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی لائیك، ئەو وڵاتە لە تەریکی ڕزگاری بووو دووبارە تێکەڵ بە کۆمەڵگای جیهانی بۆوە. ڕەوتی ئاوەدانکردنەوە لەو وڵاتەدا بە خێرایی دەچێتە پێشو زۆربەی وڵاتان لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتەدا بەشدارن.

وڵاتانی ئێرانو عێراقو کورەی باکوور لە لایەن ئەمریکاوە بە "تەوەرەی ئەهریمەن" ناسراونو هەروەها هەڕەشەکانی ئەمریکاو هێندێ لە هاوپەیمانەکانی لەم وڵاتانە جیددی دێنە بەرچاوو ئەمریکا چەند مانگێکە خەریکە چەکوچۆڵ لە ناوچەکەدا کەڵەکە دەکا. تورکیەش هەر چەند هەر ڕۆژە لەگەڵ قەیرانێکی تازەدا دەستەو یەخەیە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ١١ی سێپتامبر لە هێندێك بارەوە بە قازانجی تەواو بووە. عەرەبستانیش توانی ڕۆڵێکی ناوچەییو نێونەتەوەیی زیاتر ببینێ، بەڵام بۆخۆشی لە بارێکەوە کەوتۆتە بەر گومانو تاوانەوە. جگە لەو مەسەلانە ڕووسیەش بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکان دا بە ڕادەیەکی بەرچاو هاودەنگ لەگەڵ ئەمریکا دایە.

بە سەرنجدان بەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە ناوەندی قەیرانەکەو کوردەکانیش لە نێوەڕاستی ئەو ناوچەیەدا دەژین، بێگومان ڕووداوو پێشهاتەکانی ناوچەکە کاریان تێدەکەنو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەو ڕووداوانەوە دەگلێنو مافی چارەنووس لە چوارچێوەی وڵاتانی خۆیان دا زیاتر زەق دەبێتەوە. بەداخەوە دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبرو پێویستیی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دژی تیرۆریزم، هێشتاش نە ڕەوتی خەبات دژی تیرۆریزم لە خۆ پارێزیو سازانو ساتو سەودا نهێنییەکان ڕزگاری بووەو نە هاوپێوەندیی پێویست بۆ خەبات دژی تیرۆریزم، بە هۆی نەبوونی پێناسەیەکی یەکدەست لە تیرۆریزم بە شێوەیەکی شیاو پێك هاتوە. بێشك ئەگەر خەبات دژی تیرۆریزم بە مانای واقیعی خۆی، بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیو قازانجی ئەم یان ئەو دەوڵەتو دوور لە چاوپۆشییە ئاسایییەکان ڕچەو ڕێگای خۆی نەبینێتەوەو وەك مەسەلەیەکی بنەمایی چاوی لێنەکرێ، دیسانیش دەبێ شاهیدی درێژەی کردەوەی تیرۆریستی بینو دیسانیش گیانی مرۆڤەکان بە دەستی کەسو یان تاقمو دەوڵەتەکانی پشتیوانی تیرۆریزم لە مەترسی دەکەوێ.

✪✪✪

# "١١ی سێپتامبر نوقتە گۆڕانێك بوو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا"

**بەشی کوردیی ڕادیۆ دەنگی ئەمریکا بە بۆنەی یەکەمینساڵڕۆژی ڕووداوی ١١ سێپتامبر لە گەڵ کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسیی کورد وتووێژی پێك هێناو بیروڕای ئەوانی لە بارەی ئەو ڕووداوەو ئاکامەکانی پرسی. سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵلا حەسەن زادە یەکێك لەو کەسایەتییانە بوو".بەڕێز ماموستا بەم جۆرە وڵامی پرسیاری ڕادیۆی دەنگی ئەمریکای دایەوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:**



**ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە:**

ئەمن لە پێشدا ئیجازە دەخوازم ـ هەر چەند لە وەختی خۆی دا سەرەخۆشیمان لە خەڵکی ئەمریکا بە موناسبەتی ١١ سێپتامبر کرد، ـ جارێکی دیکە لەو دەرفەتە ئیستفادە بکەم و بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە جارێکی دیکە سەرەخۆشیو هاودەردیی خۆم پێشکەشی کەسو کاری قوربانییەکانی ڕووداوی ١١ سێپتامبر بکەم. ١١ی سێپتامبر نوقتە گۆڕانێك بوو لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا. ئەو ڕووداوە خەڵکی دونیای "متوجە"ی خەتەرێکی گەورە کرد کە دەیتوانی هەڕەشە لە ئەمنییەت و ئاسایش لە هەموو دونیایەدا بکا و ئەو ڕووداوە لەو کاتەدا هاودەردیو هاوپێوەندییەکی بەرینی لە ڕادەی جیهانیدا پێك هێنا و دەتوانین بڵێین بەرەیەکو جەبهەیەکی بەرینیشی لە دژی خەتەری تێرۆریزم لە نێو دەوڵەتان و هێزە خێرخوازەکان لە دنیایەدا پێك هێنا.

تەئسیرێکی دیکەی ئەو ڕووداوە ئەوەبوو کە هێزە گەورەکانی لەو حەقیقەتە ئاگادار کرد کە ئەوانیش ناتوانن بێتەفاوت بن بەرامبەر بەو دیاردە دزێوە، چونکە تەئسیرەکان و زیانەکانی ئەو دیاردە دزێوە دەتوانێ ئەوانیش بگرێتەوەو لە شکڵێکی ئاوا جینایەتکارانە و بە بەربڵاوی دەتوانێ زەرەر بەوان بگەیەنێ،

بەڵام بە داخەوە نەگەڕان بە دوای ڕیشەکانی تیرۆردا و زیاتر بایەخدان بە سزادانی تیرۆریستەکان لەم لاوو لای دنیایە، ئەو خەباتە پیرۆزە جیهانییەی تا ڕادەیەك کز کرد، ئەو هاوپێوەندییە بەر بەرینەی کە لە دنیایەدا پێك هاتبوو تا ئەندازەیەك لاوازی کرد، جگە لەوەش ئەوە کە بڕیار بەدەستان لە دنیایەدا بە چاوێك سەیری "تێرۆریزم"یان نەکرد، لە هەموو جێیەك وەك یەك بەرەنگاری تیرۆریسم نەبوونەوە، هەروا بزانە تیرۆریزمی چاکیش هەیەو ئی خراپیش هەیە، ئەوە وای کرد ئێستا بە داخەوە دەبینین ئەو یەکیەتییە جیهانییە کە لە "ضد"ی تیرۆریزم و تیرۆریستان پێك هاتبوو خەریکە لاواز دەبێ. یەعنی ئەگەر ئێمە تەماشای ڕۆژەکانی دوای ڕووداوی ١١ سێپتامبر بکەین و لە گەڵ ئەمڕۆ بەراوردیان بکەین، تەفاوەتێکی زۆر دەبینین. ئەو وەختی بە قەد عەزەمەتی ئەو کارەساتە گەورەو دڵتەزێنە کە لە ئەمریکا ڕوویدا و زیاتر لەوەش هاوپێوەندیو هاودەردی لە نێو خەڵکی دنیایەدا پێك هاتبوو، بەڵام ئێستا دەزانین کە بەرەی دژی تێرۆریزم تا ڕادەیەکی زۆر کەلێنی تێکەوتوە، چونکە دەوڵەتان بە تایبەتی ئەوانەی کە بڕیاری گەورەیان بە دەستە، لە هەموو جێگەیەك یەك پێوانەیان بۆ بەرەنگار بوونەوە لە گەل تێرۆریزم و تیرۆریستەکان نەبووە. هیوادارم جارێکی دیکە پێداچوونەوە بە بناخەکانی تێرۆریزم، ریشەکانی تێرۆریزم دا، پێداچوونەوە بە هەڵسەنگاندن و هەڵوێست گرتن بەرابەر بە تیرۆریستەکان لە هەموو جێیەکی دنیادا کارێکی وابکا کە ئەو هاوپێوەندییە جیهانییە جارێکی دیکە دروست بێتەوە و خەڵك لە دنیایەدا بۆ هەمیشە لە دەستی ئەو بەڵا گەورە جیهانییە نەجاتی بێ.

⌘⌘⌘

# ئەوانەی خەون بە مەرگی حیزبی دێموکراتەوە دەبینن، هێشتا لە خەو دان

یەحیا ڕەحیم سەفەوی فەرماندەری سوپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە سەفەری ئەم دوایانەی خۆیدا بۆ ئوستانی کوردستانو لە شاری سنەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەك حیزبێکی مردوو ناو برد. ئەو فەرماندەرە هەروەها باسی بەناو تەعەهوودێك دەکا کە گۆیا حیزبو سازمانە کوردییەکانی موخالیفی ڕێژیم لە وەلانانی خەباتی چەکدارانە بە ڕێژیمیان داوە؟!

ڕەحیم سەفەوی، قسەکانیو بە مردوو ناوبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شوێنێکدا بەیان کرد (سنە) کە خەڵکی ئەو شارە بۆ خۆیان لە جەرگەی ڕووداوەکانی کوردستاندا دەژینو هەروەك هەموو ڕۆژێ هەست بە زوڵمو سەرکوتە یەك لە دوای یەکەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکەنو لە کارو تێکۆشانو چالاکی نواندنی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئاگادارنو لە ڕاستیدا بۆ خۆیان بەشێکن لەو خەباتکارانەی کە بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەییو گەیشتن بە ئازادی تێدەکۆشن.

حاشا کردن لەو ڕاستییەو لەو مەسەلە روونو ئاشکرایە لە لایەن فەرماندەری سوپای پاسدارانەوە، ناکرێ بە بێ ئاگایی ئەو فەرماندەیە لە هەلومەرجی کوردستانو خەباتی بەردەوامی هێزە سیاسییەکانی کورد دابنرێ، چوونکە سوپای پاسدارانی ژێر فەرمانی ڕەحیم سەفەوی خۆی یەکێك لە ناسراوترین دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە کە لە سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووەو هەیە. بەو پێیە چەواشە کردنی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە کوردستانو هێزە سیاسییەکانو ئەو قسە بێ سەرەو بەرانە تەنیا دەبێ وەك دڵدانەوەو بەرز کردنەوەی ورەی هێزە سەرکوت کەرەکانی ڕێژیم چاو لێ بکرێ کە چەند ساڵە ئەرکی سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستانیان لە ئەستۆیە.

جگە لەمە ئەگەر بەڕاستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی ئەم فەرماندەرە سەرکوتکەرەوە مردووە؟! باس کردن لە هێزێکی مردوو چ پێویستییەکی هەیەو چاوەڕوانی وەفادار مانەوە بە بەڵێنی مردوو چۆن لێك دەدرێتەوە؟! جگە لەمە ڕەنگە فەرماندەری سوپای پاسداران جەنابی ڕەحیم سەفەوی زیاتر لە هاوفکرەکانی خۆی ئاگای لەو ڕاستییە بێ کە حیزبی دێموکرات هیچ بەڵێنێکی سەبارەت بە وەلانانی هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی خەبات بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەداوەو ئەگەر ئەویش هێزێکی ئەوتۆی پێ شك دێ، دەبێ بڵێین کە حیزبێکی لەو چەشنە بە قەولی ڕەحیم سەفەوی هەر بەڕاستی مردووە.

مەسەلەی شاردنەوەی ڕاستییەکانو خۆگێل کردن لە بەرامبەر مەسەلە سیاسییەکانی خەڵکی ئێرانو بەتایبەتی مەسەلەی کوردستان لە تایبەتمەندییەکانی بەرپرسانی ڕێژیمنو درێژەی ئەو سیاسەتەش بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستای دنیاو ناوچەکەدا نیشان دەدا کە ئەو جەنابانە هێشتاش هەر لە خەودانو خەونی مەرگ بە تێکۆشەرانی ئێرانی بەرهەڵستکارانی خۆیانەوە دەبینن، بەڵام دوور نیە ئەو ڕۆژەی کە نووستووەکانی دامێنو بەستێنی سێلاوگڕ بکەنەوە بەر لافاوی ڕقو بێزاری خەڵکی ئێرانو روون بێتەوە کە لە ڕوانگەی خەڵکی ئێرانەوە کێ بەرەو هەڵدێرو نەمان دەچێو کێیش شایانی مانەوەو گەیشتن بە مافو ئازادییەکانی خۆیەتی.

# جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان نابڕێنەوە

ئا.ع. بداغی

لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٣٤٢دا هەواڵێك لە بارەی نەخۆشییەکی نەناسراو لە ئاوایی "بێژوێ"ی ناوچەی سەردەشت بڵاو کرایەوە کە لە ژمارە ٣٤٤یشدا باسێك لەسەر دەنگۆی جۆراوجۆری سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشییە کە لە ناو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە، پێشکەش کرابوو. پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری ئەو نەخۆشییەو داماوی بەرپرسانی بێهداشتو دەرمانی شاری سەردەشتو ئۆستانو تەنانەت وڵاتیش لە ناسینو چارەسەریی ئەو نەخۆشییە گەیشتە جێگایەك کە تەنانەت نوێنەری پێشووی شاری سەردەشتو زۆر کەسو لایەنی دیکە داوایان لە سەرکۆمار خاتەمی کرد کە داوای یارمەتی لە ڕێکخراوی جیهانی بێهداشت، پزیشکانی بێسنوورو زانستگا بەناوبانگەکانی پزیشکی بکاو بە سەردانو دیتنی نەخۆشەکان، ڕای خۆیان سەبارەت بەم مەسەلەیە دەربڕن یان تووشبوان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەیان بۆ دەرەوەی وڵات بنێردرێن. لە بەرامبەردا دەستو پێوەندەکانی ڕێژیم نەك وەڵامی ئەو داوایانەیان نەداوە، بەڵکوو لە ڕێگەی هەڕەشەو فشار هێنانەوە هەوڵیان داوە ئەم دەنگە نارەزایەتییە سەرکوت کەنو بە توندی بەرگری لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی زیاتر لەم بارەوە بکەن. هەواڵنێری "کوردستان" بە دواندنو وتووێژ لەگەڵ چەند کەس لە تووشبوانی ئەو نەخۆشییە لە "بێژوێ" ڕاپۆرتێکی کورتی بەم جۆرە ئامادە کردوە:

لە سەرجەمی وتووێژەکانی هەواڵنێری "کوردستان" لەگەڵ تووشبواندا وا دەردەکەوێ کە ناوەندی بێهداشتی شاری سەردەشت لە ڕەزبەری ئەو ساڵدا چەند کارتۆن بەناو واکسین دەنێرێتە ئاوایی بێژوێو بە ناوی بنەبڕ کردنی فەلەجی منداڵو هەروەها چارەسەری نەخۆشی منداڵدانی ژنان لەکار دەکرێن. لە ڕۆژی یەکەمی ئەو کارەدا تەنیا ١٥٠ لە ژنانو منداڵانی کچ بە دوو شێوەی قەترە لەزارکردنو دەرزی وەشاندن بە ناو واکسینە دەکرێنو ڕۆژی دواتر کوڕانیش واکسینە دەکرێن. دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ وردە وردە ئاسەورای نەخۆشییەك لە هێندێ کەس وەدەر دەکەوێ کە بە دوای چەند جار هاتووچۆی نەخۆشخانە، دوکتورەکان لە ناسینی ئەو نەخۆشییە دادەمێنن. زۆری پێ ناچێ ئەو نەخۆشییە لە تەواوی ئەو ١٥٠ کچە منالکارەو ژنانەی وا بەناو واکسینە کرابوون، خۆی دەردەخا.

ئاسەواری ئەو نەخۆشییە لە تووشبووەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی وەدەر خستوە. شەش حەوت کەسیان لە زمان کەوتوون، هێندێکیان گورچیلەیان لە کار کەوتووە، هەندێکیان تووشی نەخۆشی تێکچوونی ئەعساب بوون، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانە بە دەستو لاقو شانو پیل دەیگرن، بەو شێوەیە کە ئەو ئەندامانەی لەشیان ڕەق دەبن، دەماسێو لە کار دەکەون. لەو کاتەدا کەسێك بە ڕاشکاوی ئاشکرای دەکاو دەڵێ من لە ناو دەمەتەقەی بێهوەرزی بێژوێو "سالحزادە" یەکێك لە بەرپرسانی ناوەندی بێهداشتی سەردەشتدا بووم کە بێهوەرزی بێژوێ دەڵێ: جێی هیچ نیگەرانییەك نیە، ئەو نائاساییی بوونە هی ئاڵوگۆڕی "دەمایە"، تۆ بە خاترجەمی لە کاری کە.

ڕاستیی قسەی ئەو کەسە کاتێك دەردەکەوێ کە بێهوەرزی بێژوێ بە دوو دڵیو دڕدۆنگی ئەو کارە ئەنجام دەداو تەنانەت منداڵەکانی خۆی لەم واکسینە دەپارێزێ. بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو نەخۆشییە پاش واکسیناسیۆنی بێژوێ دەردەکەوێ کە ئەو جەعبە بە ناو واکسینانە لە پێشدا بۆ بێهداشتی ئاواییەکانی "بێتووش"و "دولکان" چووە، بەڵام بێهوەرزەکانی ئەو گوندانە بە هۆی نائاسایی بوونی حاڵەتی ئەو بەناو واکسینانە لە کاری ناکەنو دەینێرنەوە. پاشان بۆ بێژوێ بەڕێ دەکرێو لەوێ لەکار دەکرێن. وردە وردە خەڵکی ئاوایی هەست بە پیلانێكو تاقیکارییەك لە سەر خۆیان دەکەن. کاتێك دەبینن لە گەڵاڵەی واکسیناسیۆنی گوندەکانی ناوچە تەنیا بێژوێ تووشی ئەو کارەساتە بووە، ڕۆژی واکسینە کردنی کچانو کوڕان جیاواز بووەو ئەو واکسینانە لە ئاواییەکانیتر بە کار نەهێنراوە، ئەوانە هەموو شكو گومانی ئەوان بە یەقین دەگەیەنن. هاتنی تیمە پزیشکییەکانیش هیچ ئاکامێکی بە شوێنەوە نابێو خەڵکی ئاوایی لە یارمەتی بەرپرسانی دەوڵەتیش هیوابڕ دەمێننەوەو ناهومێد دەبن. یەکێك لە تووشبووەکان بە دڵپڕیو ئازارەوە باسی سەردانی نوێنەری سەردەشت "داسە" لە بێژوێ دەکا. ناوبراو دەڵێ، ئێمە هانامان بۆ بردو داوای دابینکردنی پێداویستیی دەرمانو دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەمان لێ کرد، بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی: "چ نیە، ئەوە ماوەیەکە، ئێوە تەنیا نێونمەك لە دەستو لاقتان گرنو لێی گەڕێن، چاك دەبنەوە". خەڵکی ئاوایی ناوێرن لەوە زیاتر نارەزایی خۆیان دەربڕنو لە چاوەڕوانی ڕێگاچارەیەکدا دەمێننەوە.

ئەوانە هەمووی ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەو کارەی ڕێژیم جینایەتێکی تازەیە دەرهەق بە گەلی کورد کە ویستوویەتی تاقیکاری بیووشیمی لەسەر خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان ئەنجام بدا.

✪✪✪

# درێژەی تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

**فینلاند**

## بەشداری لە سمیناری "لێکدانەوەی ساڵی تیرۆریزم"

یەکیەتیی پاکتاوکردنی چەکوچۆڵ (Suomin sadankomiteanlitto) بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەکساڵ بە سەر ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی زایینیداو بۆ پێداچوونەوە بەسەر ئاکامەکانی ئەو هێرشەو هەروەها شەڕی "دژی تیرۆریسم"، ڕۆژی سێشەممۆ ٢٠٠٢/٩/١٢، سمینارێکی لەژێر ناوی "لێکدانەوەی ساڵی تیرۆریزم" لە بنکەی یەکیەتیی ئاشتیی فینلاند لە شاری هێنلسێنکیدا پێك هێنا.

قسەکەرانی سەرەکیی سیمنارەکە بریتی بوون لە: بەڕێز ئێرکی تۆتامیۆ وەزیری دەرەوەی فینلاند، خاتوو کریستینا کۆورۆس سکرتێری گشتیی یەکیەتیی پارێزەرانی مافی مرۆڤو بەڕێز هێیکی لاککالا سەرۆکی یەکیەتیی پاکتاوکردنی چەکوچۆڵ لە فینلاند.

تەوەرەی باسەکان بریتی بوون لە: چاوخشاندنێك بەسەر گۆڕانکارییە جیهانییەکان لە جیهانی دوای ١١ سێپتامبرو سیاسەتە نێونەتەوەییەکانی یەکیەتیی ئورووپاو فینلاند لە خەبات دژی تیرۆریسمدا، ئاسەواری خراپی خەباتی "دژی تیرۆریسم" لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤو بارودۆخی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لە دوای ١١ سێپتامبر.

شایانی باسە زیاتر لە ٥٠ کەس لە کەسایەتییە سەربەخۆکانو نوێنەرانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان لە سمینارەکەدا بەشدار بوونو بە بەشداریی چالاکانەیان بازنەی وتووێژەکانیان بەرفراوانترو دەوڵەمەندتر کردبوو. لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوەش، هاوڕێ مەجید حەقی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لەم وڵاتەدا بەشداری لەو سمینارەدا کرد.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری دەرەوەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فینلاند


ڕۆژی هەینی ٢٠٠٢/٩/١٣ دەستەیەکی نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند بە بەشداریی هاوڕێیان کەژاڵ حەسەنپور، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مەجید حەقی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ خاتوو تاریا کۆنتوولا، ڕاوێژکاری تایبەتیی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە پێك هێنا. لەو چاوپێکەتنەدا کە بە مەبەستی باسو وتووێژ لەسەر کێشەی کورد و سیاسەتی دەوڵەتی فینلاند بەرامبەر بە کوردەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بە دوای ١١ی سێپتامبر پێك هاتبوو، وێڕای ئاماژە بە دەیەمین شاڵوەگەڕی کارەساتی میکونووسو ڕۆڵی سەرەکیی ڕێبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو تیرۆرەدا، لەسەر ڕووداوە ناوچەییەکانو ئاسۆی کێشەی کوردو هەڵوێستی دووفاقییانەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆریزمی نێونەتەوەییدا وتووێژ کرا. هەروەها بە مەبەستی ئاگاداری زۆرتر لەسەر وەزعی کوردستانی ئێران نامیلکەیەك بە زمانی فینلاندی لەژێر ناوی "کوردستان لە تاریکایی کۆماری ئیسلامیدا" لە نووسینی هاوڕێ مەجید حەقی پێشکەشی نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی فینلاند کرا. لەو چاوپێکەوتنەدا هەروەها بڕیار درا لە پێوەندی لەگەڵ پرۆژەیەکی هاوبەش لە ماوەیەکی نزیکدا پێوەندییە دوو لایەنەکان بەهێزتر بکرێن.

## کۆبوونەوە لەگەڵ یەکیەتیی مناڵپارێزانی مانتێرهێم

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٣ی سێپتامبری ٢٠٠٢ی زایینی، کۆبوونەوەیەك بە مەبەستی باسو لێدوان لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەژیانی پەنابەرانو بنەماڵەکانو پەروەردەکردنی منالان لە کۆمەڵگای چەند کەلتووریدا لە بنکەی یەکیەتیی مناڵپارێزانی مانتێرهێم پێك هات. هاوڕێ مەجید حەقی، بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵەی ئاشتیو سەرۆکی کۆمەڵەی یەکگرتن بە مەبەستی پێشکەش کردنی باسێك لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵەکان لە کۆمەڵگای کوردەکانی دانیشتووی فینلاند بۆ کۆبوونەوەکە بانگهێشتن کرابوو. تەوەری باسەکان بریتی بوون لە ڕۆڵی کاری خێرخوازانە (داوطلبانە) لە پێکهاتنی کۆمەڵگاکان، ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکانو ئەرکیان لە ئینتگراسیۆنی کۆمەڵایەتیو شوێنی منالان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا.

بڕیارە لەو پێوەندییەدا کتێبێك لەژێر ناوی کاری خێرخوازانەو کەمایەتییەکان لە فینلاند بڵاو بکرێتەوەو ریزە پرۆژەیەکی پەروەردەیی بۆ منالان لەگەڵ کۆمەڵەکانی بیانی چالاك لە فینلاند پێك بهێنرێ.

✪✪✪



**کۆچی دوایی هاوڕێ مەلاخدر ڕەسووڵپوور**

ڕۆژی ٢٧/ ١٣٨١/٦ی هەتاوی بە داخەوە هاوڕێ مەلا خدر ڕەسووڵپوور ناسراو بە خدری عەولای مەلای، کادری حیزب بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیو هاوڕێو هاوسەنگەرانی دەکەینو خۆمان لە غەمی لەدەست چوونی دا بە شەریكو بەشدار دەزانین.

رووحی شادو جێگای بەهەشتی بەرین بێ

دەستەی نووسەرانی "کوردستان"

# کەسایەتی‌و ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی

## لە میزگردێکدا





بە بەشداریی بەڕێزان: کاك مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کاك سمایل بازیارو کاك ڕۆستەم جەهانگیری، دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٨١، میزگردێك بۆ باس لەسەر کەسایەتی‌و ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پێك هات.

میزگردەکە لە سالۆنی کۆبوونەوە گشتی‌یەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسی‌و لەبەر چاوی زیاتر لە دووسەد کەس لە هاوڕێیانی حیزبی بەڕێوە چووو زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند.

لە سەرەتادا، هاوڕێی بەڕێز کاك قادر وریا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بەڕێوەبەری میزگردەکە، کۆبوونەوەکەی بە سلاوناردن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتی میکونووس لە بەرەبەری دە ساڵەی شەهید بوونیاندا، کردەوە. بەڕێوەبەری میزگرد، وێڕای بەخێرهاتن کردنی بەشدارانی میزگردو ئامادە بووان، ڕای‌گەیاند: "دوو ڕووداوی تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ڕیستورانی میکونووس‌و لێکۆڵینەوەو بڕیاری دادگای بێرلین لەبارەی پەروەندەی ئەو تیرۆرەو شوێنەوارو ئاکامە سیاسی‌و دیپلوماتیکەکانی حوکمە مێژوویی‌یەکەی دادگای ناوبراو، هەروەها لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی‌و ژیان‌و خەباتی دوکتور شەرەفکەندی‌و شەهیدانی دیکەی جینایەتی بێرلین، زۆر لەوە زیاترو بەرینترن کە بکرێ لە میزگردێکدا، لە هەموو بارێکەوەو بە تێروتەسەلی قسەیان لەسەر بکرێ. هەر بۆیە ئەم میزگردە تەرخان کراوە بۆ باس لەسەر کەسایەتی‌و ڕوانگەو بۆچوونەکانی ڕێبەری شەهید دوکتور شەرەفکەندی". گوتیشی کە ئامادەبووان دەتوانن پرسیارو تێبینی‌یەکانی خۆیان بە نووسراوە بدەن بە بەڕێوەبەری میزگرد تا لە جێی خۆی‌و لە کاتی گونجاودا بخوێندرێنەوەو قسەیان لەسەر بکرێ.

لە سەرەتای میزگرددا هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری کە لەکاتی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی‌دا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بوو، مەبەست لە دوا سەفەری دوکتور شەرەفکەندی بۆ دەرەوەی وڵاتی ڕوون کردەوە کە بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست، پێوەندی گرتن بە حیزب‌و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە ئورووپایی‌یەکان‌و ڕاگەیشتن بە کاروباری کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات هێندێکیان بوون. بەڕێز کاك مستەفا لە وڵامی پرسیارێکی دیکەی بەڕێوەبەری میزگرددا ئەو هەلومەرجە سەختەی شی کردەوە کە دوکتور شەرەفکەندی ئەرکی قورسی سکرتێری گشتیی حیزبی تێدا کەوتە سەرشان. دوایە هاتە سەر ئەو هۆکارانە کە بوونە هۆی سەرکەوتنی دوکتور شەرەفکەندی لە بردنەپێشی ئەو بەرپرسایەتی‌یە گەورەیەدا. زانایی‌و بلیمەتی، لەخۆبردوویی، هەست بە بەرپرسایەتی کردن، یەکدڵیی تێکۆشەرانی حیزب‌و هاوکاریی بێدریغی ڕێبەری‌و بەدەنە لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی‌داو هاوپێوەندیی گەرمی خەڵکی کوردستان‌و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکانی ئێران‌و جیهان لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات، هێندێك لەو هۆکارانە بوون کە ئیشارەیان پێ‌کرا. کاك مستەفا هەروەها کۆمەڵێك لە هەڵویستە نوێ‌یەکان‌و ئاڵوگۆڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی لە سەردەمی سکرتێریی دوکتور شەرەفکەندی‌دا، ناو بردن.

لەو میزگردەدا بەڕێز کاك سمایل بازیار، تیشکی خستە سەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی لە چەند بواری گرنگدا. نەخش‌و دەوری ئەو کەسایەتی‌یە نەمرە لە بەرەو پێش بردنی مەسەلەی نەتەوایەتی‌داو بایەخدانی ئەو ڕێبەرە زانایە بە لێدوان‌و نووسین‌و شی کردنەوە لە بواری نەتەوایەتی‌دا، هەروەها دیفاعی سەرسەختانەی دوکتور شەرەفکەندی لە مەسەلەی نەتەوایەتی‌و داخوازەکانی گەلی کورد لە دوو قۆناغی جیاوازو لە بەرامبەر دوو تەیفی جۆراوجۆردا، نێوەرۆکی وڵامەکانی کاك سمایل لەو تەوەرەیاندا پێك دێنا. ئەو هەم ئیشارەی بە بەرپەرچدانەوەی بیروڕای شووێنیستانەی سەڵتەنەتخوازەکان لەبارەی حیزبی دێمۆکرات‌و گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران لەلایەن دوکتور سەعیدەوە کردو هەم ئیشارەی بە هەوڵەکانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ رەتدانەوەی بۆچوونی ئەوکەس‌و لایەنانە کرد کە لە ژێر ناوی چەپدا، دژایەتیی خەبات‌و ویست‌و داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کوردو گەلانی ئێرانیان دەکرد. لە درێژەی ئەو بەشەی میزگردەکەدا کاك سمایل گوتی فیدرالیزم‌و دیفاع لەو شێوەیە لە چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا، جێگایەکی تایبەتی‌یان لە نووسینەکان، وتووێژەکان‌و بیروبۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی بە گشتی دا هەبوو.

هاوڕێ سمایل بازیار دواتر توانا و لێهاتوویی دوکتور سەعیدی وەك سیاسی‌و ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاری‌و هەلومەرجە نوێ‌یەکان لەباری سیاسی‌و فیکری‌یەوە هێنایە بەرباس‌و لەوبارەوە چەند نموونەی هێنایەوە. پاشان هاتە سەر "چەپ بوون"و تێگەیشتنی دوکتور شەرەفکەندی لە چەپ. لەو پێوەندی‌یەدا ئیشارەی بە باوەڕی قووڵی دوکتور سەعید بە سوسیالیزم‌و بێزاریی ئەو لە هەر چەشنە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ کرد. ڕوانین‌و بیرکردنەوەی دوکتور سەعید لەبارەی دێمۆکراسی‌یەوەش لەو مەسەلانە بوون کە هاوڕێ بازیار بە شێوەیەکی پوخت‌و بە کەڵك وەرگرتن لە نێوەرۆکی وتووێژو نووسینەکانی ئەو شەهیدە، شی کردنەوە.

لەو میزگردەدا بەڕێز کاك ڕۆستەم جەهانگیری پاش ئیشارە بە چۆنیەتیی ئاشنایەتیی خۆی لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی، لەبارەی هێندێك لایەنی شەخسییەتی ئەو ڕێبەرە دوا. مودیرییەت، لێبڕاوی‌و شێلگیری، سادەیی‌و خۆمانە بوون‌و هەروەها ڕێزو خۆشەویستیی دوکتور شەرەفکەندی بەرامبەر بە فیداکاری‌و زەحمەت‌و خزمەتی سادقانەی تێکۆشەرانی حیزبی، چەند نموونەیەك لەو تایبەتمەندی‌یانە بوون کە لەلایەن هاوڕێ ڕۆستەمەوە باسیان کرا. کاك ڕۆستەم جێگاو مەقامی دوکتور شەرەفکەندیی لەباری خەت دان‌و کاری تیئوریکەوە لەنێو حیزبدا بە گرنگ‌و بەرز نرخاند. دواتر باسی دەنگدانەوەی کارەساتی شەهید بوونی دوکتور شەرفکەندی لەنێو خەڵکداو شوێنەواری ئەو ڕووداوەی لەسەر هاوڕێیانی‌و کۆمەڵانی خەڵك کرد.

جگە لەم لایەن‌و تایبەتمەندی‌یانەی باسیان کرا، لەلایەن بەشدارانی میزگردەوە هێندێك مەسەلەی دیکەش بۆ وێنە ئاکام‌و شوێنەوارە سیاسی‌یەکانی بڕیاری دادگای بێرلین لەسەر پێوەندیی کۆماری ئیسلامی‌و وڵاتانی ڕۆژئاواو لەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان‌و ئێران، ژیان‌و کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی لەباری فەرهەنگی‌یەوە، هاتنە بەرباس. پێویستە بگوترێ کۆمەڵێك پرسیارو ڕوونکردنەوەو تێبینیی سەرنج ڕاکێش لەلایەن ئامادە بووانەوە هاتنە گۆڕێ کە میزگردەکەیان دەوڵەمەند کرد.

✪✪✪

# پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران(راه کارگر)

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

## بەبۆنەی دەیەمین ساڵڤەگەڕی شەهید کرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی‌یەوە

١٠ساڵ لەمەوپێش لە ١٧سێپتامبری ١٩٩٢دا، بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بەپێی پیلانێکی لە پێش دا دارێژراو، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کە پاش بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیونالێ سوسیالیست، لە بێرلین مابۆوە، کردە ئامانجی کردەوەیەکی تیرۆریستی‌و جینایەتکارانە. تیرۆریستەکان کە بە ڕێنوێنی‌و کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات دا، ئاگادار کرابوونەوە کە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە کۆبوونەوەیەك لە ریستورانی میکونووس دا بۆ وتووێژ لە تەك هەندێ لە کەسایەتی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی‌دا بەشداری دەکا، بە ڕاهێنان‌و ئامادەیی تەواوەوە نەخشەی گڵاوی خۆیان پیادە کردو سکرتێری گشتیی حیزبی ئێوەیان لەگەڵ سێ کەس لە ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوەیەدا: فەتتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هومایوون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان‌و نووری دێهکوردییان لە کردەوەیەکی تیرۆریستیی خێرا دا تیرۆر کردو، هەڵاتن.

کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی کە دوای شەڕی کەنداوو دامەزرانی حکوومەتی خودموختار لە کوردستانی عێراق دا، نیگەرانی پەرە گرتنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران بوون، بەخەیاڵی خۆیان دەیانویست کە بەم کردەوە تیرۆریستی‌یە حیزبەکەتان لە کار بخەن. بەڵام نەتەنیا لە دینامیسمی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان کە سەرچاوەی هێزو پرستیژی حیزبەکەتان‌و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی کوردستانە، بێ ئاگا بوون، بەڵکوو لەو گرکانە بێ‌ئاگا بوون کە لە قووڵایی بزووتنەوەی سەراسەریی خەڵکی ئێران دا لەکەفوکوڵ دابوو. لە خۆڕا نیە کە ئێستا دوای تێپەڕینی ١٠ ساڵ بە سەر کارەساتی میکونووس‌و ١٤ ساڵ دوای کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان لە ساڵی ١٣٦٧داو هەروەها ڕووداوی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، ئەوە حکوومەتی ئیسلامی‌یە کە لە لێواری هەرەسهێنان دایەو ترس لە تەقینەوەی جەماوەری سەرتاپای گیانی گرتۆتەوە.

لە وەها هەلومەرجێك دا خەبات دژی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، خەبات دژی وەگەڕ خستنەوەی ستادی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان‌و خەبات بۆ ئازادیی هەموو زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، گۆڕەپانێکی گرنگە بۆ بەهێز کردنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بۆ هەڵتەکاندنی کۆماری ئیسلامی‌و پارێزگاری لە خوێنی شەهیدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران. ئەمەش بەستراوەتەوە بە خەبات بۆ دامەزراندنی نیزامێك کە قبوولی پلۆرالیزمی سیاسی‌و ئازادیی بێ‌ئەملاو ئەولای سیاسی، وەك بەشێکی جیانەکراوەو هەمیشەیی ئەو نیزامە بێ.ڕێکخراوەکەمان هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە یادی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی‌و تەواوی شەهیدانی حیزبەکەتان، هیوادارە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش ئەرکی شیاوی خۆی لە خەباتی ئازادیخوازانەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران دا بەئەنجام بگەیەنێ.

**دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران(راه کارگر)**

**١٧ی‌سێپتامبری ٢٠٠٢**

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 349 22 Sep 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، براوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com


http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

# کتێبێکی تازە بە ناوی "هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور شەرەفکەندی"

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب لە بەرەبەری دەساڵەی شەهید بوونی رێبەری نەمر دوکتور سادق شەرەفکەندیدا، هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی ئەو مامۆستا زاناو رووناکبیرە شۆڕشگێڕەی کە کاتی خۆی لە "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبو لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، بڵاو بوونەوە، لە تویی کتێبێکی ٢٣٢ لاپەڕیدا چاپو بڵاو کردەوە.

لەو کتێبەدا زیاتر لە ٤٠ وتاری هەڵبژاردەی دوکتور شەرەفکەندی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا کە پێوەندییان بە کوردستانو ئێرانو جیهانەوە هەیەو هەڵوێستی حیزبو بیرو بۆچوونەکانی دوکتوری نەمر بەرامبەر بە کۆمەڵێك دیاردەو مەسەلەی گرنگ پێشان دەدەن، سەرنج ڕادەکێشن.

جگە لە هەڵبژاردەی وتارەکانی رێبەری شەهید، پێشەکییەك لە ژێر ناوی "وتەیەك لەبارەی ئەم کتێبەوە"و هەروەها وتارێك لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشانی دوکتور شەرەفکەندی لە سەنگەری "کوردستان" (رۆژنامەی حیزب)دا، لەم بەرهەمە تازەیەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیدا بەرچاو دەکەون. ژیاننامەی دوکتور شەرەفکەندیو دوو وێنەی ئەوکەسایەتییە نەمرە، بابەتەکانی دیکەی ئەوکتێبە پێك دێنن. لەسەر بەرگی دواوەی کتێبەکەش وێنەی دوکتور شەرەفکەندی کە کۆپلەیەك لە شێعری "شەهید"ی جەلال مەلەکشای لە ژێرەوە نووسراوە، دەبینرێ. دوکتور شەرەفکەندی ئەو شێعرەی زۆر پێجوان بوو، هەربۆیە کاتی خۆی بە دەسخەتی خۆی نووسیبوویەوە. پێویستە بگوترێ ئەو شێعرە بە دەسخەتی دوکتور شەرەفکەندی لە "ئەدەبو هونەر"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە.




---



# رۆژگاری نو
## شەوچەرەی بەر لە ماڵاوایی
# شەوگاری درێژو دڵخۆشیی رۆژە سەختەکانمان

**ع. وریا**



سێ ساڵ لەمەوبەر، کاتێك دەستەیەك لە هاوڕێیانی رێبەریی حیزب دوای گەڕانەوە لە سەفەری دەرەوەی وڵات گێڕایانەوە کە مامۆستاو هاوڕێیانی دەفتەری حیزب لە پاریس، بێ دڵییان نەکردوونو لەسەر ویستی ئەوان، ئاغای سمایلی پوور والی "شێخی رۆژنامەنووسانی ئێران"یان بانگ کردوە بۆ ئەو دەفتەرەو لە ماڵی حیزبی دێمۆکرات پێشوازییان لەو زاتە بەرێزە کردوەو لە نزیکەوە دیتوویانە، لە قووڵایی دڵەوە خۆزگەم خواست منیشیان لەگەڵ بوایەم. چونکە ئەگەر ئەو هەلە بۆ من رێ کەوتبا، جگە لەوەی نەدیتنیم لەسەر دڵی نەدەبوو بە داخ، بە ئەمەگناسییەوە عەرزم دەکرد:

لەو رۆژە سەختو شەوگارە درێژانەی ١٥ ـ ١٠ ساڵ لەوەپێشی ئێمەی هەڵوەدای ئازادی کە بنارو داوێنی چیاکانی دیوی رۆژئاوای قەندیلو تەنیایی گوندە وێرانکراوەکانی ناوچەکە بە ئێمەوە جیلوەیەکی دیکەی هەبوو، "روزگار نو"ی جەنابت خوشخەبەرترین پەیكو بەتامترین شەوچەرە بۆ ئێمەی تامەزرۆی خوێندنەوەو ئۆگری نووسین بوو. ئەو ساتانە چەند خۆش بوون کە میوانێك، هاوڕێیەکی حیزبیو دوکتورەکانی "نەخۆشخانەی ئازادی" بە کۆڵێك گۆڤارو حەوتوونامەی فارسیی چاپی دەرەوەی وڵاتەوە، لە فەرانسە ڕا بۆ لامان دەهاتن. ئەگەرچی لەو قاتیو قڕییەی ئەوکاتی گۆڤارو چاپەمەنیی ئازادو بەکەڵك لەم دیوو ئەو دیودا، لە نەبوونی ئینتێرنێتو سەتەلایتو لەو بێتەلەویزیۆنییەی زۆربەی ماڵو بنکەکاندا، هەر کتێبو گۆڤارو رۆژنامەیەکی دەستمان کەوتبا، لە هەوا دەمان قۆزتەوە، بەڵام گۆڤاری "روزگار نو" شتێکی دیکە بوو، گوڵی سەرچڵو سەرتۆپو شازی هەموو ئەو گۆڤارو رۆژنامانە بوو کە پێمان دەگەیشت. هەر گوڵ نەبوو، گوڵستانێك بوو بە دیمەن، بە دەیان گوڵی بۆنخۆشو جوانەوە. کەشکۆڵێك بوو لە بەرهەمی عەنتیکەو نوێو لە هەر چوار قوڕنەی دنیاوە، هەر چیت ویستبایە، تێیدا بوو.

***

"روزگار نو"ئەزموونی زیاتر لە نیوسەدە نووسینو کاری رۆژنامەنووسیی کەسێکی بە زەوقو خاوەن هەڵوێستی ئەوتۆی لە پشت بوو کە وەك ئاغای عەلیرەزا نووریزادە بە هەق نووسیویە: "هیچ کات شەرتو پەیمانی خۆی لەگەڵ قەڵەم لەبیر نەکردو، قەت لەبەرامبەر زێرو زۆردا تەسلیم نەبوو"."روزگار نو" بەرهەمی ئەزموونی رۆژنامەنووسێکی کۆنەکار بوو کە پێش بنیاتنانی ئەو گۆڤارە، زیاتر لە ٣٥ گۆڤاری بنیات نابوو، یا ئەرکی سەرنووسەرییانی گرتبووە ئەستۆ.

ئیسماعیل پوور والی لە ماوەی زیاتر لە نیوسەدە کاری رۆژنامەنووسیدا، لەگەڵ زۆر مەقامو کاربەدەستی پایەبەرزو گرنگی ئێراندا تێکەڵاوی هەبوو، ئەگەر بیویستبا دەیتوانی تا ئاستی وەکالەتو وەزارەتیش بڕوا. بەڵام پیشەی رۆژنامەنووسی، ئەویش لەسەر بناغەی هەقوێژیو ڕاستبێژی بە هیچ پۆستو مەقامێك نەگۆڕییەوە. "پوور والی" رێبازی "روزگار نو"ی لە دوو رستە یا دوو دەستەواژەدا دیاری کردبوو: یەکیان رستەیەك بوو کە لەژێر کلیشەی ناوی گۆڤارەکەدا بەرچاو دەکەوت: "ئەم گۆڤارە لە خزمەت ئازادیو مافی حاکمییەتی میللەتی ئێران دایە".دەستەواژەکەی دیکەش ئەمە بوو: "لەم گۆڤارەدا، نە فرۆفیشاڵ ڕێگەی هەیە، نە کاسەلێسیو زمان شڕی جێگەی هەیە، نە دوو ڕوویی و ڕیاو درۆ پێگەی هەیە. هەربۆیە پیتە ڕەشەکانی لەبەرامبەر خوێنەراندا هەموو کات هەست بە روو سووری دەکەن".

ئاغای پوور والی کە بە هەق نازناوی "پیری رۆژنامەنووسانی ئێران"ی پێدرابوو، توانیبووی هاوکاریی دەیان شاعیرو ئەدیبو نووسەرو کەسایەتیی فەرهەنگی بۆ لای "روزگار نو" ڕابکێشێ کە هەریەك لەوان لە پێدەشتی ئەدەبیاتو رۆژنامەنووسیی ئەمڕۆو دوێنێی ئێران بە تایبەتی ئەدەبیاتو رۆژنامەنووسیی تاراوگەدا ناوێکی دیارو پڕشنگداریان هەیەو بەرهەمو نووسینەکانیان بە ڕاستی شایانی خوێندنەوەن.

***

تا ئەو کاتەی شەوەی تیرۆر، دوکتور شەرەفکەندیی نەمری لێ نەستاندبووین، یەکەم خوێنەری ژمارەی تازەی "روزگار نو" لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا ئەو بوو. دیارە هەقیش هەر ئەوە بوو کە ئەو یەکەم خوێنەری بێ. چونکە جگە لە زۆر هۆی دیکە، مرۆڤێکی بە فەرهەنگو خوێنەرێکی خاوەن زەوق، وردبینو خێرا بوو و زۆر لەو نوکتەو بیرەوەریو شێعرو زانیارییانەی کە لە "روزگار نو"ی وەردەگرتنو بە مێشکی دەسپاردن، لەجێی خۆیدا دەیکردن بە چاشنیی قسەکانی. دوای ئەو، ژمارەی تازە لەنێو نووسەرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانو رۆژنامەی "کوردستان"دا ئەم دەستو ئەودەستی دەکردو نەدەکەوتە عەرزی. هێشتا خۆمان لە خوێندنەوەی نەدەبووینەوە کە هێندێك هاوڕێی دیکە دەسەرمان دەبوون. ئێستا هەرکەس بێو چاوێك بە ژمارەکانی "روزگار نو" لە کتێبخانەی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" دابخشێنێ، هەر بە ڕواڵەتی شێواوو لە دەق کەوتوو و شڕبوویان ڕا دەزانێ، هەر بەرگێکیان دەستی دەیان خوێنەری کردوە.

بە داخەوە شەوی ٢٢ی خەرمانانی ئەمساڵ، لە پاش ٨١ سال تەمەن، لە غوربەت (لە پاریس)دا مەرگ بەرببنگی بەو ئەستێرە پڕشنگدارەی ئاسمانی نووسینو رۆژنامەنووسیی ئێران گرت. بێگومان مەرگی ئەو مرۆڤە شیرینو لەبەردڵانە، بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە نووسینەکانی ئەویان خوێندۆتەوەو خوێنەری "روزگار نو"و "بامشاد" بوون، مایەی خەمو پەژارەیە. ئێمەمانانیش کە بەهۆی "روزگار نو"ی ئەوەوە رۆژگارێکمان هەبوو و لەڕاستیدا بەو هۆیەوە خۆیو نووسینو بیرەوەریو بیرو بۆچوونەکانیمان ناسیو هەر لەو ڕێگایەشەوە لەگەڵ نووسینو بەرهەمی دەیان شاعیر، ئەدیب، نووسەرو کەسایەتیی فەرهەنگی ئاشنا بووین، بۆ مەرگی بەداخو ماتەمبارین. هەر لەوکاتەدا ڕێزو سوپاسێکی زۆر بۆ ئاغای عەلیرەزا نووریزادە کە نیگەرانیی چەندین ساڵەی "پووروالی"و زۆر لە خوێنەرانی "روزگار نو"ی ڕەواندۆتەوەو ئەرکی سەرنووسەریو لەسەر پێڕاگرتنی ئەو گۆڤارە خۆشەویستەی گرتۆتە ئەستۆ.

**اگر قـدر بزرگـان را ندانیم به زعم من نشان از بی‌کمالی است**
**اگر پرسی زمن مرد قلم کیست ترا گویم که بی‌شك پوروالی است***

*شێعری "ناصر رستگار نژاد"، کالیفرنیا، کە بە بۆنەی سەفەری ساڵی ١٣٧٨ی پوور والی بۆ ئەمریکا گوتبووی.

---

# تۆ دێیتەوە!



هاوڕێ!

ئەوا پاییزەو پێشمەرگەکان بەرەو بنکەکانیان دەگەڕێنەوە. لە سەر رێی پێشمەرگەکان وێستاوم هەتا بۆنی بەشێك لە خاکی نیشتمانەکەم بکەم کە لە پووزەوانەکانیان، لە رەختو تفەنگەکانیانو لە ئارەقەی نێوچاوانیان نیشتوە. بەر لەوەی پێشمەرگەکان بمگەنێ سروەیەك بۆنی هەورامان، بێڵەوار، چەمشار، مەیدانان، لاجان، زرێبار، سیروان، کەلۆێو گادەرم بۆ دێنێ. سروەیەك کە بێجگە لەم بۆنە پیرۆزە پەیامێکی هەموو ئەوانەی سەریان نایەوەو نەگەڕانەوە، لە هەناوی دایە.

قەرار بوو لە سەروبەندی گەڕانەوەی پێشمەرگەکان دا تۆیش بێیتەوەو گشتمان بە خۆتو هەواڵە خۆشەکانت شاد بکەی. ئەوا پێشمەرگەکان گەڕانەوەو تۆ دیار نی. سەر هەڵدەبڕم. سەر هەڵدەبڕمو دەڕوانمە ئەو رێگایەی لە کاتی داگەڕانی پێشمەرگەکان لە چیاکان، لە کاتی دەست پێکردنەوەی وەرزی توندوتیژ بوونەوەی بەرەنگاریی پێشمەرگەکان دا گرتتەبەر. دەڕوانمە رێگای مەکۆی تێکۆشانی ئەم هاوینەت.

روانیم، هەرچەند روانیم هەر دەرنەکەوتی. پێشمەرگە هەموو گەڕانەوە، رەختەکانیان کردەوەو لێم وەدیار نەکەوتی. لەبەر خۆمەوە گوتم: حەتمەن تۆیش دێیتەوەو قەڵەمەکەت دادەنێیت تا ساتێك بحەسێیەوە. تا ئەوسا لە نووکی قەڵەمی حەق بێژتەوەو بە زمانی بەڕاستیی فێرت، هومێدێکی نوێ بڕژێنیە نێو دەمارەکانی شۆڕش. هەر روانیم کەچی هەر نەهاتیەوە. سامێك دایگرتم. وەك شێت کەوتمە پرسیار کردن لە پێشمەرگە، لە بەفری قەندیل، لە مناڵە هەژارە دەسفرۆشەکانی قەراخ جادە، لە شوانێکی پیری نیگاسڕ، لە داربەڕوو و دارەبەن، کەچی هەموو بێدەنگ لێمیان دەڕوانی. زانیم شتێك بووە. تەنیا سروەیەك بوو و بەس کە بۆی فرمێسکی ئەو کێوانەی لەگەڵ خۆی دێنا.

هاوڕێ!

وا پاییزەو کەچی هێشتا چاوەڕوانم. با گیازەردبێو گەڵا بوەرێ، با باڵندەکان کۆچ بکەن، با بەفرو سەرما وڵات داگرێتەوە، لە نێو دڵی من دا هەر بەهارەو دڵنیام کە تۆ دەگەڕێیتەوە. تۆ دێیتەوە. لەگەڵ هەڵکوتانی پێشمەرگەکان بۆ سەر دوژمن، لەگەڵ راپەڕینی خەڵك، لەگەڵ شکانی دەرگای پۆڵایینی زیندان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی سروودی منداڵە چاوەڕوانەکان، لەگەڵ بزەی سەرلێوی دایكو خوشکە دڵسوتاو و پشت چەماوەکان، لەگەڵ قرمژنی سەرکەوتنی چەکی پێشمەرگە، دەگەڕێیتەوە، دەگەڕێیتەوە،

سیروان ـ رەزبەری ١٣٧١

---

# بڵاو بوونەوەی سیدییەك لەژێر ناوی "جوامێر"دا



بەشی فیلمی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی ئامادە کردنو بەرهەمهێنانی زنجیرەیەك فیلمو CDی تەبلیغاتیدا، "سی.دی"یەکی تازەی لە ژێر ناوی "جوامێر"دا، بە بۆنەی دە ساڵەی شەهید بوونی سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور سادق شەرەفکەندییەوە، ئامادەو بڵاو کردۆتەوە.

لەم "سی.دی"یە تازەیەدا وێڕای کورتەیەك لەبارەی جینایەتی ١٧ی سێپتامبری ریستورانی میکونووسو بڕیاری دادگای بێرلین لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانیدا، ژیاننامەی دوکتور شەرەفکەندی تۆمار کراوە. چەندین دیمەن لە تێکۆشانو ژیانی خەباتگێڕانەی دوکتور سەعید لە کوردستانو دەرەوەی وڵاتیش لەو "سی.دی"یەدا بەرچاو دەکەون. هەروەها لەگەڵ گوڵبژێرێك لە وتەکانی دوکتور شەرەفکەندی بە دەنگی خۆی، بیروڕای چەندین کەسایەتیی حیزبیو دۆستی حیزب لە بارەی شەخسییەتو ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندییەوە، سەرنج ڕادەکێشن. بەڕێزان دوکتور مەحموود عوسمان، دوکتور کەندال نەزان، دوکتور عەلیرەزا نووریزادە، ئاغای ڕەزا مەرزبان لەو کەسایەتییانەی دۆستی حیزبن کە لەسەر دوکتور شەرەفکەندی دەدوێن.

دەستخۆش بە هاوڕێیانی بەشی فیلم دەڵێینو هیوادارین کە ئەم "سی.دی"یە بە زوویی بگاتە دەست هەموو ئۆگران.

---

# کۆپلەیەك لە پەیامی دوکتور شەرەفکەندی بۆ خەڵکی کوردستان بە دەسخەتی خۆی (گەلاوێژی ١٣٦٨)

